دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی و
سەرنووسەر
اسماعیل رسول

شەقامی الجمهوریة
مەیدانی الغلانی
ت ٥/٨٨٧٥٧٩٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی
هەفتانەیە
١٠ لاپەڕە
٢٥ فلسە

دەبێت رۆژنامەنووس بزانێت بۆچی دەنووسێت و بەچی لایەنێدا ، گرنگترین لەمەو بەکورتی شتێکی نوێ بهێنێتە کایەوە و بە گیانێکی نوێ بوونەوەوە بنوسێت .
سەرۆکی فەرمانده
صدام حسین

● دووشەممە ١٦ی حوزەیران ١٩٨٠ ژمارە ٥٣٠ ●

● الاثنین ١٦ حزیران ١٩٨٠ العدد ٥٣٠ ●

سەرۆکی فەرمانده سەرلە دەزگای رۆژنامەنووسی و بڵاوکردنەوەی «الثورة» دەدات



سەرۆکی فەرمانده سەرلە دەزگای رۆژنامەنووسی و بڵاوکردنەوەی «الثورة» دەدات

بەرپرسی بەرزی نووسینی رۆژنامەکە پێشکەشیان کرد .

سەرۆکی فەرمانده صدام حسین ئێوارەی رۆژی شەممەی ڕابوردوو سەری لە دەزگای رۆژنامەنووسی و بڵاوکردنەوەی «الثورة» دا .

سەرۆکی بەڕێز لە کاتی گەڕانیدا بە ناو بەشەکانی رۆژنامەنووسی رۆژنامەی « الثورة » دا تەماشای سروشتی کاروبارو ئەرکەکانی کرد لە تیشکدانەوەی وێنەی راستەقینەی ئەو ڕاپەڕینە سەرتاپاگیرەی لە بواری ناوخۆو دەرەوەدا وولاتەکەمان بە خۆوەی دەبینێت .

سەرۆکی بەڕێز گوێی لەڕاڤە کردنێك گرت سەبارەت بە چۆنیەتی گەیشتنی دەنگوباس لە سەرچاوەکانیەوە بۆ ناوەڕۆی بڵاو کردنەوەیان و چۆنیەتی باس کردنی چالاکی یەکانی دەزگاو کەرتەکانی دەوڵەت و ڕێکخراوە پیشەیی و میللی یەکان کە بەڕێز هانی وهیب بەڕێوەبەری گشتی دەزگاکەو جێگری سەرۆکی نووسینی رۆژنامەکە ((الثورة)) و هەردوو بەڕێوەبەری نووسینی رۆژنامەکە پێشکەشیان کرد .

سەرۆکی بەڕێز صدام حسین پیرۆزبایی لە کارگێرانی رۆژنامەکە کرد بە هۆی ئەوانیشەوە خێزانی رۆژنامەنووسی لە وولاتدا بە بۆنەی سەدو یازدەهەمین جەژنی رۆژنامەنووسی عیراقەوەو بەڕێزی ئامۆژگاری و رێنوێنی خۆیی کارگێرانی رۆژنامەکە پیشان دا سەبارەت بە پەرەپێدانی کاری رۆژنامەنووسی و وا لێ کردنی دەوری خۆی لەم قۆناغەی مێژووی نەتەوەی عەرەبماندا بە باشی بگێڕێت و ئەوانە بەرەو پێشەوە ببات کە پێداویستی یەکانی درووست کردنی رۆژنامەنووسی پەرە سەندوو پێویستیان پێیەتی .

سەرۆکی بەڕێز دووپاتی ئەوەی کردەوە کە پێویستە رۆژنامەنووسەکان لە نووسینەکانیاندا نەفەس درێژ بن و لە ئەوەوە دەستپێ بکات و دەری بهێنێت .

ئەمەو سەرۆکی بەڕێز داوای لە دەزگاکانی دەوڵەت کرد هاریکاری لە گەڵ نوێنەرانی ئاژانسی دەنگوباسی عیراق و رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بکەن بە شێوەیەکی فراوانو سەرتاپاگیرو بە گیانێکی پتر پەرەسەندووەوەو ئاسان کردنی وەرگرتن و دەرچوونی زانیاری و دەنگوباس لە سەرچاوەکانیەوە بۆ ئاوەڕۆی بڵاو کردنەوەی لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا و بە هۆی دەزگاکانی تری ڕاگەیاندنەوە .

سەرۆکی بەڕێز لە کۆتایی سەردانەکەیدا بۆ دەزگاکە لە لایەن بەڕێز هانی وهیب بەڕێوەبەری گشتی دەزگاکەو جێگری سەرۆکی نووسینی رۆژنامەی (الثورة) و کارگێرانی رۆژنامەی (الثورة) کە بەڵێنیان بۆ بەڕێزی نوێ کردەوە پێنووسەکانیان بۆ خزمەت کردنی شۆڕش و ئامانجەکانی و وەدی هێنانی بنیاتنانی کۆمەڵگای وبستراو بخەنە کار ، بەڕێ کرا .

● ئێران :

کوردەکان ژمارەیەك سەرکردەی پاسەوانی خومەینی وژەندرمە گیر دەڵێنین

ئەمە چەند رۆژێکە کوردەکان تا ئێستا کۆمەڵێك سەرکردەی پاسەوانی خومەینی ڕەگەزپەرست و ژمارەیەك لە جەندرمەکانیان لە شاری ماکۆدا گیرهێناوەو ئابلۆقە داوە کە دەکەوێتە نارچەی کوردستانی ئێرانەوە.

ئەوەبوو ڕادیۆی فارسەکان لە تاران رۆژی هەینی ڕابوردوو ووتی ئەم ئابلۆقەدانو گیرهێنانە دوای ئەو پێکداپڕژانە توند وتیژانە بوو کە هەفتەی ڕابوردوو ناوچەکە بە خۆیەوەی دیتووە لە نێوان هاوولاتی یەکوردەکانو پاسەوانی ڕەگەزپەرستو جەندرمەکانی فارسدا .. لە لایەکی تریشەوە هەموو دوکانو کۆگا بازرگانی یەکان لە ژمارەیەکی زۆری ناوچەکانی ئێران تا هەبنی ی ڕابوردوو بۆ دووهەمین رۆژ داخرابوون ئەویش بۆ ناڕەزایی دەربڕین دژی پەبڕەوی دوژمنکارانەی دەستەڵاتی خومەینی دەربارەی هەواو ئاواتو بەداویستی یەکانی گەلانی ئێران .

● ددان پێدانان

سەرۆکی رژیمی فارس ابو الحسن بنی صدر ددانی بەوەدا نا کە لەم دوایەیەدا نرخی شتەکان لە سەددا پەنجا زیادی کردووە ئەویش بە هۆی نەبوونی ئاسایش و کەرەستەی خاوەوە .

لە ووتەیەکدا کە ئاژانسی دەنگو باسی رژێمەکەی بڵاوی کردەوە ووتی ئەم رژێڕەیە گەیشتووەتە رادەیەکی ترسێنەر و هێشتاکەو بە شێوەیەکی خێرا لە بەرزبوونەوەی بەردەوامدایە .

بنی صدر بۆ ئەوەیش بیری چروە کە رژێڕەی بەرزبوونەی نرخەکان بگاتە ٧٠ لە سەد ددانیش بەوەدا نا کە رژێمەکەی ناتوانێت ئەم دیاردەیە ترسناکە وابوەستێنێت و هەرەشەی کرد وەکوو رژێمەکەی وایە کە هێز بەکاربهێنێت بۆ جارەسەرکردنی تەنگو چەڵەمەکە .

ئاژانسی یۆنایتدپریس فسەی داوەتە پاڵ چەند فەرمانڕەوایەکی ئێران کە پێشنیاریان کردووە صادق خەلخالی تەنگو چەڵەمەکە بە هۆی دادگا گەڕێکەکەیەوە چارەسەر بکات کە خوکمی خنکاندن دەردەکات و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا جێبەجێ دەکرێت .

هەروەها بنی صدر ددانی بەوەدا نا کە مەلبەندی هێزەکان هێشتاکە لەناو خۆیاندا بەربەرەکانێ دەکەن و هێرشی بردە سەر ئەو کەسانەی بەرەنگاری دەستەڵاتی دەبنەوەو دووپاتی ئەوەی کردەوە بەردەوام بوونی نەبوونی ئاسایش واتای بەردەوام بوونی هەرەس هێنانی ئابووری ی ئێران دەگەیەنێت .

بنی صدر دەربارەی نەمانی هەندێك کەرەستەی پێویستی ی گوزەران دوواو ووتی هاوولاتی یەکان وایان لێ هاتووە ئەو کەرەستانە لە ماڵدا کۆدەکەنەوەو هەڵی دەگرن و لەو باوەڕەدان کە لەساوەی دوو مانگی ئایندەدا کوودەتایەك ئەم رژێمی ئێستایە لەسەر کار لادەبات .

ووتەی هاوکاری

رۆژی رۆژنامەنووسی عیراق

دوێنی یازدەی حوزەیران بوو ڕۆژی رۆژنامەنووسی ی عیراق کە رۆژنامەنووسەکان ناهەنگ بە بۆنەی سەدو یازدەهەمین ساڵەی دامەزراندنی رۆژنامەی عیراقیەوە لە وولاتەکەماندا دەگێڕن ، لە نیشتمانەکەمانداو لە سێبەری مەفهوومی دیموکراتی یانەو لە نێو دەستکەوتی مەزنی پشتگیری کردنی بێسنووردا لە لایەن سەرکردایەتی ی حزبو شۆڕشەوەو لە سێبەری ئەرکی نوێداو لە بواری نیشتمانی و نەتەوەیی دا بۆ خزمەتی ئامانجە بەرزەکانمان کە وا لە پێنووس گراوە وەکوو ئامرازێکی کاریگەر بەشداری ی قۆناغی بنیاتنانی سۆشیالیستی ی دیموکراتیانەی پێبکرێت کە وولاتەکەمان بە خۆوەی دەبینێتو ، وەکوو چەکێك لە ڕووی هەموو دوژمنەکاندا لە ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو تایەفەگەری ی کینە لە سك ، بەرز بکرێتەوە .

لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی تەموزەوە بە سەرکردایەتی ی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست رۆژنامە نیشتمانی یەکانمان کە مێژوویەکی پڕ لە تێکۆشانیان هەیە ڕێگایەکی فراوانی پەرەسەندنو نەشو نما کردن دەبڕنو سەرکەوتنی ڕامیاری و رۆشنبیری و هونەری وەدی دەهێنێن .

ئێمەی رۆژنامەنووسان لەم بیرەوەری یە مەزنەدا لە وولاتەکەماندا بەڵێن بۆ سەرکردەی ڕێڕەوەکەمانو مامۆستای تێکۆشەرمان سەرۆك صدام حسین تازە دەکەینەوەو ئامۆژگاریەکانی هەمیشە بۆمان ببێتە چرایەکو تیشکێك نەکوژێتەوە ئەویش لە ڕێگای پەرەپێدانی کاری رۆژنامەنووسیماندا لە پێناوی خزمەت کردنی شۆڕشو پاراستنی دەستکەوتەکانی و لە مەیدانی تێکۆشانی فیکری و نیشتمانی دا .. سلاو لە هەموو کارگێڕانو برادەران .

● هاوکاری ●

سزادانی ژمارەیەك لە وحزبیانەی رەوشتیکیان بە کار هێناوە لە گەڵ رێبازی دیموکراتیانەی راستەقینەی وولاتماندا ناگونجێت

بریاری ئەوە دراوە کە چەند سزایەك بدات بەسەر هەندێك لە حزبیکاندا لە سەرکردایەتی تیپی مەداین لەبەر ئەوەی سەرپێچی یان لە رێنمایی یەکانی حزبو شۆڕش کردووە دەربارەی ڕووباگاندەی هەڵبژاردن کە ئەویش ئەوەی تەواو روون کردۆتەوە کە پەیڕەوی گیانی دیموکراتی یەتی راستەقینە بکەن بەبێ جیاوازی کردن لە نێوان کادیری پێشکەوتووی حزبو وەزیرێك لە دەوڵەتداو پالیوراوێکی سەربەخۆدا .

سزاکان بریتی بوون لە دەرکردنی کاظم جسام ئەندامی سەرکردایەتی تیپی مەداین لە حزبداو دەست بە سەردا گرتنی هەتا وەکو ماوەیەکی دیاری نەکراو ، وە دەرکردنی فخری العگیدی ئەندامی سەرکردایەتی تیپی مەداین ئەویش لە بەر ئەوەی رەوشتی لە گەڵ رێبازی دیموکراتیانەی حزبدا ناگونجێت .

هەروەك ئەو سزایانە بریتی بوون لە داشکانی پلەی حزبایەتی هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی تیپی مەداین لەبەر ئەوەی دەربارەی ئەو جۆرە کرداره نامەبدەنیانە ئاگاداریان نەکردووە کە ئەویش پێچەوانەی رێبازی سەرکردایەتی یە کە ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە هەموو ئەوانەی خۆیان هەڵبژاردووە پالیوراوی شۆڕشن و مەرج نی یە کە فەرقو جیایان لە ناودا بکرێت .

سەرکوتانەوەی هەوڵێکی ئەلقەلەگونیکانی رژێمی فارس

دەستەیەکی ئەلقە لە گوێی رژێمی دواکەوتووی فارس کە پشتیان لە خاکی نیشتمانو عەرەبایەتی کردو خۆیان بەئیمپریالیزمو کۆنەپەرستان فرۆشت رۆژی هەینی ی رابوردوو چەند تەقەمەنی یەکیان لە ژمارەیەك لە سینەماکانی بەغدادا دانا .

ئەوەبوو دەزگاکانی ئاسایش لەگەڵ هاوکاری و وورایی جەماوەری هۆشیارماندا ئەو تەقەمەنی یانەیان بەتاڵ کردەوە کە خرابوونە سینەمای حەمراو غرناتەو میامی و ئەعزەمیەو بەغدا ، یەکێکیان نەبێت لە سینەمای حەمرادا تەقی یەوە بەڵام هیچ زیانو زەرەری نەگەیاندووە .

دوو بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش بڕیاری دا دەستەی باڵای سەرپەرشتی کەری هەڵبژاردن لە وڵاتدا ئەو ڕێنوێنی‌یانە دەربکات کە کات‌و شێوازی دەنگدانی هاووڵاتی‌و مووچە خۆران دیاری دەکەن ئەوانەی وا پێویست دەکات لە ڕۆژی هەڵبژاردن‌دا لە سەر کاروبارەکانیان بن ..

ئەمەیش دەقی بڕیارەکەیە ..

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش
ژمارەی بڕیار ٩٢١
ڕۆژی بڕیار ١٠-٦-١٩٨٠

بەپێی دەستەڵاتی بڕگە (ا)ی مادەی چل‌ودووی دەستوری کاتی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٠-٦-١٩٨٠ بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا ..

١ - دەستەی باڵای سەرپەرشتی‌کەری هەڵبژاردن لە وڵاتدا ڕێنوێنی دەربکات تایبەتا کات‌و شێوازی دەنگدانی هاووڵاتیان دیاری بکات ئەوانەی کە بە کاروبار ڕادەسپێردرێن پەیوەندی‌ی بە هەڵبژاردنەوە بێت‌و مووچە خۆرانی دامودەزگاکانی تر ئەوانەی وا پێویست دەکات لە بارەگای کاروبارەکانیان‌دا ڕۆژی هەڵبژاردن ئامادە بن .

٢ - سەرۆکی دەستەی باڵاو لایەنە پەیوەندارەکانی تر ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن .

صدام حسین
سەرۆکی ئەنجوومەنی
سەرکردایەتی‌ی شۆڕش

هەروەها ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش بڕیاری‌دا پاڵاوتنی ژمارەیەك لەو بەڕێزانە قبوول بکات سکاڵایان لەوە کردوو ناویان لە لیستەی پاڵاوتنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی لە ناوچەی هەڵبژاردنی خۆیان‌دا لادراوە ئەویش بە گوێرەی بڕگەی دووەمی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانی .

ئەمە بەڕێز صادق عبدالجبار سکرتێری دەستەی باڵای سەرپەرشتی‌کەری هەڵبژاردن لە وڵات بۆ ئاژانسی دەنگ‌وباسی عیراق ڕابگەیاندووە .

هەروەها ووتی دەستەی باڵای سەرپەرشتی‌کەری هەڵبژاردن ئەوە بوو بڕیاری دا ناوی هەندێك لە پاڵێوراوەکان لە میستەی‌پاڵاوتن‌دا لا بدات بە گوێرەی ئەو دەستەڵاتەی بەپێی بڕگەی یەکەمی مادەی (١٨) ی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانی پێی‌داوە .

هەروەها ووتی یاساکە مافی بەو کەسە داوە کە ناوی لە لیستەی پاڵێوراوەکان‌دا لە لایەن دەستەی سەرپەرشتی‌کەرەوە لا ببرێت بۆی هەیە لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە ڕۆژی ئاگادار کردنیەوە ناڕەزایی خۆی لەلای ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش دەربڕێت بۆیە ژمارەیەکیان داخوازی ناڕەزایی بوونیان پێشکەش کردبوو ئەوە بوو دوای لێکۆڵینەوەی داخوازیەکانیان سەر لە نوێ پاڵاوتنیان بۆ ناوچەکانی هەڵبژاردنیان وەرگیرا .

ئەمەیش ناوی ئەو بەڕێزانەیە پاڵاوتنیان قبوول کراوە ..

١ - عبدالعزیز حسن رحیم الجبوری، پارێزگای بەغدا - دەیەم ناوچەی هەڵبژاردن .
٢ - فوزی علی حسین جاف - پارێزگای بەغدا- دووەم ناوچەی هەڵبژاردن .
٣ - مزهر شبیب علی الجبوری - پارێزگای بەغدا - شەشەم ناوچەی هەڵبژاردن .
٤ - بشیر جمیل علی الخالدی - پارێزگای بەغدا - دووەم ناوچەی هەڵبژاردن .
٥ - محفوظ احمد محمود محفوظ - پارێزگای بەسرە - چوارەم ناوچەی هەڵبژاردن .
٦ - عبدالحمید ذیاب، الخریبط ، پارێزگای ئەنبار - دووەم ناوچەی هەڵبژاردن .
٧ - توفیق یوسف مرسی فرحات ، پارێزگای نەینەوا - پێنجەم ناوچەی هەڵبژاردن .
٨ - صالح محمد اللطه ، پارێزگای نەینەوا - پێنجەم ناوچەی هەڵبژاردن .
٩ - وهیب محمد یونس عبدالله ، پارێزگای نەینەوا - پێنجەم ناوچەی هەڵبژاردن .
١٠ - یونس مصطفی سلطان ، پارێزگای نەینەوا - چوارەم ناوچەی هەڵبژاردن .
١١ - نوزاد کاکە محمود ، پارێزگای هەولێر - دووەم ناوچەی هەڵبژاردن .

کورتە لە وڵات

پرۆژەی پەروەردەیی لە هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی‌ی حوکمی ناوخۆیی لە پارێزگای هەولێر بەڵێنی دروست کردنی ژمارەیەك پرۆژەی جۆراوجۆری لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی پارێزگاکەدا بە ئۆنتەراتچی‌یەکان داو کە ٣٣٤ هەزارو ٣٤٤ دیناریان تێ‌دەچێت .

ئەم پرۆژانە بریتین لە قوتابخانەیەکی ناوەندی‌و دوو هۆڵی قوتابخانەیی لە شاری هەولێرو قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە گوندی پیردارەو ١٢ خانوو لە ناحیە قوشتەپەو صلاح‌الدین‌و مەلبەندێکی تەندروستی لقی لە گەڵ خانوویەکدا لە گوندی کمیتلی .

سەرەڕای مەخفەرێکی پۆلیس لە گوندی هەنجیرۆك .

بڕوانە ل : ٧

ڕۆژی ٢١ی حوزەیرانی ڕۆژی پشوودانی ڕەسمی‌یە

بڕیار درا ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ٢١ی حوزەیرانی ئێستا لە هەموو لایەکی وڵات‌دا پشوودانی ڕەسمی بێت ئەویش بۆ ئاسان کردنی هات‌و چۆ کردنی هەڵبژێرەرەکان لە پارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی تر بۆ بەشداری کردنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی لە بیستی ئەم مانگەدا .

ئەوە لە بڵاو کراوەیەکدا هاتووە کە سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری دەری کردووە ئەمە دەقی تەواویەتی ..

بڕیار درا ڕۆژی شەممە ٢١-٦-١٩٨٠ کە ڕۆژێکی پاش ڕۆژی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی‌یە پشوودانی ڕەسمی بێت لە هەموو لایەکی کۆماری عیراق‌دا لە گەڵ ڕێزدا .

عەقید روکن
طارق حمد العبدالله
سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی‌ی کۆماری
بە وکالەت

لە ژێر چاودێری‌ی سەرۆکی فەرماندەدا

ئاهەنگێك بە بۆنەی بیرەوەری ئیسراو میعراجەوە لە سلێمانی

بەچاودێری‌ی سەرۆکی فەرمانده صدام حسین لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی‌ئێوارەی ڕۆژی سێ شەممەی ڕابوردوو ئاهەنگێك بەبۆنەی‌بیرەوەری‌ی ئیسراو میعراجەوە ساز کرا .

لە جیاتی‌ی سەرۆکی ڕەڕێز ، بەڕێز نوری فیصل الشاهر وەزیری ئەوقاف‌و کاروباری ئایینی ئامادەی ئاهەنگەکە ببوو .

وەزیری بەڕێز لە ئاهەنگەکەدا ووتەیەکی خوێندەوە لە سەرەتایدا سلاوی سەرۆکی بەڕێز صدام حسین‌ی بە ئامادە بووان ڕاگەیاندو ئاواتخواستنی سەرکەوتن‌و کامەرانی‌ی بۆ نەتەوەی عەرەب‌و جیهانی ئیسلامی بەم بۆنەیە پیرۆزە پێ گەیاندن .

ووتیشی بیرەوەری‌ی ئیسراو میعراج یەکێکە لەو بۆنە مەزن‌و گرنگانە لە ژیانی موسڵمانان‌دا لەبەر ئەوە یەندو ئامۆژگاری‌یە زۆرانەی تێیدایە هەروەها بەو چەشنە بووە لە ژیانی پێغەمبەر درودی خوای لێ‌بێت لە گەڵ ئەسحابەکان‌دا ئەوانەی یەکەمین جار باوەڕیان هێناوە هەموو درودی خوای لێ‌بێت .

هەروەها ووتی لە شەوێکی وەك ئەم شەوە پیرۆزەی مانگی ڕەجەبی حەرام لە ماوەیەکی کەمدا لە ڕووی پێشکەوتنیەوە بێتە ناوچەیەك پەنجەی بۆ ڕابدێرێ . بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستەش وا هەوڵێکی زۆر دەدرێ بە هاوکاری لەگەڵ دەزگا جۆربەجۆرەکانی ئۆتۆنۆمیدا کە چی‌پێویستە چ لە بارەی دروست‌کردنی خانووبەرەیەکی زۆر بۆ هاونیشتمانی‌یان‌و زەوی دابەش‌کردن بەسەریانداو چ لە بارەی کردنەوەی قوتابخانە هەمە جۆرەکان‌و دەزگا پێویستی‌یەکانی تردا ، چ لە ڕووی بابەخدان بە گشتوکاڵ‌کردن‌و ڕەخساندنی دۆخ‌وبارێکی ئەوتۆ لە بەردەم حەتیارانی کوردستاندا کە شەرەفی بەرهەمهێنانی بەروبومە پێویستی‌یەکانی گەل لە ئەستۆبگرن .. ئەمە جگە لەوەی کە شۆڕش بەیتا بەیتا نەخشە دەکێشێ بۆ کردنەوەی دەیان کارگەو پرۆژەی جۆر بە جۆری ئەوتۆ کە سوودێکی گەورە بە دانیشتوانی ناوچەکە بگەیەنێ .

ئابێ ئەوەش بشارینەوە کە ئەم هەوڵ‌و تەقەلادانەش هەروا بە ئاسانی پێوستی‌و ناوچەکە مەبەستەکانی دانیشتوانی بەجێ‌ناهێنێ‌و بگرە لەوانەیە بەر لە زیاتر لە هەزارو (٤٠) ساڵ خوای گەورەو بە توانا حەزی کرد بەندەو پێغەمبەری خۆی محمد (د) لە مزگەوتی حەرامەوە لە مکەی مکرمە ببات بۆ مزگەوتی اقصی لە قودسی شەریف ..

ئەم ڕووداوە پیرۆزو بەخششە مەزنەی خودا جەندین واتاو ئامانجو دەنگدانەوەی گەورەو کارتێکردنی کاریگەری لە دەروونی پێغەمبەری مەزن‌و هاوەڵەکانی‌دا هەبوو ئەوانەی هەر لە سەرەتاوە موسوڵمان بوون ..

وەزیری بەڕێز لە ووتەکەیدا دارای ئەوەی کرد ئەو ڕێگاو هۆیانە بگیرێنە بەر وا لە موسوڵمانان دەکەن بتوانن قودس ڕزگار بکەن .. دورپاتی ئەوەی کردەوە کە ئەو جیهادەی ئیسلام داوای کردووە باشترین ڕێگای وەدی‌هێنانی ئەم ئامانجەیە .

پاش ئەوە چەند ووتارو هۆنراوە خوێنرانەوە ستایشی ئەم بۆنەیە پیرۆزەیان دەکرد سەرەڕای کاریگەری‌ی لە چەسپاندنی ڕێرەوی ئیسلام‌دا .

هەروەها ستایشی ئەو بابەخ‌و پێدانە مەزنانەیان دەکرد کە لە لایەن سەرکردایەتی‌ی حزب‌و شۆڕشەوە لە سەرووی هەموویشەوە سەرۆکی فەرمانده صدام حسین بەکاروباری ئایینی‌ی وڵات دەدەن .

لە دایك بوونی ئەنجومەنی نیشتمانی چەسپاندنی ڕێرەوی شۆڕشە

بکر محمود رسول پشدەری

لەم ڕۆژانەدا گەلی عیراق پێ‌دەنێتە قۆناخێکی تازەوە کە لە ڕووی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌یەوە گۆڕانێکی گەلێ پێشکەوتووو بەرەوپێشەوەی بێود دیارەو گەلی عیراق دەخاتە بەر ئەرك‌و ئۆباڵێکی ئەوتۆوە کە ڕاستەوخۆ بە ئەوپەڕی چالاکی‌یەوە بەشداری لە بەهێزکردنی ڕێرەوو ڕەوتی شۆڕش بکاو چاکی ئازایەتی‌و داسۆزی‌یەتی لێ‌بەلادابکا بۆ پێشخستنی کرداری پەرەسەندنی نیشتمانی ، ئەمیش لەڕێگای لەدایك‌بوونی ئەو ئەنجوومەنە نیشتمانی‌یەوە کە ساڵانێکی زۆرە ئەم گەلە خەباتکەرە بێ‌وچان لە پێناویدا تێدەکۆشێ ٠٠٠و تا بە ئەوپەڕی ئاواتی دەزانێ کە ڕۆژی لە ڕۆژان ئەم ڕوخسارە دیموکراتی‌یە بەچاوی خۆی ببینێ ..

وا ئێستا بەهۆی گیانی بەباوەڕو مرۆڤایەتی‌یانەی حزبی سەرکردە - حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست‌و سەرۆکە قارەمانەکەی صدام حسین وە بەو پەڕی دڵنیایی‌یەوە نوتنەرانی خۆی هەڵدەبژێرێ بێگومان ئەم هەنگاوە نوێ‌یەش کە سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش نای کارێکی ئەوتۆ دەکا کە لە مەودوا هەنگاوەکانی تری پێشووی وەك چارەسەرکردنی مەسەلەی کشتوکاڵسازی‌و میللی‌کردنی نەوت‌و حوکمی ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەی کوردستان‌و بەرەی نیشتمانی‌و لەناوبردنی نەخوێندەواری‌و هەموو هەنگاوەکانی تریش زیاتر لە ماوەیەکی کەمدا لە ڕووی پێشکەوتنیەوە ببێتە ناوچەیەك پەنجەی بۆ ڕابدێرێ . بۆ گەلی کۆسپ هەبن کە هەوڵ‌و تەقەلاو پشتگیری‌یەکی زیاتریان پێ‌دەوێ بۆ تەخت‌کردنیان‌و وەك دەشزانرێ ڕێگای تێکۆشان بە گوڵ‌و ڕیحانە نەڕازاوەتەوەو بەلکو دەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانج هەوڵی بێ‌وچانی بۆ بدرێ .. بەڵام هەرچۆنێ‌بێ ئەم کۆسپانەی ئێستا دێنە ڕێگامان گەلێ بچووکترو کەم بایەختران لەو کۆسپانەی کە ساڵانی ڕابوردوو دەهاتنەڕێگامان ..

وەك دەشزانین شۆڕش سەدان دێهاتی نوێ‌و تازەی بۆ جوتیارانمان دروست‌کردووەو هەموو پێویستی‌یەکی شارستانیشی وەك قوتابخانەو خەستەخانەو ئاوو کارەباو دەزگاکانی تری تێدا سازکردن‌و وا ئێستا نەخشە بۆ ئەوەش دەکێشێ کە لە ڕوویەکی ڕاست‌و زانستی‌و ئابووری‌یانەوە کێڵگای هەرەوەزی بۆ کشتوکاڵ‌کردن‌و بەروەردەکردنی مەروماڵات‌و بەلەوەڕ لەم دێهاتانەدا بێنرێتەکایەوەو ئۆباڵی زامن‌کردنی پێویستی‌یە کشتوکاڵی‌و مەروماڵاتیەکانی بدرێتە ئەستۆ . ئەمەش بێگومان دەروازەیەکی فراوانتر بۆ گەشەسەندن‌و پێشکەوتنی ناوچەکە دەکاتەوەو ئومێدیش دەکرێ کە گەلێ لەوە زیاتر چی پێویست‌بێ‌و چی دانیشتوان بەختەوەربکا هەوڵی بۆ بدرێ‌و بە هاوکاری کردنی گەل‌و سەرکردایەتی‌یەکەی هەموو مەبەستێك بەدی‌بهێنرێ .

ئابێ ئەوەش لەبیربکەین کە پێشکەوتنی عیراق بەندە بە هاوکاری‌و پشتگیری‌کردنی ڕۆڵەکانیەوە واتە بەندە بە بەهێنکردن‌و پتەوکردنی برایەتی نەتەوەی عەرەب‌و کوردو هەموو کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌و ئایینی‌یەکانەوە ، هەر ئەم برایەتی‌و کۆمەك بە یەك‌کردن‌و یاڵدانەیەکەش بووە کە لە ڕۆژانی خۆیدا سەری لە دوژمنان شێواندووەو ئیمپریالیزم‌و دەست‌و پێوندەکانی بەزاندووەو نەیانتوانیوە شکستی‌ی بەم وڵاتەو گەلە قارەمانەکەی وڵاتەو گەلە قارەمانەکەی بهێنن ، ئا ئێستاش کە دوژمنان زیاتر لە جاران چاویان بڕیوەتە وڵاتەکەمان‌و لە دەلاقەیەك دەگەڕێن کە بکەوێتە نێوانماوە تا لێ‌یەوە بێنە ژوورو بە مەبەستی شەڕانی خۆیان بگەن . .دەبێ ئێمەش زیاتر چاو ببرینە ئەوەی کە بەرەی ناوخۆمان بەهێزبکەین‌و تێ‌بکۆشین بۆ چارەسەرکردنی هەموو هەڵەو کەم‌و کوڕی‌و ناتەواوی‌یەك کە لە ژیانی

بڕوانە ل : ٧

سەرانسەری پارێزگای سلێمانی چاوەڕوانی ڕۆژی ٢٠/٦/١٩٨٠ بۆ هەڵبژاردن

لەهەموو سەرانسەری پارێزگای سلێمانیدا بەهەموو فەزاو ناحیەو دێهاتەکانی‌یەوە لە هاتوچۆو ئیشوکاری خۆ ئامادە کردندان هەر لایەنەو هەردایەرەو هەر ڕێکخراوە بەگوێرەی ڕێگاو شوێنی خۆی لە ناو کۆمەڵدا هەوڵێ دلسۆزانەی خۆیان ئەدەن بۆ هێنانە کایەی باشترین باری هەڵبژاردن‌و هاوبەشی کردنی ئەو هەڵبژاردنەی کە بۆ یەکەم جارە لە مێژووی گەلێ عێراقیدا ئەکرێت ، هەمووان زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ڕۆژی ٢٠ی حوزەیران ئەکەن کە بە گوێرەی بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش ڕۆژی هەڵبژاردنە لە هەموو وڵاتدا ، لە سەر شەقامەکاندا قەرەباڵغی‌و حەلکێکی زۆر ڕاوەستاون‌و سەیری ئەو لەوحانە ئەکەن کە ناوی ئەو کەسانەیان تیایە کە هاوبەشی هەڵبژاردنەکە ئەکەن‌و هەم دبسان زۆر بە پەرۆشەوە سەیری ناوی ئەو کەسانە ئەکەن،کە خۆیان هەڵبژاردووە بۆ نوێنەرایەتی گەل . لە هەموو جێگایەکدا ، لە ناو ماڵ‌و دەرەوەو چاخانەو سەر جادەکان‌و پیاسە کردندا باس هەر باسی هەڵبژاردنەو خەلکی زۆر تامەزرۆی ئەم ڕۆژەن کە بۆ یەکەم جارە لە ژیانیاندا ئەیبینن‌و بۆ یەکەمجارە کە ئەتوانن خۆیان نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی .

● بۆ زیاتر شارەزا بوون‌و زانینی شێوەی ڕاستی چۆنی‌یەتی خۆ ئامادە کردن بۆ ئەم کارە پیرۆزە لە سەرانسەری پارێزگای سلێمانیدا چوینە لای بەڕێز جعفر عبدالکریم حسین جێگری پارێزگاری سلیمانی‌و کە چوینە لای دیار بوو گەلێك ماندوی ئیشوکاری خۆ ئامادە کردن‌و سەرپارشتی ئیشوکاری هەڵبژاردن بوو ، خەریکی چاودێری ئەو لیژنانە بوو کە بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردن دانراوون‌و خۆی لە سەرەتادا دەستی کرد بە قسە کردن‌و وتی :-

× ئێوە خۆتان وەکو ڕۆژنامەنووسێك ئەتوانن خۆبەخۆتان ڕاستەوخۆ سەر بدەن لەو ئیشوکارانەی کە بەنیازی خۆ ئامادە کردن بۆ ڕۆژی هەڵبژاردن کردومان‌و ئێمە لە هەموو کنو قوژبنێکی ئەم پارێزگایەدا هەموو جۆرە پێداریستیەکی ئەم کارە پیرۆزەمان ئامادە کردووە لە قەزاو ناحیەو دیهاتەکاندا هیچمان نەماوە تەواوی نەکەین‌و ئێمە گەلێك دڵخۆش‌و شادماین بەیارمەتی دانی خەلکی‌و یەکگرتنی هەموو لایەنە لێ‌پرسراوەکانی ئەم گەلە بۆ سەرخستنی ئەم مەسەلە پیرۆزەی ژیانی ئەمرۆمان بەرەو پێشی کەوتن ، کە وا بزانم گەلێ عێراقە بەکەمجارە خۆی بە هەوەسی خۆی‌و سەر بەخۆ نوێنەری ڕاستەقینەی خۆی هەڵبژێرێ‌و یارمەتی‌و دلسۆزایەتی بۆ ئەم کارە پیرۆزە شێوەی ڕاستەقینەی هەست بە لێ‌پرسینەوەیە بۆ بەرەو پێش بردنی وڵاتەکەمان بەگوێرەی خواستی گەلەکەمان لە گەڵ بڕوای پتەودا بە بەدی هێنانی ئامانجی سەرکردایەتیمان لە یەکیەتی‌و سەربەستی‌و سۆشیالیستی‌دا .

● هەروەها بەڕێز جێداری جعفر عبدالکریم حسین پارێزگاری سلیمانی‌و کە ئەو پارێزگارە درێژەی بە قسەکانی داو وتی :-

× بە شێوەیەکی گشتی نزیکەی (٣٥٩/٦٦٧) هاوڵاتی هاوبەشی هەڵبژاردن ئەکەن کە (٥٠) مەڵبەندی هەڵبژاردنمان بۆ ئامادە کردوون‌و نزیکەی (٨٦) سندوقی تایبەتیمان بۆ دروست کردوون‌و (٧٣٠) لەوحەمان کردووە بۆ ناوی ئەو کەسانەی هاوبەشی هەڵبژاردن ئەکەن‌و لەم ڕووەوە هیچ نەماوە نەیکەین .

● دەربارەی ئامادە کردنی لیژنەکانی سەرپەرشتی هەڵبژاردن کاك جعفر وتی :-

× ئێمە زۆر دەمێکە لیژنەی سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنمان داناوەو دەورەی تایبەتیمان بۆ کردونەتەوە بۆ ئەوەی فێری ئەو جۆرە ئیشانە ببن کە لە کاتی هەڵبژاردندا ئەیکەن . گەلێ کۆری فراوانمان بۆ ساز کردوون‌و ئێستاش هەر کەسە شوێن‌و ڕێگای خۆی زۆرباش ئەزانێ‌و هەموو ئامادەی ڕۆژی هەڵبژاردنن.

● باشە کاك شیخ ئەوەی چیتان کردووە بۆ ئەوەی خەلکی دیهاتە دوورەکان بگەنە مەڵبەندەکانی هەڵبژاردن ؟

× بۆ ئەم مەبەستەکانی خۆی لیژنەی تایبەتیمان پێك هێناو بە شێوەیەکی ڕێکوپێك ئیشوکاری خۆیان کردووەو سەر ژماردنی هەموو هۆکانی گواستنەوەی حکومی‌و ئەهلیش‌یان کردووە بۆ زانینی پیویستی هۆی

حمە سعید حمە کریم

بڕوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

ناوو وینەو کورتدیدەکی ژیانی بەریزان پالیوراوانی هەلبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی

پارێزگای هەولێر

دیموکراتی یەت سەرچاوەی لێزی تاکە کەسان وکۆمەڵ
سەرۆکی فەرماندە صدام حسین

ناوچەی یەکەمینی هەڵبژاردن

ناوی تەواو - ابراهیم یاسین محمد عقرای .

کات و شوێنی لە دایکبوونی - عەقرە (١٩٢٨) .

کاری ئیستای - فەرمانبەرە لە دایرەی پۆستەو تەوفیری پارێزگای هەولێر .

پلەی زانستی - خوێندنی خانەی سەرەتایی تەواو کردووە .

دیارترین ئەو چالاکیە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریانەی هەیەتی -

خەڵکی قەزای عەقرەیەو خوێندنی خانەی سەرەتایی تەواو کردووەو چالاکی سیاسیم نواندووەو یەکێك بووم لە ئەندامانی لیژنە محەلی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سالی ١٩٥٤دا چەند جارێك تووشی بەندی وگرتن هاتووم لە سەردەمەکانی دیکتاتوریەتی قاسم و عارفیدا وەلە هەمان ئەو دوو سەردەمەدا بۆ پارێزگای بەسرا دوور خراومەتەوە وەلە سالی ١٩٦٨دا ولە بەرواری ١٨-١٠-١٩٦٨دا لە چالاکیکانی ئەو پارتە ناو براوە خۆم لە کار خستووە وەلە سالی ١٩٧٤دا ولە بەرواری ٦-٤-١٩٧٤دا یەکێك بووم لە ئەندامانی لنی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای هەولێر تاوەکو ١٩-١٢-١٩٧٦ کە چوومە ناو ریزەکانی حزبی بەعسی سۆشیالیستی ی عەرەبەوە .. وەلە سالی ١٩٦٩دا سکرتیری نیقابەی پۆستەو بروسکەی عەقرە بووم بەر لەوەی ببمە فەرمانبەر واتە ئەو کاتەی کرێکار بووم .

ناوی تەواو - بشیر عبدالرحمن محمد علی .

کات و شوێنی لە دایکبوون- ئەتروش مەلبەندی ناحیەی مزوری قەزای شەنگال پارێزگای نەینەوا سالی ١٩٣٠ .

کاری ئیستای - ئەمینداری گشتی ی کاروباری ئەوقاف .

پەلەی زانستی - لیسانس لە حقوقدا .

دیارترین ئەو چالاکیە رۆشنبیریانەی هەیەتی - ئەندامی کۆمەڵەی حقوقیە عیراقیکانە لقی هەولێر .

کورتەیەك لە ژیانی - خوێندنی خانەی سەرەتایی لە هەولێر تەواو کردووە لە سالی ٩٤٣ - ١٩٤٤وە خابەی ناوەندی لە هەولێر لە سالی ٩٤٧-١٩٤٨دا وەخانەی ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە لە سالی ٩٤٩-٩٥٠دا و خوێندنم لە کولیجی حقوق لە بەغدا سالی ٩٥٣ - ١٩٥٤ تەواو کردووە لە ٣ - ٥ - ١٩٥٥ دا بە وەزیفەی موحەقیق عەدلی لە دادگاکانی هەولێردا دانرام دوای ئەوە گوێزرامەوە بو معاون قەزائی لە شەقلاوە لە ١٢-٢-٩٥٧ دا دوای ئەوە لە دادگاکانی هەولێردا سالی ١٩٦٠ . دوای ئەو لە ١١-١٠-١٩٦٧دا بوومە حاکم لە دادگاکانی سلیمانیدا دوای ئەوە گوێزرامەوە بۆ دادگای بداءە لە مەخمور لە ٢٤-٤-١٩٧١دا ، هەر لەو وەزیفەیەدا مامەوە تا بە ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی یەکەم دانرام لە سالی ١٩٧٤ دا وەئەمینداری گشتی ی کشتوکال و چاکردنی کشتوکال ، وەلە خولی دووهەمدا بە ئەمینداری گشتی ی بەڕێوەبردنی کاروباری ئەوقاف دانرام وەئیستاش هەر ئەندامم تیایداو ئەمینداری گشتی ی ئەوقافم .

ناوی تەواو - جمال اسماعیل خضر .

کات و شوێنی لە دایك بوون - هەولێر ١٩٤٢ .

کاری ئیستای - بەڕێوەبەری گشتی ی دەستگای گشتی ی مافوری دەستکردە لە هەولێر .

پلەی زانستی - بەکالوریوس لە ئابووریدا .

دیارترین ئەو چالاکیە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریانەی هەیەتی - سالی ١٩٧٥ کۆمەڵەی ئابووری یە عیراقیکانی لقی هەولێری دامەزراندووەوە تا وەکو سالی ١٩٧٨ سەرۆکایەتی کۆمەڵەکەی کردووە .. سکرتیری یانەی کۆمەڵایەتی وەزارەتی پیشەسازی و کانەکانە لە هەولێر .. هاوبەشی ئۆنگرەی ئابووری یە سەرەبەکانی کردووە لە بەغدا .. بۆتە نوێنەری عیراق لەو وەفدەپیشەسازی یەدا کە نیردراوە بۆ مەلبەندی نەتەوایەتی پیشەسازی یە کۆنەکان لە تونس .. بەشداری کردووە لە دانانی رژێمی عەمارکردن بۆ دەزگای گشتی ی مافوری دەستکرد .

بەشداری و سەرپەرشتی کردووە لە تەتبیق کردنی رژێمی محاسیبی یەکگرتوودا لە دەستگای جگەرەو جیمەنتۆوشەکری سلیمانیدا هەروەها لە دەستگای گشتی ی جگەرەی نیشتمانی لە هەولێر .

ناوی تەواو - جودت احمد ناجی .

کات و شوێنی لە دایکبوون - هەولێر سالی ١٩٢٨ .

کاری ئیستای - جێگری ئەمینداری گشتی ی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیە پلەی زانستی - خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە لقی زانستی .

دیارترین ئەو چالاکیە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریانەی هەیەتی - بەدوادا چوونی بزووتنەوەی ئەدەبی و رۆشنبیری .. خوێندنی خانەی سەرتایم لە سالی ١٩٤٢دا تەواو کردووە ، خوێندنی پلەی ئامادەیم سالی ١٩٤٧ تەواو کردووە .. سالی ١٩٥٤ کراوم بە کاتبی ناحی یەی هەولێر سالی ١٩٥٦ گوێزرامەوە بۆ وەزیفەی کاتب تەحریر لە پارێزگای هەولێر سالی ١٩٥٨ لە وەزیفەی بەڕێوەبەری تەحریر لەپارێزگای هەولێردانرام .

سالی ١٩٧٥ گوێزرامەوە بۆ وەزیفەی بەڕێوەبەری ئیدارە محەلی لە ئەمینداریتی گشتی ی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆدا .. سالی ١٩٨٠ بە جێگری ئەمینداری گشتی ی کاروباری ناوخۆ دانرام .. ژنی هێناوەو ٩ منداڵی هەیە .

ناوی تەواو - هوشیار احمد صالح .

کات و شوێنی لەدایکبوون - کۆی سنجاق سالی ١٩٤٠

کاری ئیستای - بەڕێوەبەری مەکتەبی ئاژانسی دەنگوباسی عیراق - هەولێر پلەی زانستی - لەدەرچوانی خانەی مامۆستایانی ئەندامە لە ئەنجومەنی سەرەتایی گەل لە پارێزگای هەولێر ..

جێگری سەرۆکە لە کۆمەڵەی بنیاتنانی خانووبەرە لە هەولێر سالی ١٩٧٩ .. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە سالی ١٩٦٩ لە زانکۆی موستەنسریە دەرچووە .. سالی ٩٧١ تا وەکو ١٢ - ٨ - ٩٧٥ موحاسیبی مافوری دەستکرد بووە لە هەولێر سالی ١٩٧٥ کراوەتە جێگری بەڕێوەبەری گشتی ی هەسان دەستگا .. لە ٢١- ٧ - ١٩٧٨دا کراوەتە بەڕێوەبەری گشتی ی دەستگای گشتی ی مافوری دەستکرد لە هەولێر .

ناوی تەواو - همزه عثمان یونس .

کات و شوێنی لەدایکبوون - هەولێر گەرەکی قەلا ١٩٣٠ .

کاری ئیستای - بەڕێوەبەری هاوینەهەوارەکانە لە دیوانی ئەمینداریتی گشتی ی بەڕێوەبردنی شارەوانی و هاوینەهەوارەکان و ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانە .

پلەی زانستی - خوێندنی ناوەندی تەواو کردووە .

دیارترین ئەو چالاکیە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریانەی هەیەتی - لەژیانی خانەدا هەموو چالاکی یەکی کۆمەڵایەتی و وەرزشیم کردووە .. بەشداری زیاد لە تیپێکی وەرزشم کردووە .. لە سالی (١٩٧٤) دا بەجێگری سەرۆکی یانەی بەرایەتی تورکمان لقی هەولێر هەڵبژیردراوم هەروەها لە سالی ١٩٧٧دا بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یانەی فەرمانبەرانی هەولێر هەڵبژیردراوم وە بەشداریم لە هەموو چالاکی یەکاندا کردووە .

سالی ١٩٥٢ ژنم هێناوە نو منداڵم هەیە هەموویان لە خانەدا دەخوێنن لە شارەوانی هەولێردا سالی ١٩٦٣ بوومەتە فەرمانبەر سالی ١٩٦٤ گوێزراومەتەوە بۆ پارێزگای کەرکوك ، بە بڕیارێکی سەرکردایەتی سالی ١٩٧٤ گوێزرامەوە بۆ شارەوانی هەولێر ، بۆ دوو خولی لەسەر یەك بوومەتە ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانان سالی ١٩٧٥ کرام بە قایمقامی قەزای چۆمان وە سالی ١٩٧٧ کرامە بەڕێوەبەری بەڕێوەبردن لە شارەوانی هەولێر سالی ١٩٧٨ کرام بە بەڕێوەبەری هاوینەهەوارەکان لە ئەمینداریتی بەڕێوەبردنی شارەوانی و هاوینەهەوارەکان .

ناوی تەواو - حسام شاکر محمود .

کات و شوێنی لەدایکبوون - هەولێر ١٩٣٧ .

کاری ئیستای - بەڕێوەبەری ئامادەکردنی مامۆستایان پلەی زانستی - بکالۆریوس لە ئاداب دا کولیجی پەروەردە (١٩٦٠) دیارترین ئەو چالاکیە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریانەی هەیەتی - ئەندامی بەعەی نیشتمانی و نەتەوەیی لە هەولێر .. جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی مەرکەزی گەلە لە هەولێر .. ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرانی نیقابەی مامۆستایانە لەهەولێر .. بەڕێوەبەری بەڕێوەبردنی یانەی مامۆستایانە لەهەولێر .. خانەی سەرەتایی لە پارێزگای هەولێر تەواوکردووە دوای ئەوە لە خوێندندا بەردەوام بووەو سالی ١٩٦٠ لە کولیجی پەروەردە دەرچووە .. لە هەولێر لە سەر میلاکی ئامادەیی گراوە بە مامۆستا و جێگری بەڕێوەبەری ناوندی زازای کوران لە پارێزگای هەولێر و بەبەڕێوەبەری خانەی ئامادەیی ئازادی وە بەیاریدەدەری ئامۆژگای ئامادەکردنی مامۆستایان لە هەولێر .

ناوی تەواو - کمال صابر مصطفی کاوانی (کە بە کمال کاوانی ناو دەبرێت) .

کات و شوێنی لەدایکبوونی - ١٩٤٥ پارێزگای هەولێر - قەزای شەقلاوە - گوندی کاوانی ،

کاری ئیستای - سەرۆکی یەکێتی ی نیقابەکانی کرێکارانە پارێزگای هەولێر .

پلەی زانستی - شەشی سەرەتایی .

دیارترین ئەو چالاکیە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یانەی هەیەتی - لە سالی (١٩٧٤)ەوە ئەندامی ئەنجومەنی مەرکەزی یەکێتی ی گشتی ی نیقابەکانی کرێکادانی عیراقە سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەری یانەی کریکانی کۆمەڵایەتی و وەزشی یە لە هەولێر لە دامەزراندنی یانەکەوە لە سالی (١٩٧٥)ەوە ئەنجومەنی شارەوانی یە لە پارێزگاکەدا . ئەندامی دەستەی گشتی ی ئەنجومەنی مەرکەزی گەلە لە هەولێر لە دامەزراندینەوە .. لە سالی (١٩٧٤)ەوە ئەندامێکی تەواوی دادگای کارکردنە لە هەولێر .. موخازیرە لە مەلبەندی رۆشنبیری کرێکاران لە هەولێر لە دامەزراندنیەوە .. بەمەرسومی کۆماری سالی ١٩٧٩ مەدالیای کارکردنی دەرەجەی یەکەمی وەگرتووە .. سالی ١٩٧٨ بەسیفەتی ئەندامی کۆنگرە بەشداریی نۆهەم کۆنگرەی یەکێتی ی کرێکارانی جیهانی- کردووە لە براگ .. بە سیفەتی ئەندام سالی ١٩٧٦ بەشداریی شەشەمین کۆنگرەی یەکێتی ی جیهانی نیقابەکانی کرێکارانی عەرەبی کردووە لە ئەستکەندەریە . سالی ١٩٨٠ بە سیفەتی ئەندامی کۆنگرە بەشداری لە حەوتەمین کۆنگرەی یەکێتی ی جیهانی نیقابەکانی کرێکارانی عەرەبیدا کردووە لە دیمەشق . نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات لەبەر ئەوەی لە سەردەمی قاسمدا چەند جارێك گیراوە .. بەتەنگ مەسەلەکانی هاوولاتی یانەوە دێت و هەول دەدات بۆ چارەسەر کردنیان .

ناوی تەواو - موسی عبدالصمد سعدالله .

کات و شوێنی لەدایك بوون - هەولێر ١٩١٩ .

کاری ئیستای - ئەمینداری گشتی ی پەروەردەو فیرکردنی بەرزە پەلەی شەرەف لە زانستی کۆمەڵایەتیدا - کولیجی پەروەردە خانەی بەرزی مامۆستایانی پێشو -

دیارترین ئەو چالاکیە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یانەی هەیەتی - سالی ١٩٤٦ ئەندام بووم لە کۆمەڵە قەلاچۆکردنی نەدەرون لقی هەولێر وە سەرۆکی کۆمەڵەی مامۆستایان لقی هەولێر لە سالی ١٩٥٧ وە سەرۆکی نیقابەی مامۆستایان لقی سلیمانی سالی ١٩٦٨ وە ئەندام لە لیژنەی پەروەردەی بەرز لە نیقابەی مەرکەزیی مامۆستایان سالی ١٩٧١ وە بەئەندام هەڵبژیردرام لە کۆری زانیاری عیراقیدا دەستەی کوردی سالی ١٩٧٩ لە هەولێر سالی ١٩١٩ لەدایکبووم وە لەوێ خانەی سەرەتایی و ئامادەیم خوێندووە وە کولیجی پەروەردەش لەبەغدا خانەی بەرزی مامۆستایانی پێشو باوەڕنامەی لیسانسم لە زانستی کۆمەڵایەتیدا بەپلەی شەرەف وەرگرتووە ، مامۆستایەتی ئامادەیم کردوە لە هەولێر لە سالی ٤٣ - ١٩٤٨ وە بەڕێوەبەری ئامادەیی سلیمانی لە ١٩٤٨ - ١٩٥٣ دوای بەڕێوەبەری ئامادەیی عەمارەو کەرکوك و سەرپەرشتیکەری پەروەردە لە هەولێر ١٩٥٧ وە بەڕێوەبەری پەروەردەی سلیمانی لە ٩٥٩ - ١٩٦٨ .

ئەمجا سەرپەرشتیکەری بەڕێوەبردنی یەکەمین تا وەکو ١٩٧٤ ئەو جا ئەندام لە ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستاندا و ئەمینداری گشتی ی پەروەدەو فێرکردنی بەرز ئا وەکو ئیستا وە ئەندام لە ئەنجومەنی بەرزی هەرەوەزی گەورەی نیشتمانی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری هەر وەك ئەندام لە ئەنجومەنی زانکۆی سلیمانیدا نوێنەرم لەلایەن ئۆتۆنومی ناوچەی کوردستانەوە وە ئەندام لە ئەنجومەنی پەروەردەدا لە وەزارەتی پەروەردە و ژنم هێناوەو دوو کوڕو دوو کچم هەیە .



ناوی تەواو - موفق حسن رشید .

کات و شوێنی لەدایکبوون- هەولێر ١٩٥٢ .

کاری ئیستای - بەڕێوەبەری ئۆتابخانەی کرکی شێخانی تێکەڵاو - هەولێر پلەی زانستی - دەرچوانی خانەی مامۆستایانی سەرەتایی دیارترین لەو چالاکی یە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یانەی هەیەتی - ئەندامە لە یەکێتی ی سەرنجی یە عیراقیکاندا لە هەولێر .. چەند جارێك لە شەترنجدا بەشداریم لە باڵەوانیتی کۆماردا کردووە .. وە بەشداریم لە باڵەوانیتی ساحەو مەیدانو تۆپی پێداکردووە .. بۆ ماوەی سێ مانگ لە سلیمانی بەشداریم لەدەورەی کارە دەستکردەکاندا کردووە هەروەها بۆ ماوەی مانگێك بەشداریم لەدەورەکانی ریازیات و زمانی ئینگلیزی و بەروەردەی تایبە تیدا کردووە .

سالی ١٩٥٢ لە پارێزگای هەولێر لە دایکبووم وە لە ٩٦٩ - ١٩٧٠ لە ئۆتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە هەولێر دەرچووم وە لە گوندی جامە لە سەر سنووری تورکیاو عیراق سالی ٩٧٣ دامەزرام پاشی ئەوەی خزمەتی ئالام تەواوکرد سالی ١٩٧٨ لە گوندی جامەوە گوێزرامەوە بۆ ئۆتابخانەی کرشیخانی تێکەڵاو یاری توپی پێ و شەترنجم یاری ئەکرد وە تا وەکو ئیستا خەرەم بەدارتاشی بەوە خەریك دەکەم ئەوە بوو بەشداریم کرد لە دەورەیەکی کارە دەستکردەکاندا بەشی دارتاشی و سیرامیك و مەعدەنەکان لە سلیمانی .



ناوی تەواو - محمد داود سلمان .

کات و شوێنی لەدایکبوون- هەولێر ١٩٣٨ .

کاری ئیستای - بازرگان.

پەلەی زانستی - بەکالوریوس لە بازرگانی و ئابووریدا - ١٩٦٤ .

دیارترین ئەو چالاکیە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریانەی هەیەتی - ئەندامی دەستە بەڕیوەبردنی نیقابەی محاسب و مودەقیقەکانە لقی هەولێر.. ئەندامی کۆمەڵەی ئابووریە عیراقیکانە لقی هەولێر .. سەرۆکی لیژنەی یانای ئابوورێکانی هەولێرە .. ئەندامی ژووری بازرگانی هەولێرە (١٩٦٥) .

لە پارێزگای هەولێر سالی ١٩٣٨ لەدایك بووم قوتابخانەی سەرەتایی ناوەندیم لە هەولێر تەواوکردووە ، سالی ١٩٥٩ لە ئامادەیی دەرچووم لە ئامادەیی مەرکەزیی بازرگانی بەغدا .. بەلام کولیج لە بەغدا سالی ٩٦٣ - ١٩٦٤ تەوام کردووە و کولیجی ئیحتیاتم سالی ١٩٦٥ تەواو کردووە لەو کاتەوە لە مەیدانی بازرگانیدا نیش دەکەم و تا وەکو ئیستا.. وە زمانی عەرەبی و کوردی و تورکی ئینگلیزی دەزانم .

ناوی تەواو - نامق خورشید خضر .

کات و شوێنی لەدایك بوون - هەولێر ١٩٣٨ .

کاری ئیستای - مامۆستا لە سەرمیلاکی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ دانراوە .

پلەی زانستی - قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی .

دیارترین ئەو چالاکیە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریانەی هەیەتی - ٩٧٠ - ٩٧٤ جێگری سەرۆکی نیقابەی مامۆستایان امی هەولێر سالی ١٩٦٥ بەدەستی تاقمەکەی عارف لە رەندیخانە نرام سالی ١٩٦٧ بەرەڵا کرام .. سالی ١٩٦٠ قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایم تەواوکرد تا وکو ١٩٧٥ مامۆستایم کردووە.. خزمەتی چاکم پێشکەشی گەل و نیشتمانەکەم کردووە سەردەمی رۆژانی بزووتنەوە یاخی بوو نۆکەرەکە بەهەموو رێگایەك .

ناوی تەواو - عبدالواحد احمد یوسف (بە ناوبانگە بە واحد خۆشناو) .

کات و شوێنی لەدایکبوون- هەولێر گەرەکی سعد ناوە - ١٩٤٢ .

کاری ئیستای - بەڕێوەبەری مەلتەبی کار لە هەولێر .

پلەی زانستی - خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە .

دیارترین ئەو چالاکیە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریانەی هەیەتی - پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بەدواداچوونی رووداوەکانی رۆژانەو وەرزش و خوێندنەوەی چیرۆك و کتێبی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری .

بروانە ل : ٤

Institut kurde de Paris

ناوو وینەو کورتەیەکی ژیانی بەریزان پالیوراوانی هەلبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی

پارێزگای هەولێر

دیموکراتی یەت سەرچاوەی لەیزی تاکە کەسان وکۆمەڵ
سەروکی فەرماندە صدام حسین

ناوی تەواو - عثمان خورشید سمین .

کات‌و شوێنی لەدایکبوون - ١٩٣٦ هەولێر - مەخمور.
کاری ئێستای - م. ملاحظ ئەمینداریتی گشتی‌ی کشتوکال .
پلەی زانستی - ئامادەیی.
دیارترین ئەو چالاکی‌یە کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیریانەی هەیەتی - پرکردن‌و ڕێنمایی کردن بەرو ڕێگای راست لە نیو رۆڵەکانی گەلدا بەتایبەتی لە شوێنی لە دایك بوونداو پێگەیشتن و کاری رۆژانە لە ژیر ئالای حزبی بەعسی سۆشیالیستی -عەرەبداو بەجێ‌گەیاندنی ئامانجە بەرزەکانی لە یەکێتی‌و سەربەستی‌و سۆشیالیستیدا بەسەرکردایەتی هاوڕێی تێکۆشەر صدام حسین .

ناوی تەواو - عبدالله حمد شین قادر گەروی .

کات‌و شوێنی لەدایکبوون- هەولێر ١٩٣٤ .
کاری ئێستای - جێگری سەرۆکی یەکێتی‌ی هاوکاریی نیشتەجێ‌کردنی ناوچەی ژوورو و سەرۆکی کۆمەڵەی هاوکاریی نیشتەجێ‌کردن لە پارێزگای هەولێر مەحدودە و ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی .
پەلەی زانستی - دەرچوانی قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی - باقوبە .
دیارترین ئەو چالاکی‌یە کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیریانەی هەیەتی- خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی لە مەلبەندی هەولێردا تەواوکردووەو خوێندنی قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە باقوبە . سالی ٥٦- ١٩٥٧ بۆتە مامۆستا نزیکەی بیست ساڵە وەك مامۆستا خزمەت دەکات لە گەل چالاکی‌یە پیشەیی‌و هاوکاری‌یەکانیدا . ساڵی ٦٨-١٩٦٩ بەسکرتێری کۆمەڵەی شۆرشی هاوکاریی نیشتەجێ‌کردنی - هەولێر- هەلبژیردراوە . هەلبژیردراوە بەسەرۆکی کۆمەڵەی هاوکاریی نیشتەجێ‌کردن لە پارێزگای هەولێر - محدودە - لە ساڵی ١٩٧٠ - وە تا وەکو ئێستا . بۆتە ئەندام لە ئەنجومەنی مەرکەزیی گەل - هەولێر وە بەسەرۆکی لیژنەی بە دوادا چوون‌و شکایەتیدا تیایدا هەلبژیراوە - ٩٧٦ - ١٩٧٨ . بەجێگری سەرۆکی یەکێتی‌ی هاوکاریی نیشتەجێ‌کردنی ناوچەی ژوورو هەلبژیردراوە لە ساڵی ١٩٧٨ - ەوە و تا ئێستا لە گەل سەرۆکایەتی‌کردنی کۆمەڵەی هاوکاریی نیشتەجێ‌کردن لە هەولێر -مەحدودە- وکالەتی بەڕێوەبەری شارەوانی هەولێری داوەتە دەست لە ٢٢ - ١٠ - ١٩٧٨ وە تاوکو ٢ - ٧ - ١٩٧٢ .
خزمەتی گەورەو فراونی لە ڕێگای چالاکی‌یەکانیەوە پێشکەش کردووە بە تایبەتی لە مەیدانی بزوتنەوەی هاوکاریی نیشتەجێ‌کردن‌و ئەوەی پەیوەندی هەیە بە تەنگوچەڵەمەی خانوو نەبونی‌یەوە لە وڵاتدا وە لە ناوچەی ژوورودا وە دابەش کردنی زەوی‌و ئەو کۆسپانەی هاوکاری‌و چالاکی خزمەتگوزاریی ئاوەدانی . وە دابەش کردنی زەوی خانوو دروستکردن بە سەر ئەندامانی کۆمەڵەکەو هاووڵاتیانداو وە هاندانی جەماوەری ناوچەکە بەرامبەر ئیجابیاتی نیشتەجێ کردنی شاقولی‌و سەلبیاتی نیشتەجێ کردنی بەپانایی لە هەمان کاتدا لەم قوناغەدا بۆ کەم کردنەوەی چەڵەمەی توندی نەبوونی فراوانکردنی خزمەتگوزاریی شارەوانی لە شاردا وەبنەبڕکردنی ئەو کۆسپانەی لە ڕێگایدا وەستاون .. وە بەم بۆنەیەوە چەند سوپاس نامەو تەقدیرێکی وەرگرتووە کە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی‌و ئەمینداریتی گشتی‌ی بەڕێوەبردنی شارەوانیکان‌و هاوبنە هەوارەکان داوێتێ هەروەها لە پارێزگای هەولێرەوە .

ناوی تەواو - عبدالله خلیل ابراهیم .

کات‌و شوێنی لە دایك بوون - ١٩٣٧ قەزای کفری- پارێزگای دیالە کاری ئێستای - بەڕێوەبەری گشتی‌ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش - مەکتەبی ڕێکخراوە میللیەکان .
پلەی زانستی - درچوانی پلەی ئامادەی‌یە ساڵی ١٩٥٩ - ١٩٦٠ .
دیارترین ئەو چالاکی‌یە کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌یانەی هەیەتی - ئەندامی یانەی برایەتی تورکمان بووە لە بەغدا لە ساڵی ١٩٥٨-١٩٦٣.
ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یانەی فەرمانبەرانی گشتوکاڵ‌و چاك کردنی گشتوکاڵ بووە لە بەغدا وە ئەمینداری نهێنی یانەکە بوو لە ساڵانی ٧١-٧٢-٧٣ - ٧٤ . ئەندامی یەکێتی‌ی ئەدیبانی تورکمان‌و جێگری سەرۆك وئەندامی دامەزرێنەر بووە لە ساڵانی ٧١ - ٧٢ - ٧٣ دا . سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردنی یانەی فەرمانبەرانی هەولێر بووە بۆ ماوەی سێ ساڵ ٧٦ - ٧٧ - ١٩٧٨. خوێندنی قوتابخانەی سەرەتایی لە ساڵی ٥١ - ٥٢ دانەواوکردووە وەناوەندی‌و ئامادەیی ساڵی ٥٩ - ١٩٦٠ .
لە ساڵی ١٩٥٢ - ەوە هاوبەشی هەموو تێکۆشانێکی کردووە دژی ڕژێمی پاشایەتی گۆڕکراو وەبە شداریی کردووە لە سووتاندنی کتێبخانەی ئەمەریکایدا لە گۆڕەپانی ئەمین وەبەرگریی لە پالیوراوە پێشکەوتنخوازەکان ساڵی ١٩٥٤ وەلە ساڵی ١٩٥٦دا بەشداری کردووە لە تێکۆشانە مەردانەکەی راپەڕینە جەماوەرێکەی لایەنگیر بە گەلی عەرەبمان لە کۆماری میسری عەرەبیدا لە قوتابخانە دەرکراوەو سێ مانگ حوکم دراوەو خراوەتە بەندیخانەوە .. ساڵی ١٩٥٨ جۆتە ریزی تێکۆشەرانی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبەوە وەهاوبەشی لە تێکۆشانی پاڵەوانانەی حزبدا کردووە تاگەیشتن بە بووکی شۆرشەکان کە بەشداریەکی تەواوی تیدا کردووە وە لە نووجدانەکەی ١٩٦٣ی تشرینیدا لە وەکرەکانی سەرکردایەتی قوتریدا کاری کردووە وە ئێستاش لە کاری حزبایەتیدا بەردەوامە ئەندام بوو لە سەرکردایەتی لقی هەولێردا دوای پاشگەزێکەی تشرین لە وەزیفە دەکراوە تاوەکو ١٩٦٧ دوای شۆرش خۆی بۆ کارکردن تەرخان کردووە لە لیژنەی ئاشتی‌دا تاوەکو ساڵی ١٩٧٤ کە ئیش کردنی لە حوکمی زاتیدا پێ سپیردراوە وەك جێگری ئەمینداری گشتی‌ی وە لە ساڵی ١٩٨٠دا بەبەڕێوەبەری گشتی‌ی دانراوە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا .

ناوی تەواو - قەرەنی سلیما نقەرەنی .

کات‌و شوێنی لە دایك بوون - ناحی‌یەی کۆیە مەوالیدی ١٩٢٩ .
کاری ئێستای -بەڕێوەبەری پۆستەو تەوفیری هەولێر .
پلەی زانستی - دەرچوانی خوێندنی سەرەتایی‌یە .
دیارترین ئەو چالاکی‌یە کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌یانەی هەیەتی - ..

ناوی تەواو - رفیق شیخ طاهر معروف .

کات‌و شوێنی لە دایك بوون - ١٩٣٦ هەولێر .
کاری ئێستای-بەڕێوەبەری قوتابخانەی قوتەبیەی هەرزەکاران لە هەولێر .
پلەی زانستی -قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی .
دیارترین ئەو چالاکی‌یە کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌یانەی هەیەتی - هاوبەشی لە گۆنگرە قوتریکانی نیقابەی مامۆستایاندا کردووە ساڵی ٩٦٦ و ٩٦٩ .. بۆتە سکرتیری نیقابەی مامۆستایان لە هەولێر ..

بۆتە جێگری سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردنی نیقابەی مامۆستایان لە هەولێر .. ساڵی ١٩٦١ لە قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی دەچووە لە هەولێر لە ساڵی ١٩٣٦دا لە گوندی ئالجەی گەورە لە دایك بووە وەساڵی ١٩٤٨ چۆتە قوتابخانەی دوگرتکانی سەرەتایی ساڵی ١٩٥٨ چۆتە

بڕوانە ل : ٩

ناوی تەواو - رفعت کوفە عولا عمر .

کات‌و شوێنی لە دایك بوون - ناحی‌یەی کەندیناوە گوندی یبغلوك پارێزگای هەولێر کاری ئێستای جێگری سەرۆکی‌یەکێتی‌ی کۆمەڵەی هەرەوزی لاوتیاران لە عیراقدا .
پلەی زانستی - خوێندنی سەرەتایی .
دیارترین ئەو چالاکی‌یە کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌یانەی هەیەتی - سەرۆکی یەکێتی‌ی ناوخۆی کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاران بووم لە هەولێر وبە شداریم کردووە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی جوتیاران‌و هەرەوەزیکاندا وبەشداریم کردووە لە کۆڕە ڕۆشنبیری‌یەکاندا لە ناحی‌یەو قەزاکان‌و بارەگای یەکێتی‌یەکان‌دا لە مندالیمەوە لە گوندی ناوبراودا ژیاوم تاوەکو ساڵی ١٩٧٢ لە بەغدادا نیشتەجێ بووم ، لە دەست تاقمە ئەلقە لەگوێکە دەربەدەر بووم تاوەکو ساڵی ١٩٧٤ دوای ئەوە سەرکردەیی فەوجی سنوورم دەکرد دوای ئەوە بوومە سەرۆکی یەکێتی‌ی ناوخۆیی کۆمەڵەی جوتیاران لە هەولێر دوای ئەوە بووم بە ئەندام لە ئەنجومەنی یاساداناندا وەدوای ئەوە بوومە جێگری سەرۆکی یەکێتی‌ی گشتی‌ی لە عیراقدا وەتاوەکو ئێستا خەریکی ئیش کاری یەکێتی‌یەکان‌و ئەنجومەنی ادانانم .

ناوی تەواو - خسرو هادی احمد ..

کات‌و شوێنی لە دایك بوون - گوندی سربستاخ ناحی‌یەی کەندیناوە - قەزای مەخمور .
کاری ئێستای - سەربازی خانە نشین کراوە- کاسبکارە.
پلەی زانستی - درچوی خوێندنی سەرەتایی‌یە .
دیارترین ئەو چالاکی‌یە کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌یانەی هەیەتی - هاوبەشی کردن لە کۆڕەکانی کرێکارانەوە بلاوکردنەوەی بیروبلاوەڕو دەستکەوتە شۆڕشگێڕیکانی شۆڕشی ١٧-٣٠ تەمموزی سەرفراز .

ناوی تەواو - غنی رشید قوجە ..

کات‌و شوێنی لە دایك بوون - هەولێر ١٩٤٢ .
کاری ئێستای - سەرپەرشتکەری پەروەردە - بەڕێوەبەرایەتی گشتی‌ی پەروەدەی پارێزگای هەولێر.
پلەی زانستی - دەرچووی دەورەیەکی پەروەردەیە پاش تەواوکردنی ئامادەیی دیارترین ئەو چالاکی‌یە کۆمەڵایەتی‌و روشنبیری‌یانەی هەیەتی - هاوبەشی کردن بۆ چارەسەرکردنی زۆر مەسەلەی کۆمەڵایەتی لە ناوچەماهیردا لە ناوچەی هەولێر .. پێك هێنانی کۆبوونەوەی دەوری لە گەل دەستەکانی فیر کردندا سەرەڕای هاوبەشی کردن لە گفتوگۆکاندا .. بایەخدان بە خوێندنەوی بابەتی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی . لە پارێزگای هەولێر ساڵی ١٩٤٢ لە دایك بووم خوێندنی پلەی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیم تیاداتەواو کردووە ساڵی ١٩٦٥ لە قەزای وەواندوز کرام بە مامۆستا ساڵی ١٩٦٨ گوێزرامەوە بۆ پارێزگای تامیم دوای ئەوەکرام بە بارمەتی دەری قوتابخانەی شۆڕش لە کرکوك وە دوایش بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی صلاح‌الدین .. لە ساڵی ١٩٧١ دا بە سەر بە رشتیکەری‌پەروەردە دانرام لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی‌ی پەروەردەی هەولێر .. وەلە ساڵی ١٩٧٣ دا گوێزرامەوە بۆ پارێزگای دیالە وەك سەر پەرشتیکەری پەروەردە وە لە ساڵی ١٩٧٨ دا گوێزرامەوە بۆ پارێزگای هەولێر بەهەمان دەرەجەی خۆم و ئێستاش تیابدابە رەدەوامم .. ساڵی ١٩٦٤ ژنم هێناوە وشەش منداڵم هەیە .

ناوی تەواو - محمود محمد احمد .

کات‌و شوێنی لەدایك بوونی (مخمور) هەولێر ١٩٤١
کاری ئێستای-بەڕێوەبەری کاروباری دارایی‌و بەڕێوەبردن لە ئەمینداریەتی‌ی گشتی‌ی کاروباری ئەوقاف .
پلەی زانستی - بە کەلۆریس لە ئەدەبیات‌و شەریعەتدا - کولیجی شەریعە زانکۆی بەغدا .
دیارترین چالاکی‌ی کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری
بە مامۆستا لە ئامادەیی‌دا دامەزرا - سانەوی بلد - پارێزگای بەغدا ئەوسا ساڵی ١٩٦٤ . ئەنجا بەڕێوەبەری سانەوی‌ی بلد- ئەنجا مامۆستا لە ئامادەیی ناوەندی لە بەغدا بۆ ووتنەوەی زمانی عەرەبی‌و ئایین . ئەنجا بە بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش بە مووچەی بەڕێوەبەر لە ئەمینداریەتی‌ی گشتی‌ی بەڕێوەبردنی کاروباری ئەوقاف لە ١٦ - ٤ - ١٩٧٥دا دامەزرێنرا لە ساڵی (١٩٧٦) دوە تاکوو ئێستا سکرتێری ئەنجومەنی ناوەندی‌ی گەلە لە پارێزگای هەولێر . هەروەها بە یاردەری ئەنجومەنی زانستی‌ی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌و .. ئەندام‌و بڕیاردەری لیژنەی هۆشیار کردنەوەی ئایینی‌ی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌دا .

ناوچەی سێیەمی هەلبژاردن

ناوی تەواو - احسان محمد ولاشی .

شوێن‌و مێژووی لە دایك بوون - ١٩٤٩ گوندی ولاش ناحیەی پالەك .
کاری ئێستای - پارێزەرو ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانان.
پلەی خوێندن - دەرچووی کولیجی یاساوسیاسەت . . بەشی یاسا ..
ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی حقوقی‌یەکان لقی هەولێر - سەرۆکی لیژنەی چالاکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵەکە - مونتەدەبی ژووری پارێزەران لە هەولێر .
سێ‌ی سەرەتایم لە قوتابخانەی سەرەتایی گەلاڵەو شەشی سەرەتایی لە قوتابخانەی روستی‌ی ناحیەی باڵەك تەواو کردوە .. لە ساڵی ١٩٦١ - ١٩٦٣ لە بەر رووداوەکانی باکوور خوێندنم بەجێ هێشتوە .
لە ساڵی ١٩٦٤دا گەڕامەوە سەر خوێندن‌و لە ئامادەیی ڕەواندز خوێندنم تەواوکرد .
لە ساڵی ١٩٧٠ - ١٩٧١ چوومە کولیجی یاساو سیاسەت‌و ساڵی ١٩٧٣ ١٩٧٤ تەواوم کرد .

ناوی تەواو - جمیل حەمزە کاکە شین .

شوێن‌و مێژووی لە دایك بوون - کەندیناوە - ١٩٤٨.
کاری ئێستای -بەڕێوەبەری ناحیەی خەلیفان .
پلەی خوێندن - دەرچووی کولیجی ئەدەبیات - بەشی کوردی - زانکۆی بەغدا .
دیارترین چالاکی‌یە ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی‌یەکانی - بلاوکردنەوەی هوشیاری‌و بیروباوەڕی‌ی گەشە سەندووی شۆڕشگێڕی لە ناو هاووڵاتی‌یەساویلکەکاندا - بەشداری کردن لەو کۆنگرانەی کە تایبەتین بە ئابووری‌و ڕێنمایی لە بواری کشتوکاڵ‌و پەروەردەو کەرتە خزمەتگوزاری‌یەکانەوە . روون کردنەوەی مەودای بۆچوونەکانی شۆڕش دەربارەی ئافرەت‌و بەرزکردنی ئاستی‌ی ڕۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری لە ناو خێزان‌و کۆمەڵدا - بەشداری‌کردن لە نەهێشتنی نەخوێندەواری کە نەخۆشی‌یەکی کۆمەڵایەتی وکەمی شارستانیەتی‌یە لە ناوچە دوورەکانەوە .
بەشداری کردن لە هەروەزی کاری میللی لە دروست‌کردنی قوتابخانەو سەرخستنی خوێندنی ئیجباری .
خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی لە هەولێرم تەواوکردوە .
چوومەتە کولیجی ئەدەبیات بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی بەغداو لە ساڵی ١٩٧١ - ١٩٧٢ تەواوم کردوە .
هەتا ساڵی ١٩٧٥ بە مامۆستا لە ئامادەیی کەرخ کارم کردوە لەمایسی ساڵی ١٩٧٥ دا بە ڕێوەبەری دامەزراوم تا ئێستا لەم کارەدا بەردەوامم . ژنم هێناوەو پێنج منداڵم هەیە .



ناوی تەواو - جلال کریم احمد ..

شوێن‌و مێژووی لە دایك بوون - خەلیفان - ١٩٥٤ .
کاری ئێستای -مامۆستای قوتابخانەی یەکەمی تێکەڵاوی خەلیفان .
پلەی خوێندن - دەرچووی ئامۆژگای ئامادە کردنی مامۆستایان ، هەولێر .
دیارترین چالاکی کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌یەکانی ئەندامی ئەنجومەنی گەل لە خەلیفان- لە گەلێ کۆنگرەو دەورەی جۆر بە جۆری پیشەنگەکان لە بەغداو هەولێرو هەروەزی راگەیاندنی هەروەزی نیشتمانی سەرتاپاگیری نەهێشتنی نەخوێندەواری بەشداریم کردوە .
لە ساڵی ١٩٥٤دا لە گەرەکی کارگەلی ناحیەی خەلیفان لە دایك بووم‌و خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی لە قەزای ڕەواندزم تەواوکردوە .
لە ساڵی ١٩٧٦دا ئامۆژگای ئامادەکردنی مامۆستایان لە هەولێرم تەواوکردوە .

ناوی تەواو - جلال عمر محمد کوردستانی .

شوێن‌و مێژووی لە دایك بوون کۆیە ١٩٣٤ .
کاری ئێستای - کاتبی ناحیەی حەریر - قەزای شەقلاوە .
پلەی خوێندن - چواری ئامادەیی .
لە ساڵی ١٩٥٨ پەیامێری گۆفاری هیوا بووم کە لە پێش شۆڕشی ١٩٥٨دا لە لایەن یانەی سەرکەوتنی کوردانەوە دەردەچوو .
خوێندنی سەرەتایی لە کۆیەم تەواوکردوەو هەمەر لە وێشەوە تاسێ‌ی ئاوەندیم خوێندوە - لە دوایدا چووینە بەغداو لەوێدا ئاوەندیم تەواو کردو لە ساڵی ١٩٥٩ بەمووچە خۆر بە کاتبی ناحیەی خۆشناوی قەزای شەقلاوە دامەزرام‌و لە دوایدا بۆ بۆ گەلی ناحیەو قەزا نەقل کراوم لەوانە ناحیەی باڵەکۆ دیانەو مێرگەسوورو کە ندیناوەو مەلبەندی هەولێرو مەلبەندی قەزای ڕەواندزو ناحیەی حەریرو لە ساڵی ١٩٧٤دا نەقلی ڕەواندز بووم‌و ئینجا لە ساڵی ١٩٧٦دا هاتمەوە ناحیەی حەریر ئیستاش هەم لەوتدام .

ناوی تەواو - جلال خورشید عثمان .

شوێن‌و مێژووی لە دایك بوون - ناحیەی دیانە-١٩٤٤.
کاری ئێستای - سەرۆکی یەکێتی هەرەوەزی جوتیاران لقی ڕەواندز .
پلەی خوێندن - لەسی‌ی ئاوەندیدا بەجێ‌ماوە .
سەرۆکی یەکێتی کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاران لقی ڕەواندزو لە ساڵی ١٩٧٤دا ئەقلی ڕەواندز بووم‌و ئینجا لە ساڵی ١٩٧٦دا هاتمەوە ناحیەی حەریرو ئیستاش هەم لەوتدام .
لە ساڵی ١٩٧٥وە لە هەموو ئەو کۆنگرد کشت‌وکاڵی‌یانەی کە لە ئاستی وڵاتدا بەستراوە بەشداریم کردوە .
لە ساڵی ١٩٧٥وە تا ١٩٨٠ لە هەموو کونگرە کشت‌و کاڵی‌یەکانی ناحیەو قەزاو پارێزگاکانەوە کە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی یەوە بەستراون بەشداریم کردوە .
لە ساڵی ١٩٧٧دا لە دەرەوەی وڵات لە دەورەی کادری جوتیاران بۆ ماوەی سێ‌مانگ لە هەنگاریا بەشداریم کردوەو بە پلەی نیمتیازەوە دەرچووم .
بەشداریم لە دروست‌کردنی قوتابخانە لە ڕێگای کاری میللی لە گوندەکانی ڕەواندزو ناحیەکانی کردوە.
بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ لە دەورەی کادیری جوتیاری لە پرۆژەی حەوتی نیسان بەشداریم کردوە .
لە ساڵی ١٩٧٥وە لە کۆڕو پێکهێنانی کۆمەڵەی جوتیاران لە قەزای ڕەواندز بەشداریم کردوە .

ناوی تەواو - هیوی محمد امین حسن راوندوزی .

شوێن‌و مێژووی لە دایك بوون - بەغدا - ١٩٣٤ .
کاری ئێستای - مامۆستای قوتابخانەی ذی‌قار - پەروەردەی کەرخ بەغدا .
پالێوراوە لە قەزای ڕەواندز - پارێزگای هەولێر.

بڕوانە ل : ٥

Institut kurde de Paris

ناوو وینەو کوورتەیەکی ژیانی بەریزان پالیوراوانی هەلبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی

پارێزگای هەولێر

دیموکراتی یەت سەرچاوەی لێزی تاکە کەسان وکۆمەلە
سەرۆکی فەرماندە صدام حسین

پلەی خوێندن - خانەی مامۆستایانو پسپۆرە لە ووتنەوەی زمانی ئینگلیزی .

مامۆستایەکی چالاکە زمانی ئینگلیزی دەڵێتەوەو لە هەموو جموجۆل و چالاکی‌یەکانی قوتابخانەکەیداله بۆنە نیشتمانی‌یەکانەوە بەشداری دەکات . ئەندامی یەکێتی ئافرەتانی عیراقو ئەقابەی مامۆستایانی لقی بەغدایەو تەنیا ئافرەتە لە پالێوراوەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی - لە پارێزگای هەولێردا بەنیسبەت ئافرەتانەوە .

لە ساڵی ١٩٣٤ لە باوکێلی ئەفسەر کە ٢٥ ساڵ لە سوپای عیراقدا خزمەتی کردوەو دوا پایەی ئامیری ئوردگای هەولێر بووە لە لە دایکبووە ..

خوێندنی سەرەتایی لە هەولێرو خانەی مامۆستایان تەواو کردوە لە دواییدا لە یەکێ لە ئامۆژگاکانەوە زمانی ئینگلیزی کە ئێستا دەیڵێتەوە خوێندوە ..

ئەدەبی عەرەبی خۆش‌دەوێو دەزانێ بنووسێو زۆر جار جۆتە دەروەی وڵات گەلێ وڵاتی بینیوە شووی کردوە بەپارێزەر تیمور صالح زەکی صاحب قران ئەندامی یەکەم ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کچێک کوڕێکی هەیە .

نموونەی بەرزیم بەرێز سەرۆک صدام حسنین .



ناوی تەواو - حسن خورشید رشید ..

شوێنو مێژووی لەدایکبوون - راوندوز ١٩٤٢ .

کاری ئێستای-بەرێوەبەری قوتابخانەی پاشای گەورە رەواندز .

پلەی خوێندن - دەرچووی خانەی مامۆستایان ١٩٦١ .

ئەندامی ئەنجومەنی گەل لە مەلبەندی قەزای رەواندز ..

سەرکردەی پیشەنگاکانە لە قوتابخانەی پاشای گەورەو بەرێوەبەری ئیداری نەقابەیە لە کەرتی رەواندز - ئەندامی لیژنەی پیاچوونەوەی نەهێشتنی نەخوێندەواریە .. لە ساڵی ١٩٧٩ و ١٩٨٠دا بەشداریم کردوە لە دەورەی سەرکردەی پیشەنگاکانو لە ساڵی ١٩٧٨دا لە دەورەی چۆنیەتی دەرس ووتن بە خوێندکاران لەبراری نەهێشتنی نەخوێندەواری بەشداریم کردوە . هەروەها لە دەوری مانماتیکی نوێو هەرەوەزی راگەیاندنی هەرەوەزی نیشتمانی سەرتاپاگیری نەهێشتنی نەخوێندەواری نێرکردنی ئیجباری بەشداریم کردوە . لە ساڵی ١٩٤٢ لەرەواندز لەدایك بووم‌و لە ساڵی ١٩٥٣ خوێندنی سەرەتایم تەواوکردوەو لە ساڵی ١٩٥٧دا قوتابخانەی ناوەندیم تەواو کردوەو لە ساڵی ١٩٥٨دا پەیوەندەخانەی مامۆستایانو لە ساڵی ١٩٦١دا لەراوکردوە .

ناوی تەواو - کوکس طه محمد صدیق ..

شوێنو مێژووی لەدایکبوون - گوندی بۆلێ- ناحیەی برادۆست قەزای رەوانەدز - ١٩٣٠ پارێزگای هەولێر کاری ئێستای - هەولێر گەرەکی مستوفی .

پلەی خوێندن - شەشی سەرەتایی .

ناوی تەواو - کوردو نوری باویل ئاغا راوندوزی .

شوێنو مێژووی لەدایکبوون - راوندوز ١٩٣٣ .

کاری ئێستای - مولکدار.
پلەی خوێندن -سەرەتایی.

لە خێزانێکی کۆمەڵایەتی بەناوبانگ لەناوچەی رەواندز لە دایك بووە خێزانەکە مێژوویەکی خەباتی ناوداری هەیە بەتایبەتی باوکی - کوردو نوری باویل ئاغاو براکەی‌شەهید صباح نوری باویل ئاغا کە لە ١٩٤٨ شەهید کراوە .

ناوی تەواو - مصطفی حمد امین علی .

شوێنو مێژووی لەدایکبوون - چۆمان - هەولێر - ١٩٣٣ .

کاری ئێستای - رۆشنبیرێکی کۆمەڵایەتی‌یەر رابەری دیهات .

پلەی خوێندن - دەرچووی سەرەتایی‌یە .

سەرۆکی ئەنجومەنی گەلم لە قەزای چۆمان .

لە ساڵی ١٩٣٣دا لە گوندی رایات لەدایکبووم .. لەشەش ساڵیدا چوومەتە قوتابخانەو ئینجا لەساڵی ١٩٥١ - ١٩٥٢ چووەتە ناوەندی ئێواران لە کەرکوك ئێستاکە لە قەزای چۆمانی سەربەپرێزگای هەولێر نبشتەجێم .

ناوی تەواو - مصلح عبدالکریم اسعد الخیلانی .

شوێنو مێژووی لەدایکبوون- رەواندز ١٩٢٢ .

کاری ئێستای - ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌و پارێزەر - عەمیدی نیشتەجێ کراو - .

پلەی خوێندن - دەرچووی کالیجی سەربازی‌و کولیجی یاساو سیاسەت - بەشی یاسا .

من سەر بەخێزانێکی ئاینی ناسراوو لە خێلی حەیلانی‌یەکانم چوومە کولیجی سەربازی‌و لەساڵی ١٩٤٦دا بەپایەی ئەفسەر دەرچووم لە پای سەربازی‌و پلەی سەربازیدا بەردەوام بووم تا گەیشتوومەتە پلەی عەمیدی لە ساڵی ١٩٧٠ داو لەگەڵ دەورەی سەربازی خۆئامادەکردن‌و مەسقەکردن لەسەر چەکی سووك‌و گران‌و جەنگە شاخاوی‌یەکانەوە بەشداریم کردوە .

لە ساڵی ١٩٧٣داو لە نارەڕاستی مانگی مارت لەسەر داخوازی خۆمەوە خانەنشین کرام .

خەریکی پیشەی پارێزەریم‌و ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی یاساوانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیم . ژنم هێناوەو دە منالم هەیە .

ناوی تەواو - مشیر کریم عبدالله .

شوێنو مێژووی لەدایکبوون - ناحیەی کەندیناوە ١٩٥٠ .

کاری ئێستای بەرێوەبەری شارەوانی ناحیەی حەریر .

پلەی خوێندن - دەرچووی خوێندنی ناوەندی .

چوومەتە قوتابخانەی سەرەتایی ناحیەی کەندیناوەو خوێندنم لە قوتابخانەی زورکەزرای سەرەتایی کوڕان تەواوکردوە - هەوەها قۆناغی خوێندنی ناوەندی هەر لە ناحیەی کەندیناوەم کردوە ئینجا چوومەتە ئامادەیی کوردستانی لە هەولێر لەدوایدا داخلی ئامادەیی کشت‌وکالی زاخۆ بووم بەڵام لەبەر باروزروفی ئەو کاتە بەجێم هێشت لەساڵی ١٩٧٤دا بەموچەخۆر لە بەرێوەبەرێتی دیبەگە دامەزرام‌و لە ساڵی ١٩٧٥داو تا ئێستا بەرێوەبەری شارەوانی حەریرم .

ناوی تەواو - نامق رقیب محمد السورچی .

شوێنو مێژووی لەدایکبوون - ئاکرێ ١٩٤٤ .

پلەی خوێندن - دەرچووی کولیجی یاساو سیاسەت .

دیارترین چالاکی‌یە کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌یەکانی ..

لەخێزانێکی ئاینی خاوەن جێگایەکی کۆمەڵایەتی‌و کاریگەرە لە ناوچەکەداو لەنێوان رۆڵەکانی عەشیرەتی سورچی‌دا .

خوێندنی سەرەتایی لە ئاکرێو ناوەندی‌و ئامادەیی لە موصل تەواوکردوە .. ساڵی ١٩٦٣ چۆتە کولیجی یاساو سیاسەت لە بەغداو لەساڵی ١٩٦٧ - ٩٦٨ لەوێ دەرچوە .

لە ١-١-١٩٦٩دا کراوە بەبەرێوەبەری ناحیەی عشائر السبعەو لەساڵی ١٩٧٤دا کراوە بەقایمقامی قەزای زاخۆ .

لە ساڵی ١٩٧٨دا کراوە بە جێگری پارێزگاری هەولێرو تائێستاش لە پایەکەیدا بەردەوامە .

ناوی تەواو - سعید اسعد رسول شلیکه .

شوێنو مێژووی لەدایکبوون - شتینە رەوندز ساڵی ١٩٣٨ کاری ئێستای- جوتیار .

پلەی خوێندن - خوێندنی سەرەتایی .

دیارترین چالاکی‌یە کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری یەکانی .

کاری کشت‌وکاڵ‌و ... لە ...

ناوی تەواو - عبدالله الشیخ علاءالدین جلال النقشبندی ..

شوێنو مێژووی لەدایکبوون - خەلان - ناوچەی حاجی ئۆمەران ساڵی ١٩٣١ .

کاری ئێستای - ئیمامو خوتبەخوێن‌و رابەری ئاینی لە وەزارەتی ئەوقافو کاروباریی ئاینی‌ی .

دیارترین چالاکی‌یە کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌یەکانی .. خزمەتی هاووڵاتیان بە دڵسۆزیەوەو هەموو برا هاووڵاتی‌یەکان بەتایبەتی شێخو ئیمامو خوتبەخوێنە کانم خۆش دەوێو ئاواتەخوازم کە بەکامەرانی لە عیراقی خۆشەویستداو لەژێر سایەو چاودێری سەرۆکی بەرێزو حزبدا . بژێنو هەروەها بایەخ رۆشنبیری‌و نەهێشتنی نەخوێندەواری دەدەم بۆ پێشخستنی‌و گەشەکردنی گەل‌و وڵاتەکەمان لەتەمەنی حەوت ساڵیدا لەقوتابخانەی ناوچەکە هەتا شەشی سەرەتایی دەوامم کردوە ئینجا چوومەتە قوتابخانەی ئاینی - علمیە -و لەساڵی ١٩٥٣دا کـ... راوم بەئیمامو خوتبە خوێن .

ناوی تەواو - عبیدالله مصطفی محمد البارزانی .

شوێنو مێژووی لەدایکبوون - بارزان ١٩٢٧ .

کاری ئێستای - وەزیری دەوڵەت .

پلەی خوێندن - بارودوخی سیاسی رۆژگاری کۆن بواری ئەوەی نەداوینەتێ خوێندن تەواو بکەین .

ناوی تەواو - عبدالرحمن الشیخ علاءالدین النقشبندی.

شوێنو مێژووی لەدایکبوون - گوندی خەلان بارێزگای هەولێر ١٩٣٢ .

کاری ئێستای - موچەخۆر لە وەزارەتی نەوت - دەزگای گشتی پالاوتنی نەوت‌و دروستکردنی گاز .

پلەی خوێندن- بەکالۆریۆس لە یاسا .

دیارترین چالاکی‌یە کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌یەکانی .. لە خێزانێکی دیرینی ئاینی‌یەو مەرکەزێکی کۆمەڵایەتی دیارکراوی لەناوچەکەدا هەیە ..

خوێندنی سەرەتایی لە هەولێرو ناوەندی‌و ئامادەیی‌و کۆلە بەغدا تەواو کردوە .

لەساڵی ١٩٥٥دا کراوە بەموچەخۆری دەوڵەت‌و تا ئێستا لە دەزگای گشتی پالاوتنی نەوت‌و دروست کردنی گاز لە خزمەتگوزاریدا لە بەغدا بەردەوامە .

ساڵی ١٩٧٤ بۆ دەورە بۆ ماوەی ساڵێك نێراوە بۆ ئینگلتەرا لە زانکۆی کامبرج. لە ساڵی ١٩٧٥دا کراوە بەئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌و تائیستا هەر ئەندامە .

ژنی هێناوەو تەنیا کچێکی هەیە .

ناوی تەواو - عزیز حمد امین عثمان .

شوێنو مێژووی لەدایکبوون - ناحیەی دیانە- گوندی باڵەکیان - ساڵی ١٩٤٦ .

کاری ئێستای - سکرتێری یەکێتی کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاران لقی رەواندز .

پلەی خوێندن - خوێندنی ناوەندی .

دیارترین چالاکی‌یە کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌یەکانی ..

سکرتێری یەکێتی کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاران لقی رەواندز .

سەرۆکی کۆمەڵەی جندیانی هەرەوەزی جوتیاران لەناحیەی دیانە . ئەمین سنووقی کۆمەڵەی هاودیانی هەرەوەزی جوتیاران لە ناحیەی دیانە .

لە هەموو کۆنگرە کشت‌وکاڵی‌یەکان کە لەسەر ئاستی قەزاو ناحیەو پارێزگاو وڵات کە لەساڵی ١٩٧٥دا بەستراوە بەشداریم کردوە .

لەکاری میللی بۆ دروستکردنی قوتابخانە بەشداریم کردوە هەروەها لەگەڵ کۆڕی وریاکردنی جوتیاران دەربارەی یاسای هەرەوەزی نیشتمانی سەرتاپاگیری نەهێشتنی نەخوێندەواری بەشداریم کردوە .

لەگەڵ وەفدی جوتیارانی هەولێر کە لەساڵی ١٩٧٩دا پارێزگای میسان‌و بەسەرەی بەسەرکردەوە بۆ بینینی بەرهەمە کشت‌وکاڵی‌و دامەزراوە کشت‌و کاڵی‌یەکانی ئەو دووشارە .

لەساڵی ١٩٧٨دا لە دەورەی ئەمین سنوق کە لەپارێزگای هەولێر لە بەرێوەبەرێتی رۆشنبیری‌و رابەری جوتیاران‌وە کرایەوە بەشداریم کردوە .

ناوی تەواو - فارس محمد قادر السورچی .

شوێن مێژووی لەدایکبوون - گوندی دەربەندۆك - ناحیەی حەریر - ١٩٥٥ کاری ئێستای - کاتب .

پلەی خوێنن - خوێندنی سەرەتایی .

دیارترین چالاکی‌یە کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری - یەکانی ..

سکرتیری کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیارانی حەریر بووم .

خوێندنی سەرەتایم لە گوندی باتاس کە سەربەناحیە حەریرە تەواوم کردوە ..

دوای چوومەتە قوتابخانەی ناوەندی حەریرو هەتا پۆلی سێیەم خوێندوەو .

لەبەرچەند هۆیەکی تایبەتی دەستم لە خوێندن کێشاو چوومە ریزی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست هەتا رووخانی تاقمی بەکرێگیراو ساڵی ١٩٧٤ لە بارو دۆخێکی نائاساییدا لەناوچەکەدا دەژیام . لەساڵی ١٩٧١دا لەبەر دوژمنایەتی تاقمی بەکرێگیراو لەیەکی لەبەندیخانەکانی رایات هەتا ساڵی ١٩٧٤دا بەندکرا بووم لەگەڵ دەوڵەتدا لەرووخاندنی ئەو تاقمە بەکرێگیراوەیە بەشداریم کردوە .



ناوی تەواو - رمزی عبدالعزیز خورشید .

شوێنو مێژووی لەدایکبوون - ناحیەی صلاح‌الدین .

کاری ئێستای بەرێوەبەری ناحیە .

پلەی خوێندن - دەرچووی کولیجی یاساو سیاسەت بەشی یاسا ..

ناوی تەواو - قادر سلیم صالح .

شوێنو مێژووی لەدایکبوون - ناودارۆك - ناحیەی خۆشناو - ساڵی ١٩٥١

کاری ئێستای- بەرێوەبەرو مامۆستای قوتابخانەی تنکەڵاوی باویان خەلیفان ..

پلەی خوێندن - دەرچووی ئامۆژگای مامۆستایانی هەولێر ساڵی ٩٧٣ - ٩٧٤ .

دیارترین چالاکی‌یە کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌یەکانی .

لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی واقعی کاری لاوانم نووسیوەو پێشکەش بەو کۆڕە فیکری‌یەم کردوە کە لەبەسرا بەسترابوو .

بەشداریم کردوە لەو کۆنگرە فراوانەی لێپرسراوانی رابەرانی فیکری لیژانە خۆجێ‌یەکان کە لە بەغدا بەسترا ..

گەلێ شانۆگەری لەسەر ئاستی ناحیە کە لە هەموو بۆنە رەسمی جماوەری‌یەکاندا دەرم‌هێناوەو پێشکەشم کردوە .

لەگوندی زیارەت چوومەتە قوتابخانەی سەرەتایی‌و لە لە دوای تەواو کردنی سەرەتایی چوومە مەلبەندی پارێزگای هەولێرو خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی‌و ئامۆژگایم هەر لەویدا تەواوکرد . لە خێزانێکی دەستکورت لە دایکبووم‌و لە ساڵی ١٩٧٣- ١٩٧٤ لە ئامۆژگای ئامادەکردنی مامۆستایان دەرچووم .. لە ساڵی ١٩٧٥ لەدوای تەواوکردنی خزمەتی سەربازی بە مامۆستا دامەزرام‌و ئێستاکە لە ناحیە خەلیفان سەربەقەزای رەواندز هەولێر نیشتەجێم‌و ژنم هێناوەو چوار منداڵم هەیەو لە ساڵی ١٩٧٥دا چوومەتە ریزی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە .

دیارترین کاری خۆمەوە بەشداریم لەگەڵ چالاکی کردوە کە دەبوایە لە شاخی دڵمەوە ئەرکێکی لە ئەندازە بەدەر لەپێناوی سەرکەوتنیدا پێشکەش بکەم - کردنەوەی مەکتەبەندی- نەهێشتنی نەخوێندەواری‌و خوێندنەوەی ووتاری راگەیاندن‌و وریاکردنی جماوەران لە قەزای زێبار . کۆری وشیارکردنی لەبارەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی . خوێندنی سەرەتایی لە گوندی قەلاسنجی سەرو کە سەر بەناحیەی صلاح‌الدینە تەواوم کردوەو خوێندنی ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردوەو بڕوانامەی زانکۆ - لە کولیجی یاساو سیاسەت وەرگرتوە .

لە بەرێوەبەرێتی خوێندنی کوردی موچە خۆر بووم‌و لە دوایدا گوێزرامەوە بۆ بەرێوەبەرێتی کاروباری قانوونی لە دیوانی وەزارەتی بەروەردەو لە ساڵی ١٩٧٩دا گوێزرامەوە بۆ وەزارەتی حوکمی مەحەلی بەپایەی بەرێوەبەری ناحیەی میرگەسوور .

ناوی تەواو - صالح خضر حمد السورچی .

شوێنو مێژووی لەدایکبوون - هەولێر - رەواندز ١٩٥٠ .

کاری ئێستای - ئەفسەری پۆلیس - خان نشین‌کراو .
پلەی خوێندن - دەرچووی کولیجی پۆلیس -.

ناوی تەواو عبدالله اسماعیل احمد .

مێژووی لەدایکبوون ١٩٢٧ .

کاری ئێستای - وەزیری دەوڵەت .

پلەی خوێندن - خوندنی ئاینی .

دیارترین چالاکی‌یەکانی ..

لە ساڵی ١٩٥٠دا چۆتە ریزی حزبی دیموکراتی کوردستان - الپارتی - لە دواییدا لەچالاکی‌یە پیشەیی‌و سیاسی‌یەکانی نێوان جوتیاران بەشداری کردوە .

لە ناوچەی هەولێرەو لە ساڵی ١٩٥٦دا بوە بەئەندامی لیژنەی مەرکەزی حزب‌و لەدوایدا ئەندامی سیاسی هەتا ساڵی ١٩٧٠ کە دەس لە ئیشوکاری حزبایەتی هەڵگرتوە .

تەواو

Kurde de Paris
Institut kurde

ناوو وینەو کورتەیەکی ژیانی بەریزان پالیوراوانی هەلبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی

بارێزگای سلێمانی

دیموکراتی یەت سەرچاوەی لێزی تاکە کەسان وکۆمەلان
سەرۆکی فەرماندە صدام حسین

ناوچەی هەلبژاردنی یەکەم:

ناو - دکتۆر اومید مدحت مبارك .

تەمەن - ١٩٣٩ سلیمانی .
کاری ئێستای-بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فێرکردن لە سلیمانی پلەی زانستی - دەرچوانی کۆلیجی پزیشکی یە لە ئەنقەرە - ١٩٦٤ چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان - کاری پزیشکی کردووە لە - الرطبە - الانبار - الدیوانیە - هەلەبجە - سلیمانی .
چالاکی کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری گشتی ی هەیە .

ناو - بهاءالدین احمد فرج .

تەمەن - ١٩٣٧ سلیمانی .
کاری ئێستای -پارێزگاری هەولێر .
پلەی زانستی - کۆلیجی شورتە .
چلاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان - ساڵی ١٩٥٨ چۆتە کولیجی سەربازی و ساڵی ١٩٦١ دەرچووەو بۆتە مولازم لە بنکە جۆربەجۆرەکانی شورتەدا خزمەتی کردووە دوای بان بۆتە بەڕێوەبەری شورتەی پارێزگای دهۆك تا وەکو ساڵی ١٩٧٨ کە بۆتە پارێزگاری پارێزگای هەولێر لە بەرواری ١-٢-١٩٧٨دا

ناو - جمال محمد خضر جاف .

تەمەن - ١٩٤٤ تامیم .
کاری ئێستای - فەرمانبەر لە کارگەی شەکری سلیمانی.
پلەی زانستی - خوێندنی سەرەتایی .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان - چالاکی ی هەیە لە مەیدانی کاری نبشتمان پەروەریدا .

ناو - حسن احمد محمد ولی .

ناو عبدالرحمن صالح السعید المحدث .

تەمەن - ١٩٤٩ گوندی قەشان - ناحی یەی ماوەت .
کاری ئێستای - بەڕێوەبەری قوتابخانەی کێلە سپی سەرەتایی .
پلەی زانستی - دەرچووی خانەی مامۆستایانی سەرەتایی ١٩٦٩ .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان - چالاکی کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریی دیاری هەیە .

ناو - حسین جبار حسن.

تەمەن - ١٩٤٤ سلیمانی.
کاری ئێستای - سەرۆکی یەکێتی ی گشتی ی نیقابەکانی کرێکاران لە سلیمانی .
پلەی زانستی - قوتابی یە لە ئامادەیی .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان - چۆتە چەند دەورەیەکەوە دەرەوەی وڵات لە ئامۆزگای سیاسی نقابەی کرێکاران لە برتۆو دەورەی ڕۆشنبیری لە پەیمانگای دیمتروف بۆ لیکۆلینەوەی زانستی و مەسەلە نقابیکان لە بولگاریاو ئێستا سەرۆکایەتی نووسینی گۆڤاری رەنجی کرێکاران دەکات کە بە شێوەیەکی دەوری دەردەچێت .

ناو - رفیق فتح‌الله محمد.

تەمەن - ١٩٣٦ سلیمانی .
کاری ئێستای - بەڕێوەبەری مۆزەخانەی سلیمانی .
پلەی زانستی - دەرچووی کۆلیجی پەروەردە ساڵی ١٩٥٧ .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان - سەرۆکی ئەنجومەنی مەرکەزی گەلە لە پارێزگای سلیمانی وەچالاکی ڕۆشنبیری هەیە بەتایبەتی لە مەیدانی تەرجومەدا .

ناو - سلیم خضر عبدالرحمن .

تەمەن - ١٩٥٠ گوندی طوربەدوکان .
کاری ئێستای - فەرمانبەرە لە کارگەی جگەرەی سلیمانی .
پلەی زانستی - قوتابی ئامادەیی یە .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان - چالاکی نیقابی هەیە .

ناو - عزیز رشید عزیز عقراوی .

تەمەن - ١٩٢٤ عەقرە .
پلەی زانستی - دەرچووی هەردوو کۆلیجی عەسکەری و ئەرکانە .
کاری ئێستای - وەزیری دەوڵەت .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان - چالاکی هەیە لە مەیدانی زمانی کوردیدا لە ڕێگای کۆڕی زانیاری عیراقی یەوە .

ناو - عطا نوری قادر .

تەمەن - ١٩٤٧ ناحی یەی مەربەت .
کاری ئێستای-یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان .
پلەی زانستی - دەرچووی ئامۆژگای ئامادەکردنی مامۆستایان .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان - چالاکی هەیە لە مەیدانی فێرکردندا .

ناو - فرید عزیز رسول .

تەمەن - ١٩٤٤ سلیمانی .
کاری ئێستای-بەڕێوەبەری ناحی یەی قەرەداغ .
پلەی زانستی - دەرچووی کۆلیجی بەڕێوەبردنی گشتی یە .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان - چالاکی هەیە لە مەیدانی کاری فەرمانبەریدا بەتایبەتی لە دەزگاکانی پەروەردەی کوردیدا .

ناو - لطیف حمدی امین الخطاط .

ناو - دکتۆر عبدالمجید اسماعیل حقی .

تەمەن - ١٩٤٥ بەغدا .
کاری ئێستای - مودەریس لە زانکۆی سلیمانی .
پلەی زانستی - دکتۆرا لە قانوندا .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان - جێگری سەرۆکی نیقابەی مامۆستایان بوو لە سلیمانی و عەمیدی کاروباری قوتابیان بووەو بەرپرسیاری تریشی هەڵگرتووە لە زانکۆی سلیمانی .

ناو - عبدالواحد امین قادر .

تەمەن - ١٩٥٢ سەرچنار.
کاری ئێستای - سەرۆکی لقی سلیمانی کۆمەڵەی جوتیاران .
پلەی زانستی - قوتابی یە لە خوێندنی ناوەندیدا .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان - بەشداری لە دەورەی جوتیاراندا کردووە لە دەرەوەی وڵات و وەچالاکی هەیە لە مەیدانی هوشیارکردنەوەی جوتیاراندا .

ناو - عثمان شیخ خالد لطیف قەرەداغی .

تەمەن - ١٩٤٢ سلیمانی .
کاری ئێستای - فەرمانبەر لە دەزگای گشتی ی جیمەنتۆی سلیمانی .
پلەی زانستی - باوەڕنامەی کۆلیجی شورتەی لە ساڵی ١٩٦٧دا وەرگرتووە وەلە ساڵی ١٩٧٧دا باوەڕنامەی کۆلیجی حقوقی وەرگرتووە .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان - موتابەعەی هەیە لە بواری لیکۆلینەوە وڤابەتیکاندا .

ناو - عطا نوری قادر .

تەمەن - ١٩٤٧ ناحی یەی مەربەت .
کاری ئێستای-یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان .
پلەی زانستی - دەرچووی ئامۆژگای ئامادەکردنی مامۆستایان .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان - چالاکی هەیە لە مەیدانی فێرکردندا .

ناو - فرید عزیز رسول .

تەمەن - ١٩٤٤ سلیمانی .
کاری ئێستای-بەڕێوەبەری ناحی یەی قەرەداغ .
پلەی زانستی - دەرچووی کۆلیجی بەڕێوەبردنی گشتی یە .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان - چالاکی هەیە لە مەیدانی کاری فەرمانبەریدا بەتایبەتی لە دەزگاکانی پەروەردەی کوردیدا .

ناو - لطیف حمدی امین الخطاط .

تەمەن - ١٩٤٠ سلیمانی .
کاری ئێستای - مامۆستای ئامادەیی پیشەسازی لە سلیمانی .
پلەی زانستی - دەرچووی ئامۆژگای بەرزی پیشەسازی ساڵی ١٩٦٢ .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان - ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری نیقابەی مامۆستایانەو سکرتێری نیقابەی ئەو پیشانەی ئەندازیارین لە سلیمانی - پێشتر - وە بەرهەمی شیمری نیشتمانی هەیە .

ناو - لطیف محمد امین قادر .

تەمەن - ١٩٥٠ گوندی زرگوێزی سەروو ناحی یەی تانجەرۆ .
کاری ئێستای - سکرتێری یەکێتی ی ناوخۆی کۆمەڵەی هەرەوەزکاری جوتیارانی پارێزگای سلیمانی یە .
پلەی زانستی - دەوەوسێتەو دەخوێنێتەوە .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان - ئەندامی مەکتەبی ڕاپەراندن لە یەکێتی ی ناوخۆی کۆمەڵەی جوتیاران لە سلیمانی - پێشتر - وە ئێستا سکرتێری یەکێتی ی ناوخۆیە لە سلیمانی چالاکی هەیە مەیدانی هوشیارکردنەوەی جوتیاراندا .

ناو - شیخ محمد عمر محمد قەراغی - کە بە شیخ محمدی خەتیب بەناوبانگە .

تەمەن - ١٩٢٨ هەلەبجە.
کاری ئێستای - ئیمامو خەتیبی مزگەوتی گەورەیە لە سلیمانی .
پلەی زانستی - ئیجازەی زانستی دینی لە ساڵی ١٩٤٨دا دراوەتی .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان - هاوبەشی کردووە لە دروستکردنی ئامۆژگا ئیسلامیکانی ناوچەکەدا وەهاوبەشی کردووە لە بۆژاندنەوەی هەسوو مەسەلە دینی و کەلەپوریکان لە ناوچەکەدا ئەندامی لیژنەی هوشیار کردنەوەی دینی یە لە پارێزگاکەدا .

ناو - ناجی عزت محمد صالح جاف .

تەمەن - ١٩٣٧ هەلەبجە .
کاری ئێستای-بەڕێوەبەری گشتی ی دەزگای گشتی ی جیمەنتۆیە لە سەرچنار .
پلەی زانستی - کۆلیجی حقوقی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووەو باوەڕنامەی مامۆستەری لە زانکۆی نیورك لە زانیاری سیاسیدا ساڵی ١٩٦٦ وەرگرتووە .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان - بەیاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی ی بەڕێوەبردن لە دەزگای گشتی ی ڕۆنی نەباتی دانراوە وەبەبەڕێوەبەری گشتی ی کۆمپانیای گشتی ی چیمەنتۆ لە سەرچناروە سەرۆکی ژووری بازرگانی لە سلیمانی ئەندامە لە ئەنجومەنی کۆلیجی زانستی لە زانکۆی سلیمانی وەك نوێنەری وەزارەتی پیشەسازی و کانەکان سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردنە لە یانەی فەرمانبەرانی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی لە سلیمانی .

ناو - نازەنین محمد طاهر جمیل بابان .

تەمەن - ١٩٤٤ سلیمانی .
کاری ئێستای-بەڕێوەبەری ئامادەیی کوردستانی کچان .
پلەی زانستی - بەکالوریوس لە ئادابدا - ١٩٦٥ - ١٩٦٦ .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان - ئەندام لە یەکێتی ی ئافرەتانی سلیمانیدا ئەندامی دەستەی بە ڕێوەبەری نیقابەی مامۆستایانە بەرپرسیاری کاروباری فێرکردنەو بەڕێوەبەری قوتابخانەی پەیمانی میللی یە لە سلیمانی .

دووەم ناوچەی هەلبژاردن

ناو - ابراهیم شیخ نصرالدین شیخ عزیز .

تەمەن - ١٩٥٤ پێنجوین.
کاری ئێستای - ئەندامی یەکێتی ی کۆمەڵەی جوتیاران لە قەزای پێنجوین .
پلەی زانستی - خوێندنی سەرەتایی .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان - کاری کردووە لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی جوتیاراندا .

ناو - احمد فقی رشید صالح .

تەمەن - ١٩٣٦ گوندی قەشان - چوارتا .
کاری ئێستای - دوکاندارە لە گوندی هاوچەرخی سورەقەلات و موختاری سورەقەلاتە .
پلەی زانستی - دەخوێنێتەوەو دەنووسێت .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان - بۆتە موختاری گوندی قەشان و لە کۆمەڵەی تەعاونیدا کاری کردووەو بۆتە سەرۆکی تەعاونی هاوبەشی قەشان .

ناو - اسو محمود رضا جاف .

تەمەن - قەزای کەلار ١٩٥١.
کاری ئێستای - فەرمانبەر لە شارەوانی کەلار .
پلەی زانستی - خوێندنی سەرەتایی .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان -چالاکی یەکی دیاری هەیە لە مەیدانی خزمەتگوزاریی چینی کرێکاراندا وئەندام بووە لەلیژنەی نیقابەدا لە قەزای کەلار .

ناو - انور محمد علی محمد امین هارونی .

تەمەن - ١٩٥١ ناحی یەی کانی ئێستای - ئەندامی پێباز قەزای کەلار .
یەکێتی ی کۆمەڵەی جوتیارانی قەزای کەلار .
پلەی زانستی - خوێندنی سەرەتایی .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان - هاوبەشی لە ڕێکخراوەکانی جوتیاراندا کردووە لە چوارچێوەی قەزای کەلاردا ئێستا ئەندامی یەکێتی ی کۆمەڵەی جوتیارانە لە قەزای کەلار .

ناو - پورهان توفیق ابو بکر هەورامانی .

تەمەن - ١٩٤٤ ناحی یەی بیارە .
کاری ئێستای- فەرمانبەرە لە دەزگای گشتی ی نەوتی ژوروو لە تامیم (ه)
پلەی زانستی - خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان - چالاکی کۆمەلایەتی هەیە .

ناو - جعفر عبدالکریم حسین بەرزنجی .

تەمەن - گوندی قەرەچیوار - ناحی یەی قادرکەرەم بارێزگای سلاحەددین .
کاری ئێستای - جێگری بارێزگاری سلیمانی - ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی .
پلەی زانستی - دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی ساڵی ١٩٥٩ .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکان - چالاکی دیاری هەیە لەمەیدانی کاری نیشتمانیدا .

ناو - جمال رشید موردینی .

تەمەن - ١٩٥٣ هەلەبجە.
کاری ئێستای - کاتب لە کۆمەڵەی جوتیاران لە هەلەبجە .
پلەی زانستی - خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشبیریەکان - چالاکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی هەیەو بایەخدانێکی تایبەتی هەیە لە مەیدانی هوشیار کردنەوەی جوتیاراندا .

ناو - حسین ابراهیم درویش .

تەمەن - ١٩٤٠ سلیمانی .
کاری ئێستای - قایمقامی قەزای دەربەندیخان .
پەلەی زانستی - دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی کەرکوك چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکانی - چالاکی کۆمەلایەتی هەیە .

ناو - حسین علی رسول .

شوێن و مێژووی لە دایك بوون : گوندی نزارە - قەزای پێنجوێن ١٩٤٩ .
کاری ئێستای : مامۆستا لە گوندی هاوچەرخی راوگان .
پلەی زانستی : دەرچووی خانەی مامۆستایانی سەرەتایی ساڵی ١٩٧٠ .
چالاکی یە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یەکانی :
چالاکی ی پەرەوەردەیی و کۆمەلایەتی هەیە .

بڕوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

ناوو وینەو کورتەیەکی ژیانی بەڕێزان پاڵێوراوانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی

دیموکراتی یەت سەرچاوەی هێزی تاکە کەسان و کۆمەڵە

سەروکی فەرماندە صدام حسین

بارزگای سلێمانی

ناو : حمه رشید حمه علی کاکەبرا .

شوێن و مێژووی لە دایك : شارەزوور ١٩٢٣

کاری ئێستای : ئیشو کاری کشت و کاڵی .

پلەی زانستی : دەرچووی خوێندنی سەرەتایی .

لە چالاکی کۆمەڵایەتی ناوچەی شارەزوور بەشداری کردووە و لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٨ەوە ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی سەید صادقە تا ئێستاو هەروەها ئەندامە لە ئەنجومەنی گەل لە ناحیەی شارەزوور .

ناو : حمه صالح علی محمد امین الجاف .

شوێن و مێژووی لە دایك بوون : گوندی تۆپخانە ناحیەی پێباز قەزای کەلار ١٩٥٥ .

کاری ئێستای : مامۆستای فوتابخانەی باوەنوور .

پلەی زانستی : دەرچووی خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە دهۆك .

چالاکی یە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یەکانی :

ئەندامی نەقابەی مامۆستایان لە سلێمانی و دەستی رۆشنبیری و ئەدەبی هەیە .

ناو : رفعت محمد علی مشیر .

شوێن و مێژووی لە دایك بوون : قەزای کفری ساڵی ١٩٤٧ .

کاری ئێستای : کاتب .

پلەی زانستی : خوێندنی ناوەندی .

چالاکی یە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یەکانی :

چالاکی کۆمەڵایەتی .

ناو : سیروان عبدالله حسین جاف .

شوێن و مێژووی لە دایك بوون : حەلەبجە ١٩٣٨ .

کاری ئێستای : ئەمینداری گشتی کاروباری ئابووری و دارایی .

پلەی زانستی : دەرچووی کولێجی یاسا .

چالاکی یە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یەکانی

کراوە بە بەڕێوەبەری ناحیە لە پارێزگای میسان و نەینەوا و لە دوایی کراوە بە قایمەقامی شێخان و ئینجا جێگری پارێزگاری سلێمانی و پارێزگاری قادسیە و مثنی و لە ساڵی ١٩٧٤دا کراوە بە پارێزگاری هەولێر و لە دوای دامەزراندنی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی بوە بە ئەندامی ئەنجومەنی یاسا دانان و ئەمینداری گشتی بەڕێوەبردنی شارەوانی و هاوینە هەوارەکان و لە دەورەی دووەمدا بوە بە ئەمینداری گشتی بەڕێوەبردنی کاروباری ئابووری و دارایی .

ناو : صباح سعید کرم هاواری .

شوێن و مێژووی لە دایك بوون : گوندی هاوار - خورمال - حەلەبجە - ١٩٤٧ .

کاری ئێستای : جێگری سەرۆکی یەکێتی کۆمەڵەی هەرەوەزی کرێکاران لە سلێمانی .

پلەی زانستی : دەرچووی خوێندنی ناوەندی .

چالاکی یە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یەکانی :

لە بواری گشت و کاڵدا کاری کردوە لە دواییدا بوە بە جێگری سەرۆکی یەکێتی کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاران لە حەلەبجە و ئینجا سکرتێری کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاران لە سلێمانی و لە دواییشدا جێگری سەرۆکی یەکێتی کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاران لە سلێمانی و لە بڕوانامەی دبلۆمی زانستی کشتوکاڵی لە ئەکادیمیەی کشتوکاڵی زانکۆی صۆفیا وەر گرتوە و لە کۆنگرەکانی وڵات و جیهانی هەرەوەزی جوتیاران بەشداری کردووە لە دواییدا بوە بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی گشتی هەرەوەزی جوتیاران .

ناو : عبدالله حمید رۆژبەیانی .

شوێن و مێژووی لە دایك بوون : خانەقین ١٩٤٣ .

کاری ئێستای : بەڕێوەبەری مەکتەبی رێکخراوە گەلی یەکانی سەر بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش .

چالاکی یە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یەکانی :

ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شۆڕشگێری کوردستان و ئەندامی سکرتاریەتی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازو ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی . لە کۆنگرە هەرە بەرزەکانی وڵات و عەرەبی و بە تایبەتی کۆنگرەکانی بارمەتیدان و پشتگیری کردنی مەسەلەی فەلەستین و بزووتنەوەی نیشتمانی لوبنان و کۆنگرەی نەتەوەیی گەلی لە بەغدا بەشداری کردوە .

ناو : عبدالله محمد شریف .

شوێن و مێژووی لە دایك بوون : حەلەبجە ١٩٤٤ .

کاری ئێستای : سەرپەرشتی کەر لە بواری نەهێشتنی نەخوێندەواری .

پلەی زانستی : دەرچووی خانەی مامۆستایان .

چالاکی یە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یەکانی :

بوە بە لێپرسراوی نەقابەی مامۆستایان لە قەزای حەلەبجە و سەرۆکی ئەنجومەنی گەل لە حەلەبجە و ئەندامی دووەم دەورەی ئەنجومەنی یاسا دانان و شارەزایی لە هونەری تەشکیلی هەیە و دوو پشمانگای پۆستەری سیاسی لە حەلەبجە کردۆتەوە .

ناو : عبدالوهاب میرزا عمر الاتروشی .

شوێن و مێژووی لە دایك بوون : قەزای شێخان - نەینەوا ١٩٣٦ .

کاری ئێستای : راوێژکار لە لیژنەی کاروباری باکور کە سەر بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشە .

پلەی زانستی : دەرچووی کولێجی پۆلیس .

چالاکی یە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یەکانی :

پارێزگاری هەولێر و لە نەبار بووەو لە بواری نیشتمانیدا چالاکی یەکی ناشکرای هەیە .

ناو : عثمان کریم عارف .

شوێن و مێژووی لە دایك بوون : ناحیەی سیروان - گوندی پریسی ژوورو قەزای حەلەبجە .

کاری ئێستای : پاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی کاروباری تەسویق لە کۆمپانیای گشتی بازرگانی ئامێرو مەکینە .

پلەی زانستی : بە کالۆریۆس لە یاسا .

چالاکی یە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یەکانی .

چالاکی رۆشنبیری .

ناو : عثمان محی الدین عزیز بەرزنجی .

شوێن و مێژووی لە دایك بوون - گوندی خورخورەی سەرو ناحیەی مەیدان - پارێزگای دیالی .

کاری ئێستای : موختار .

پلەی زانستی : دەخوێنێ و دەنووسێ .

چالاکی یە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یەکانی :

موختاری مەرکەزی ناحیەی پێباز لە قەزای کەلارو چالاکی کۆمەڵایەتی هەیە .

ناو . علی معروف محمد .

شوێن و مێژووی لە دایك بوون : حەلەبجە ١٩٣٠ .

کاری ئێستای : ن . ض . خانە نشینکراو .

پلەی زانستی : دەرچووی خوێندنی سەرەتایی .

چالاکی یە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یەکانی :

ئەندامی ئەنجومەنی گەل و ئەنجومەنی شارەوانی و لیژنەی راگەیاندنی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە قەزای حەلەبجە .

ناو : کامل شێخ عبدالقادر طه چوبسه .

شوێن و مێژووی لە دایك بوون : گوندی چوبسه قەزای بێنجوین ١٩٤٩ .

کاری ئێستای : دوکاندار .

پلەی زانستی : دەرچووی خوێندنی سەرەتایی .

چالاکی کۆمەڵایەتی .

ناو : کریم حسین رحیم .

شوێن و مێژووی لە دایك بوون : شارباژێر ١٩٥٠ .

کاری زانستی : دەرچووی خانەی مامۆستایانی سەرەتایی .

چالاکی یە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری (المجمعات السکنیه) و گوندە هاوچەرخەکانی ناوچەکە بەشداری کردوە .

ناو : کمال محمد مام رشید .

شوێن و مێژووی لە دایك بوون : قەزای چوارتا ساڵی ١٩٥١ .

کاری ئێستای : سەرۆکی یەکێتی گشتی کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاران لە قەزای چوارتا .

پلەی زانستی : دەرچووی خوێندنی سەرەتایی .

چالاکی یە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یەکانی :

لە رێخراوەکانی جوتیاران لە قەزای شارباژێرا ئیشی کردووەو لە دەوراتی .

رۆشنبیری و کشتوکاڵی دەرەوەی وڵات بەشداری کردووەو هەروەها لە رێکخراوەکانی پیشەنگاکانی شارباژێر ئیشی کردوە .

ناو : مصطفی صبری مصطفی جاف .

شوێن و مێژووی لە دایك بوون : پێباز ١٩٤٧ .

کاری ئێستای : ئەندامی ئەنجومەنی یاسا دانانی ناوچەی کوردستان .

پلەی زانستی : دەرچووی خوێندنی سەرەتایی .

چالاکی یە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یەکانی :

بوە بە موختاری شاروچکەی پێبازو ئەندامی ئەنجومەنی یاسا دانانی ناوچەی کوردستانە .

ناو : محمد امین محمد احمد پێنجوێنی .

شوێن و مێژووی لە دایك بوون : پێنجوێن ١٩٤٣ .

کاری ئێستای : بەڕێوەبەری رۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی .

پلەی زانستی : دەرچووی خوێندنی سەرەتایی .

چالاکی یە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یەکانی :

ئەندامی یەکەم دەورەی ئەنجومەنی یاسا دانان ساڵی ١٩٧٤ بەڕێوەبەری ناحیەی گەرمك ساڵی ١٩٧٥ بەڕێوەبەری رۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی ساڵی ١٩٧٦ لە دواییدا ئەندامی دووەم دەورەی ئەنجومەنی یاسا دانان ساڵی ١٩٧٨ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی و ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردو نەقابەی رۆژنامەنووسانی عیراق .

ناو : محمد سعید کاکە کە بە محمد موریاس بەناو بانگە .

شوێن و مێژووی لە دایك بوون : گوندی موریاس : شارباژێر .

کاری ئێستای : بەڵێندەر .

پلەی زانستی : خوێندنی سەرەتایی .

چالاکی یە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یەکانی :

چالاکی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری .

ناو : محمد صدیق محمود .

شوێن و مێژووی لە دایك بوون : سلێمانی ١٩٣٥ .

کاری ئێستای : ئەمینداری گشتی بەڕێوەبردنی کشتوکال جلوسەر کردنی کشتوکاڵی ناوچەی کوردستان .

پلەی زانستی : بەکەلۆریوس یاسا ١٩٦٤ .

چالاکی یە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یەکانی :

گەلی پایەی میری بینیوە لەوانە ئەندامی ئەنجومەنی دانانی ناوچەی کوردستان و جێگری پارێزگاری دهۆك بۆ ماوەی سێ ساڵ .

لە دامەزرێنەرانی (کۆمەڵەی) هونەرو وێژەی کوردی یەو ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی بوە تاوەکو ساڵی ١٩٧٥ دا لە شاری سلێمانی و ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردەو سەرۆکی کۆمەڵەی حقوقی - یەکانی عیراقە لە هەولێرو شانۆ نووسەو لە گەلێ کاری هونەری وەك دەرهێنەرو ئەکتەر بەشداری کردوە .

ناو : مهدی غفور شریف .

شوێن و مێژووی لە دایك بوون : حەلەبجە ١٩٤١ .

کاری ئێستای : ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش مەکتەبی رێکخراوە گەلی یەکان .

پلەی زانستی : دەرچووی خانەی مامۆستایانی سەرەتایی .

چالاکی یە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یەکانی :

لە بواری نیر کردندا چالاکی ی هەیەو بوە بە سەرۆکی لقی نەقابەی مامۆستایان لە سلێمانی و لقی نەقابەی مامۆستایانە لە ناوچەی ئۆتۆنومیدا .

ناو : نەبەرد محمد سعید جاف .

شوێن و مێژووی لە دایك بوون : قەزای کەلار ١٩٤٧ .

کاری ئێستای : موچەخۆر لە کارگەی (الابنیه الجاهزه) لە بەسرە .

پلەی زانستی : بەکالۆریۆس ئادابی لە زمانی ئینگلیزی .

چالاکی یە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یەکانی .

گەلێ پایەی میری بینیوەو چالاکی ی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری هەیە .

ناو : وهاب سعید فرج هەورامانی .

شوێن و مێژووی لە دایك بوون : گوندی گولپ ، بیارە ، حەلەبجە ١٩٤٤ .

کاری ئێستای : ژمێریاری دارایی لە دەزگای گشتی شەکر لە سلێمانی .

پلەی زانستی : بە کالۆریۆس لە بازرگانی ، زانکۆی بەغدا .

چالاکی یە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یەکانی :

لە کارگەی شەکری سلێمانیدا دامەزراوەو لە ساڵی ١٩٧٩ دا بە سەرۆکی کۆمەڵەی ئابووری شوناسەکانی سلێمانی هەڵبژێردراوەو لە گەلێ کۆنگرە لە ناوەوی وڵاتدا بەشداری کردوە .

سێیەم ناوچەی هەڵبژاردن

ناو : احمد ملا کریم علی

شوێن و مێژووی لە دایك بوون : چەمچەماڵ ١٩٣٥ .

کاری ئێستای : مامۆستای ئامادەیی مامۆستایان لە تەئمیم .

پلەی زانستی : بە کالۆریۆس لە کولێجی دیراساتی عەرەبی لە قاهیرەو دبلۆمی بەرز لە پەروەردەو سایکۆلۆژی کولێجی پەروەدەی مبسر .. گەلێ توێژینەوەو لیکۆڵینەوەو کتێبی لە بواری پەروەردەو سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی هەیە .

ناو : انور رشید احمد بێتواتە .

شوێن و مێژووی لە دایك بوون : ناحیەی بێتواتە ، رانیە ١٩١٦ .

کاری ئێستای : ئەندامی ئەنجومەنی یاسادان .



ناو : بکر محمود رسول پشدەری .

شوێن و مێژووی لە دایك بوون : قەلادزێ ١٩٣٧ .

کاری ئێستای : وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی .

پلەی زانستی : لیسانس لە یاسا ساڵی ١٩٦١ - ١٩٦٢ .

لە گەڵ پایەی رەسمی ئیشی کردوە لەوانە قایمەقامی قەزای قەلادزێ ساڵی ١٩٦٨ و پارێزگاری سلێمانی ١٩٧٤ و سەرۆکی ئەنجومەنی یاسا دانانی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنومی ساڵی ١٩٧٤ - ١٩٧٥ لە دواییشدا وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی .

سەرۆکایەتی و بەشداری و بۆینەرایەتی عیراق کردوە لە گەڵ کۆنگرەی نەتەوەیی دەوڵەتاندا .. سەرۆکی دەستەی باڵای چاودێری بەکەوتەکانە .. ئەندامی لیژنەی باڵای بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازە لە وڵاتدا .. سەرۆکی دەستەی منداڵەکانە لە وڵاتا .. ئەندامی نەقابەی رۆژنامە نووسانی عیراقە . سەرنووسەری گۆڤاری کارو پەرپێدانی کۆمەڵایەتی یە ، سەرۆکی کۆنگرەی رێکخراوی کاری عەرەبە لە بەغدا هەروەها سەرۆکایەتی کۆنگرەی وەزیرانی کاروباری کۆمەڵایەتی عەرەب کردوە لە لە بەغدا .

ناو : بکر وسو محمد .

شوێن و مێژووی لە دایك بوون : گوندی هێرو ، پشدەر ١٩٤٠ .

کاری ئێستای : سەرۆکی یەکێتی کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاران لە قەلادزێ .

پلەی زانستی : دەرچووی خوێندنی سەرەتایی .

چالاکی یە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یەکانی :

سەرۆکی یەکێتی کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاران لە پشدەر .

بروانە ل : ٨

Institut kurde de Paris

رۆژنامەنووسی و دەوری لە ژیانی ئێمە

● ئەوا بادی رۆژی رۆژنامەنووسی عیراق دەگەینەوە، وەك ئوسولە ئاساییەکە ، ئێمە ، دەبێ لە لایەن خوێنەرانەوە ، پیرۆزبایمان لێ بکرێ ، لە چەژنی ئافرەتاندا ، ئێمەی پیاو ، چەپکە گوڵ ئەدەینە دەست خۆشەویست و دایك و خوشك و هاوڕێکانمان، رۆژی مامۆستا قوتابیان چەپکە گوڵێ ڕێز پێشکەش مامۆستاکانیان دەکەین و . . . . . بەم جۆرە .. ، بەپێی ئەم ئوسوڵ و عورف و عاداتەی لە جەژنەکاندا هەیە ، ئێمە رۆژنامەنووس چاوەڕێی چەپکە گوڵی خوێنەرانین ئێمە خۆشمان ، یەکێکی ماچ دەکەین و دەست دەگەینە مل یەکترو جەژنە پیرۆزە لە یەکتر دەگەین.

● من ، لەم موناسەبەتەدا ، تەنیا باسی پیرۆزبایی و جەژنە پیرۆزە ناکەم ، موعاناتی ئێمە ، لە دنیای رۆژنامەنووسی کوردیدا، هەردەبێ لەم جۆرە موناسەباتانەدا دەربڕری ، بەمەبەستی « منەت کردنە » بەسەر خوێنەراندا، بەڵکو بە مەبەستی دروست کردنی ڕێگای لە یەك گەیشتن لە نێوان ئێمەو خوێنەرە ئازیزەکانماندا .

● ئەوەتەی لە دنیای رۆژنامەنووسیدا هەڵدەسووڕێم ، گەلێ بناشتی خوێنەران - جێی داخە هەندێ خاوەن قەڵەمیش - لە دەرەوەی دوورەوە بووە، واتە ، قسەی بەر سێبەرمان لە گەل دەکەن و ئێمەش هەر خۆمان دەزانین لە بەر چ قرچەی هەتاوێکا وشەی لاپەڕەکانی رۆژنامە ڕێز دەگەین ..! هەرچۆنێ بێ .. . ئەم موناسەبەتە هەلە ... بە گوڵێ خوێنەرانی ئازیزدا بچرپێنم گەلەتیان لە سەر سەرمان ... ئێمە . .. خۆشەویستی ئێوەمان لە سەر زۆر شتەوە داناوە ، لەبەر خاتری خزمەتی ئێوە.. با جەژنی ئێمەپیرۆز بێ ...

● عبدالله عباس ●

مالاکی رۆشنبیری

● شانۆگەری «پرسیار »لە کویت ●

لەم بەینەدا شانۆگەری « پرسیار » لە لایەن پەیمانگای بەرزی هونەرە شانۆییەکانی کوێت لە ناو کوێت دەرەوەیدا پێشکەش دەکرێت ..

ئەم شانۆگەریە ڕۆمانووسی محی‌الدین زەنگنە نووسیوێتی و هونەرمەندی تونسی « المنصف السویسی » دەری هێناوە ..

شانۆگەریەکە لە کۆمەڵێ تابلۆی هونەری پێك هاتوەو کێشەیێکی مرۆڤانەش دەخاتە پێش چاو ..

زەنگنەی نووسەر نامەیێکی پڕ لە دڵسۆزی و ڕێزی لە لایەن «سوێسی» دەرهێنەرەوە پێگەیشتوە کە تیایدا داوا لە کاك محی‌الدین ددکات ڕێگەیان پێ بدات بۆ پێشکەش کردنی بەرهەمەکەی و ئەمجا سەرسامی و شانازی خۆی و هونەرمەندانی کوێت دەردەبڕێ بەرامبەر شاکارەئەدەبی و هونەریەکەی زەنگنە ..

مام حەسەن دەگەڕێتەوە

● شانۆی لادیی بی . لە بەرهەمێکی نوێدا

- مام حەسەن دەگەڕێتەوە -

لەو ماوەیەدا تیپی شانۆی لادیی‌بی لە هەولێردا شانۆگەریەکی نوێی پێش-کەش کردو چەند ڕۆژێك بەردەوام بو . ئەم شانۆگەرییە کە لە نووسینی جەو هەرکرمانج و ئامادەو دەرهێنانی فەتاح خەتاب بو باسی سالانی دەرەبەگی و ستەم کاریی دەکرد لە ناوچەی کوردستانداو هەمان شانۆگەری لەمیهرەجانی تیپەکە لە دهۆك پێش کەش کرا .

● پێشانگایەکی هونەری

لەم دوایەدا ، لە هولی « الواسطی » لە شاری بەغدا پێشانگای تایبەتی هونەرمەندی عیراقی موریس حداد کرایەوەو لە پیشانگاکەدا کە یەك هەفتەی خایاند بیستو حەوت تابلۆی هونەری پیشاندرا کە تابلۆکانی نواندنی باری ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی عیراقیان دەنواند .

ئەوەی شایانی باسە ، لە ئاهەنگی کردنەوەی پیشانگاکەدا ژمارەیەك لە کار بەدەستانی وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن و ژمارەیەکی زۆر لە هونەر دۆستان ئامادە بوون .

هاوینی ئەمسال و دەسڵەوتی هەوارەکان

له لێدوانێکی بەرێز ئەمینداری گشتی‌ی شارەوانی‌و هاوینەهەوارەکان بۆ « هاوکاری » :

شێرزاد عبدالرحمن

وا خەریکە پێشوازی لەهاوینی ئەمسال بکەین‌و پاش ماوەیەکی‌تر هاوینە هەوارەدلگیرەکانی کوردستان چەندەها میوان دگرێتەباوەش کە هەموو ساڵێ روو دەکەنە هاوینە هەوارەکانی ئێمەو هاوینی تێدا بەسەر ئەبەن .

ئەمسال ، هاوینە هەوارەکانمان لە بەرگێکی نوێ تر خۆیان دەنوێنن‌و دەسکەوتی گەورەیان لە بەردەمدایەو چاوەروانی ئەوە دەکرێ کە ئەمسال گەلێ هەنگاوی مەزن بگرێتەوە هەروەکو مامۆستا - سعاد حبیب - ی ئەمینداری گشتی‌ی شارەوانی‌و هاوینە هەوارەکان یەکەیەکە باسی ئەم دەسکەوتانەی بۆ کردین. لە بامەرنێدا گازینۆیەکی گەورە لە دروست کردندایەو چوار خانووو گازینۆو چێشتخانەیەکی گەورە لە قۆپی قەرەداغو بەردەوام بون لە سەر تەواو کردنی بڕۆژەی ئاوی سەرسەنگ . دیسان ، کار بەردەوامە لە قیرتاو کردنی ئەو شەقامانەی کە تا ئێستا دەستی چاك کردنەوەیان نەگەیشتۆتێ‌و بنیاد نانەوەی چەندەها گۆڕستان‌و دامەزراندنی بازاڕی هاوچەرخ لە هەولێرو سلێمانی‌و دهۆك‌دا .

هەر بە نیازی حەسانەوەی زیانی هاووڵاتیان‌و خزمەتگوزاری بەر فراوانتر ، مامۆستای ئەمیندار ئەوەی بۆ روون کردینەوە کە دوو گازینۆ لە دهۆك دروست دەکرێ ، لە گەل دوو گازینۆی نوێ لە سلێمانی .

لە هەولێردا ، ٢٣ گازینۆی هاوچەرخ خەریکە دروست دەکرێ ، وە ئەم بڕۆژانە (١٨) ملیۆن دیناری تێدەچێ لە رووی ئەو بڕۆژە گەورانەش کە بەم نزیکانە تەواو دەبن ، بڕۆژەی گازینۆیەکی گەورەیە لە هاوینە هەواری گەلی عەلی بەگ‌و گازینۆیەکی فراوان لە بێخال‌و دامەزراندنی چەند خانوەیەکی حەسانەوە کە (٣٥٠) هەزار دیناری بۆ ئامادە کراوە ، لە گەل دورست کردنی دە خانو لە ئەحمەد ئاوا .

لایەنی خزمەتگوزاری لە هاوینە هەوارەکاندا ، ئەمسال فراوانتر بوە ، هەر وەکو بەرێز ئەمینداری گشتی‌ی رووونی کردەوە ، ئەمسال سەرەپای « ئەساسی » ژوورەکان لە هاوینە هەوارەکاندا گۆڕاون، سەرەڕای ئەوەی کە وا چاوەڕوان دەکرێ کادیری تایبەتی بۆ خزمەتگوزاری هاووڵاتیان زیاتر بکرێ

نمونەی قوتابی‌یەکی زیرەك

ژیانی قوتابی لە چوارچێوەی قوتابخانەو ماڵەوەو کۆشش کردن‌دا ئەسوڕێتەوە .. . خۆ کە تاقی‌کردنەوەی سەری ساڵ نزیك دەبێتەوە ئیتر خەوو خۆراکی قوتابی دەبێتە کتێب‌و خوێندنەوەو کۆشش‌کردن بۆ سەرکەوتن لە گران‌ترین تاقی کردنەوەی وەرزی خوێندن‌دا ... ،

بەڵام لەم بوارەدا دوو جۆرو شێوەی قوتابی هەن کە بە هیچ جۆرێك دەربەستی ئەم تاقی‌کردنەوە گرانە نابەن ... یەکێکیان ئەوانەن کە سەرەپای ساڵەکەیان بۆ کات بە فیڕۆ دان‌و رابواردن‌و بەزم خۆشی بەسەر دەبەن‌و هەر بە ناو دەچنە هۆڵی تاقی‌کردنەوەو نە گریان دەگەڕێنە ماڵەوە... ئەوی گەشیان ئەوانەی کە هەر لە یەکەم ڕۆژی دەست‌پێ‌کردنی وەرزی ساڵەوە هەول‌و کۆشش‌و خوێندنیان تەنها شەو چەرەی رابواردنیانە بۆیە لەمانەش هەندێکیان ئەوەندە خۆیان ماندو دەکەن لە کاتی خۆیدا تام‌و چێژی ماندو بونەکەیان دەچێژن‌و ئەوەندە نمرەکانیان بەرزو بە هێزن لە تاقی‌کردنەوەی سەری ساڵ دەبەخشرێن‌و بە پێکەنینەوە دەگەڕێنەوە ماڵەوە وەك قوتابی زەیرەك خوشکە بەناز شوکت صدیق قوتابی پۆلی دووی ناوەندی لە سانەوی خانزادی سلێمانی کە ئەمساڵ‌و پار ڕاژەی نمرەکانی لە ٩٢٪ بوە بۆیە لە ئێستاوە چاکی حەوانەوەو پشودانی لێ‌کردوە بەلادا ...! بەڵام وا بزانم تا رادەیەك وا وایش تی‌یە چونکە وەك خۆی وتی لە ئێستاوە خۆی بە بانەتەکانی پۆلی سێی ئایندەوە خەریك دەکات هەروەها لەم کاتەشدا هاریکاری‌و یارمەتی ئەو قوتابیانە ئەدات کە لە وانەکانیانا لاوازن بۆ نمونە خوشکە خانزاد خۆی لەگەل قوتابی‌یەکدا ماندو کردوە کە لە ماتماتیکدا زۆر لاواز بوە بەڵام توانیویەتی رادەو ئاستی خۆیی‌و نمرەکانی بەرز بکاتەوەو بێتە ٥٩٣ .

فریا عبدالله
پ. هاوکاری لە سلێمانی

بڕوانە ل : ٧

هەرچارەی مووسیقا

مستەفا سالح کەریم

« کەوا ، فەرموو بخۆ »

دەگێڕنەوە دەڵێن : جارێکیان « مەلای مەزبورە» لە گەل ژمارەیە لە دەولەمەندان‌و ناودارانا لە سەر « زیافەت » دەبێ ، لەبەر ئەوەی مەلا ، شرۆڵەو پەڕپوت دەبێ کەس گوێی ناداتێ ، بە پێچەوانەشەوە لەبەر ئەوانی دی هەڵدەسن‌و فەرمویان لێ دەکەن‌و دەیان خەنە لای ژوروەوە .

مەلا ، کە ئەم حاڵەی بینی،بێ‌دەنگ ، پاشەوپاش کشایەوە ، چوە لای دۆستێکی ، کەواو سەڵتەیەکی تازەی لێ‌خواست ، لەبەری کردو خۆی پۆشتەو پەرداخ کرد ئەمجا بەرەو دیوەخان چوو ، هەر سڵاوی کرد هەمو بەرزە بێ لە بەری هەستان‌و بەخێر هاتنێکی گەرمیان کردو خێراش سینی‌یەکی رازاوەی لەبەر دەمدا ، دانرا ، ئەمیش مەردانە چمکێکی کەواکەی گرت‌و رووی تێ‌کرد : « کەوا ، فەرموو بخۆ » کاتێ دانیشتوان دایانە قاقای پێکەنین‌و ئەم کارەیان بەلاوە سەیر بوو ، مەلا وتی :

« بەرێزان ، پێ‌کەنینتان نەیەت ، شتەکە زۆر ئاساییە ، ئەم خواردنە بۆ من دانەنراوە ، بەڵکو بۆ جل‌وبەرگەکەمە ، چونکە من پێش تۆزێ لێرە بووم شرو شێواوبووم ، کەس خۆی نەکرد بە خاوەنم ، بەڵام کەوای تازەتان بینی هەموتان گۆڕان » .

پاش چەندەها ساڵ بە سەر گورشتەیەدا ، هێشتا یاسای « کەوا ، فەرموو » هەر ، زرمەی دی ، جا مەرج نیە مەسەلە هەر کەوا بێ یان قاتی ئینگلیزی بێ ، ئەشێ پایەو کار بەدەستیش هەر بەم شێوەیە بن کە ئەمانە هەبوون زۆر جار بۆیان ئەبن بە بەساپۆرت ، لە گەل نەمانیشیانا بەساپۆرتەکەش ئیتر کار ناکا .

ئەم جۆرە یاسایە لە کاتێکدا لە کۆمەڵگایەکی دوا کەوتودا یان لە ناو خەڵکی سادەدا برەویشی هەبێ زۆر جێگای تانووت نیە ، بەڵام ئازارەکە لەوەدایە ، لای هەندێ « روناکبیرانیش » ئەم دەردە تەشەنەی کردبێ : ئەگەرچی لای ئەمان رەنگە هەر « کەوا ، فەرموو » بێ ، نەبێ ، بەڵکو ئەمەشی لەبان بێ (ئەوەی لەبەر چاوانە ، لەسەر دڵانە) بەڵگەش زۆرە ، بەڵام جارێ با ئەوەندە بەس بێ .

لە دەرەوەی سنوردا

عبدالقادر علی مردان

لەم دوایی‌یەدا ئەو کومپانیایانەی ئۆتۆمبیل دروست دەکەن نموونەی چەند ئۆتۆمبیلێکیان پیشان‌داوە ، لە دروست کردنی‌دا هەموو هۆیەکی تاکنەلۆژیای نوێیان تێدا بەکار هێناوە ، بۆدی‌و دیوی دەرەوەی ئۆتۆمبیلەکە لە تەلە شووشەو پلاستیکی پالە پەستوو کراو دروست کراوە ..

بەچەشنێك دروست کراوە دوو کەس بکرێت‌و ، دوو سەد کیلۆمەتر خێرایی بێت لە سەعاتێکدا ، حەوت‌و شەش لە دەی لیتر بەنزین سەرف دەکات ، وەکوو شێوەی دەوری رایەخ کراوە، ئەمەیش وای لێ‌دەکات هەڵەو دیو نەبێت‌و وەرنەگەڕێت ، سەرەڕای ئەوەیش تایەکانی پان‌و بەرێنن ئەویش بۆ ئەوەی کە ئۆتۆمبیلەکە بەو پەری خێرایی ڕۆیشت وەرنەگەڕێت .. بۆیە ئەم ئۆتۆمبیلە زۆر باشەو دەمەنی دەرەوەیشی قەشەنگە .

شتێکی دیکەی ئەم ئۆتۆمبیلە ئەوەیە .. کە دەرگاکانی بەرەو سەرەوە دەئڕێنەوە .. نەك بەرەو ئەم لاو ئەو لا وەك لە ئۆتۆمبیلەکانی تردا بەو جۆرەیە .. لەژێر دەرگاکانیشەوە دوو تانکی‌ی بەنزین هەن بۆکاتی سەفرکردنی دوور پڕ دەکرێن‌و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئیش‌دەکەن کاتێك بەنزینی تانکی‌یەکە سەرەکی‌یەکە تەواو بێت .

هەروەها لەکاتی ڕاوەستان‌دا زۆر نزمەو لەزەوی‌یەوە نزیکە .. هەر کە پترکەوتە ڕێی بڕی‌و خێرا ڕۆیشت ئەوا لەزەوی‌یەوە بەرزتر دەبێتەوە .. ئەم ئۆتۆمبیلە ئێستا لەژێر لێکۆڵینەوەو تاقی‌کردنەوەدایە دوایی ئەوە لەوانەیە بۆ فرۆشنیش بەرهەم بهێنرێت .. بەڕاستی .. فریشتەیەکی هیمن‌و لەسەر خۆیە بەشەقامدا بەهێمنی‌و دڵنیایی‌و سەربەرزی‌یەوە دەروات .. !

جیهانی منداڵان

-شیعر بۆ منداڵان -

مەرگی زۆردار

محەمەد حەمە باقی

پاشایەك هەبوو زۆردار
خوێنی ئەڕشت،بێ شووومار
رقی لە گەل‌و مەل بوو
دوژمنی زوربەی گەل بوو
ئەم پاشایە شەوێکیان ،
خەوی دی ، خەوی گران،
هەڵویەکی گەورەی دی
بە ژوور سەریەوە ئەفڕی
شڵەژا ، لەرزی ، ترسا
قیژەو ، نەرەی لێ‌هەڵسا
خێرا فرمانی وەرکرد ،
هەر ئێستاکە،دەستو برد،
هەرچی هەڵۆیە بیگرن
هەموویان یەك یەك بکوژن
دەستو پێوەند ، دەستو برد
دەستیان بەپشکینن کرد
هێلانەو ، چەمو ، نشێو ،
بێشەو ، دارستان‌و ، کێو
هەموویان پاك پشکنی
هەڵۆیەکیان نەبینی . . .
پاشا ، توندتر تووڕە بوو
قیرانی هەر ئێستا ، زوو
هەرچی مەل‌و باڵدارە
مەیان هێنێ ، لەم شارە
کەوتنە کوشتنی باڵدار
قڕیان کردن بەهەزار .
کەچی پاشی قەلاچۆ
هەموو شەوانێ هەڵۆ
پاشا لە خەویا ئەبدی
لە ترسانا ، ئەلەرزی
بەیانییەکیان زۆر زوو
هێشتا خۆر نەکەوتبوو
بوو بە هەراو ، ژاوەژاو
ووتیان ئەمشەو لە ناکاو
پاشا ، خەوی زڕاوە
لە پڕ دڵێ وەستاوە !

« سەرکۆ - بەمۆ - ئاکۆ » صدیق

گۆلان جەعفەر

سامح زاید عبدالله

هاشم رعد

Institut kurde de Paris

٢٠ی حوزەیران

تیکڕای گەلی عیراق وەفای خۆی بۆ شۆڕش و سەرکردە دووپات کردەوە

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی و
سەرنووسەر
اسماعیل رسول

شەقامی الجمهوریە
مەیدانی الخلانی
ت ٥/٨٨٧٥٧٩٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری

الثامن

رۆژنامەیەکی
هەفتانەیە
٨ لاپەڕە
٢٥ فلسە

دیموکراتیەت
سەرچاوەی هێزی تاکە کەس و کۆمەڵە
سەرۆکی فەرمانڕەوا
صدام حسین

● دوو شەممە ٢٣ی حوزەیران ١٩٨٠ ژمارە ٥٣١ ●

● الاثنین ٢٣ حزیران ١٩٨٠ العدد ٥٣١ ●

سەرۆکی فەرمانڕەوا صدام حسین لە کاتی گەڕان بە مەلبەندەکانی هەڵبژاردن دا

لە گوندەکانی پارێزگای ئەنبار ●

هەر یەک لە ئێوە وای لێ هاتووە دەرک بە ئەوە بکات کە لێپرسراوێتی

مێژوویی یانەی تەنیا پاراستنی خاکی عیراق و تەنیا داکۆکی کردن لە سەربلندی ی

عیراق و عیراقیەکان نی یە و بەس بەڵکو و لەوەتدایە کە بەیداخی شۆڕشی عەرەبی

هەڵبگرێت بۆ ئەوەی ڕووناکی بە هەموو نیشتمانی عەرەب دا بڵاو بکاتەوە ●

رۆژی هەینی رابوردوو بەڕێز سەرۆکی فەرمانڕەوا صدام حسین سەری لە مەلبەندەکانی هەڵبژاردن دالە گوندەکانی سەر بە پارێزگای ئەنبار بۆ سەرنجدانی ڕەوتی کاروباری هەڵبژاردن.

ئەوەبوو سەرۆکی بەڕێز سەری لە مەلبەندی هەڵبژاردنی (النساف) دا لە گوندی (الحمدة) و سەیری ڕەوتی هەڵبژاردنی کرد و پرسیاری لە هاووڵاتیان کرد دەربارەی پاڵێوراوەکانیان و ئەو هۆیانەی وای لێ کردوون دەنگیان بۆیان بدەن دووباتی ئەوەیشی کردەوە کە دەبێت هەڵبژاردنەکە لەسەر ئەو بنەڕەتە دامەزرابێت تا چی ڕادەیەک ئەو پاڵێوراوە خزمەتی نیشتمان و جەماوەرەکەت و کەفانەتی لە کارکردندا بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی چەندە .

هەروەها سەرۆکی بەڕێز سەری لە مەلبەندی هەڵبژاردنی (الصقلاوية)دا لە گوندی (رميلە) تیایدا چاوی بە ژمارەیەک ئافرەتی هەڵبژێرەرو هەڵبژێرەرە پیاوەکان کەوت و سەبارەت بە پاڵێوراوەکانیان و ڕەوتی چوونە ڕێوەی هەڵبژاردن پرسیاری لێ کردن .

جەماوەری کۆبووەوە لە مەلبەندەکانی هەڵبژاردندا بەبمانی بە سەرۆکی بەڕێز صدام حسین دا بۆ سەرخستنی ئەم ڕەفتارە دیموکراتیانە فراوانەی کە وولاتەکەمان لە سێبەری شۆڕشی حەفدەی تەمووزی پیرۆزەوە لە وڵاتەکەماندا بەدی هاتوون . ئەم هەنگاوەش قەناعەت و باوەڕی جەماوەری فراوانی گەلەکەمان بەهەموو لایەنە کۆمەڵایەتیەکانیەوە بە ڕێڕەوی دیموکراتیانەی شۆڕشگێڕی دووپات دەکاتەوە ، کە دەمێك بوو چاوەڕێی بوو ، بۆ ئەوەی بەڕابەڕاندنی ئەم هەنگاوە ، یەکێك لە موستەلزەماتی و مەرجی ڕوو بەڕووبوونی قۆناخی ئیستا بە هەموو لایەنەکانیەوە بەدی بێت ، وە بۆ ئەوەی ئەم تاقی کردنەوە نوێ و تایبەتە پشتیوانی پتەوکردنی بیرو باوەڕی حزبو شۆڕشو سەرکەوتنەکانی بێت .

لەبەر ڕووناکی ئەم بۆ چوونەدا ، ئەم تاقی کردنەوەیە پەیوەندی قوڵی نێوان سەرکردایەتی و جەماوەری زیاتر کردو زیاتر باوەڕی بە ئامانجو باوەڕەکانی بەهێز بوو کە خاوەنی بنکەیەکی سەختی میللی بەو باوەڕی دڵسۆزی بە سەرکردایەتی و ئامانجەکانی هەیە ، بەجۆری هەر بیتاقەیەکی هەڵبژاردن لێدانێکی توندبوو بەرووی دوژمنداو کۆبوونەوەی جەماوەری ڕاستەقینەی لەپشت سەرکردایەتیەکەیەوە و سەرۆکی تێکۆشەر صدام حسین دووپات کردەوە لەسەر ڕێگای پێشکەوتنی ڕاست و بەڵگەیەکی نوێ بوو لەسەر حەتیمەتی ڕوخاندنی هەر تەقەللایەکی ترسنوکەکان کە دژی سەلامەتی شۆڕش یان بۆ کوسپ خستنە بەردەم کاروانی بەرەو پێشەوە چووی بدرێ .

ئەمەش زیادەیەکی ترە دەچێتە سەر تاقی کردنەوەکانمان لەپاڵ ئەوەدا ئەم سەرکەوتنە پەردە لەرووی ئەوانە لادەدا کە درۆو دەلەسە بەناوی دیموکراتیەتەوە دەکەن و بە چەندان پەتی گومان لێ کراو بە لایەنە بێگانە بچوك و گەورەکانەوە بەستراون .

سڵاو لە سەرکردایەتی تێکۆشەرمان کە لە سەرکەوتنێکەوە بەرەو سەرکەوتنی ترمان دەبات ..

سڵاو لە گەلەکەمان بەبۆنەی شایی و زەماوەندی دیموکراتی مەزنەوە .

● هاوکاری ●

● وتەی هاوکاری ●

سەرکەوتنی چاکترین شێوازی دیموکراتی لە وڵاتدا

رۆژی ٢٠ی ئەم مانگە ، ملیونەها لە ڕۆڵەکانی گەلی عیراقمان بە پیاوو ئافرەتەوە ، بەرەو کارپێکردنی مافی خۆیان لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی خۆیاندا لە ئەنجومەنی نیشتمانی لە سایەی بارێکی دیموکراتی سەربەستدا کە وڵاتەکەمان بەدرێژایی مێژوو بەخۆیەوە نەدیووە چوو .

رۆژی ٢٠ی حوزەیران ، رۆژێکی دیارە لە مێژووی تێکۆشانی درێژماندا لەسەر ڕێگای بەدی هێنانی قۆناخەکانی بیناکاری ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی و شارستانی و تا لەو ڕۆژەدا بەتەواوی سەربەستی و هوشیاریەوە باوەڕ بوون بە ڕێڕەوی شۆڕش و حزبە سەرکردەکەی کە جەماوەری گەلی عیراق تەواوی متمانەی خۆی بۆ ساغ کردۆتەوە کارێکی وابکات ئەو ڕۆژە مێژووییە ڕۆژێکی دیاربێ لە ڕۆژەکانی شۆڕش و هەنگاویکی جۆرەکی ڕاستەقینەبێ بخرێتە سەر دەستکەوتە نەمرەکانی کە بەرپابوونی شۆڕشی تەمووزی پیرۆزەوە لە وڵاتەکەماندا بەدی هاتوون . ئەم هەنگاوەش قەناعەت و باوەڕی جەماوەری فراوانی گەلەکەمان بەهەموو لایەنە کۆمەڵایەتیەکانیەوە بە ڕێڕەوی دیموکراتیانەی شۆڕشگێڕی دووپات دەکاتەوە ، کە دەمێك بوو چاوەڕێی بوو ، بۆ ئەوەی بەڕابەڕاندنی ئەم هەنگاوە ، یەکێك لە موستەلزەماتی و مەرجی ڕوو بەڕووبوونی قۆناخی ئیستا بە هەموو لایەنەکانیەوە بەدی بێت ، وە بۆ ئەوەی ئەم تاقی کردنەوە نوێ و تایبەتە پشتیوانی پتەوکردنی بیرو باوەڕی حزبو شۆڕشو سەرکەوتنەکانی بێت .

لەبەر ڕووناکی ئەم بۆ چوونەدا ، ئەم تاقی کردنەوەیە پەیوەندی قوڵی نێوان سەرکردایەتی و جەماوەری زیاتر کردو زیاتر باوەڕی بە ئامانجو باوەڕەکانی بەهێز بوو کە خاوەنی بنکەیەکی سەختی میللی بەو باوەڕی دڵسۆزی بە سەرکردایەتی و ئامانجەکانی هەیە ، بەجۆری هەر بیتاقەیەکی هەڵبژاردن لێدانێکی توندبوو بەرووی دوژمنداو کۆبوونەوەی جەماوەری ڕاستەقینەی لەپشت سەرکردایەتیەکەیەوە و سەرۆکی تێکۆشەر صدام حسین دووپات کردەوە لەسەر ڕێگای پێشکەوتنی ڕاست و بەڵگەیەکی نوێ بوو لەسەر حەتیمەتی ڕوخاندنی هەر تەقەللایەکی ترسنوکەکان کە دژی سەلامەتی شۆڕش یان بۆ کوسپ خستنە بەردەم کاروانی بەرەو پێشەوە چووی بدرێ .

ئەمەش زیادەیەکی ترە دەچێتە سەر تاقی کردنەوەکانمان لەپاڵ ئەوەدا ئەم سەرکەوتنە پەردە لەرووی ئەوانە لادەدا کە درۆو دەلەسە بەناوی دیموکراتیەتەوە دەکەن و بە چەندان پەتی گومان لێ کراو بە لایەنە بێگانە بچوك و گەورەکانەوە بەستراون .

سڵاو لە سەرکردایەتی تێکۆشەرمان کە لە سەرکەوتنێکەوە بەرەو سەرکەوتنی ترمان دەبات ..

سڵاو لە گەلەکەمان بەبۆنەی شایی و زەماوەندی دیموکراتی مەزنەوە .

● هاوکاری ●

لەسەری ڕاوەستاوە بنکەیەکی بزگارکراوی بچووکەو لێڕوانینی هەموو نیشتمانی عەرەب دەگرێتەوەو عیراقی یە کانیش سەربازی نەتەوەو زۆرترین شت کە شانازی و سەربەرزی ی پێوە دەکەن ئەوەیە کە خزمەتکاری نەتەوەن لە پێناوی مەبدەئەکاندا » .

هەروەها سەروکی بەڕێز وتی : زیاتر لە هەموو ئەمانەش ، عیراق لەدنیای دابەش کردنی دەستەلاتدا یەکێکە لە وڵاتە دانسقەکانی دنیای سێیەم ئەلێن من نە ئەمریکایم و نەسۆڤیەتی و نەفەرەنسایی و نەئینگلیزیم ... من عیراقیم و بەشێکم لە نەتەوەی عەرەب و نەك هەر ڕەفزی دابەش کردنی عیراق بە چەند بەشێکەوە دەکەم بەڵکو دژی ئێوەش کە دەتانەوێ نەتەوە دابەش بکەن بە چەند بەشێکەوە کار دەکەم .

بەرێزی وتی لە ماوەی دوانزە ساڵەوە ئێمە گوێمان لەرە دەبێ پیلان دەهوننەوەو بەردەوام تەقەللای شێواندن هەیەو ئەمە دەزانین بەڵام نەبان توانی جەربەزەیی گەلی عیراق بابدەن ، چونکە لە عیراقدا سەرکردەی دڵسۆزو لێهاتوو هەن ، نەك هەر ئەمە بەڵکو چونکە گەلی عیراق لە گەرمی ی ئەم هەموو کارەساتانەدا سوورە لەسەر خۆراگرتن ، ئەو حزبەی کە بە توانایی خۆیی لە ڕۆژگاری خەباتی نهینی و ڕۆژگاری بنیاتناندا سەلماندو ئەو سەرکردایەتیەش کە بەشێکە لە گەلەکەی و بەشێکە لە حزبو کاروان و دبارەکانی تر .

سەرۆکی بەڕێز ڕوو بەڕووی ئەفسەرو سەربازەکان وتی : ئێمە دڵنیاین هەر یەکێ لەئێوە ئبستا وای لێ هاتوە شت بە میزان دەکێشێ ... نەك یەکێکتان بەڵکو زیاترو ئێمەش بەردەوام ئەمان ویستوە .

ویستمان ١٢ ملیون بگەیەنینە ئەو کێشەی کە بەرامبەر ٤٠ ملیون بێ و ئبستا گەیشتوینەتە ئەو ڕادەیەو باوەڕمان بە خۆمان پتەوە کێشانمان لە توانا و بەکاری و جەنگ و بنیاتناندا لەسوودی خۆمانە ..

هەروەها بەرێز وتی : هیوامان بەردەوامیە لەسەر هەمان هیمەت و زیاتریش تاکوو فرسەتی مێژوویی بۆ دەورێکی مێژوویی بەدەست بێنن وەك باو باپیرانمان کردیان لە خزمەتی نەتەوەی عەرەبو مرۆڤایەتیدا .

سەرۆکی بەرێز صدام حسین داوای ئەوەی کرد کە زیاتر خۆراگرتن بە ڕێك و پێکی عەسکری پۆلایە وە هەبێ کە پێویستە متمانە بە بنەڕەتی مرۆڤایەتی بکات لە تێگەیشتنی دەوری مرۆڤداو بەو پێیەی حزبەکەتان بە تێکڕایی دیاری کردوە .

بەرێز سەرۆك صدام حسین وتی : ئێمە دڵشاد دەبین پێتان کە گوێمان لێدەبێ و هەست دەکەین ئێوە ئاوا تواناو ورەتان بەرزە بۆ خزمەتی باوەڕتان و خزمەتی شەرەفی عەسکەریتان و ئیستاو بە حەقیانەت دەتوانین بڵێین سوپای عیراق سوپای سوار چاکی و خاوەن باوەڕەو هەموو یەکێك تیایدا ئامادەیە نەك تەنیا بۆ بەرگری لە شەرەفی شمشێرەکەیوو شەرەفی ڕمەکەی بەڵکو بۆ سەلماندنی بەسترا وەیی دڵسۆزانەی بە خاکی ئەم نیشتمانەوەو دڵسۆزی قۆل بۆ ئەو کاروانەی تەمەنی (١٢) ساڵەو هەر یەکێ لەئێوە توانی بیناسی و سووربێ لەسەر خۆ پێوە بەستنەوە .

ئەفسەرو ئەفسەرەکانی ریز پەیمانیان بۆ سەرۆکی

بڕوانە ل : ٧

ئەفەریقا . . . دەچێ بەگژ کامپ دێفیدا

سەرۆکی سیرالیون ـ سیاکا ستیفنس ـ هیرشی بردۆتە سەر ڕێکەوتنەکانی کامپ دێفیدی خیانەتکارانەی نێوان زایونی دوژمن و ڕژێمی سادات و داوای کردوە باوەڕ بەمافی ڕەوای گەلی عەرەبی فەلەستین بهێنرێ و هێزەکانی داگیرکاری زایونی لە هەموو زەوی و زاری عەرەبی بچنە دەرەوە .

ناوبراو لە کردنەوەی کونفرانسی وەزیرانی دەرەوەی ڕێکخراوی یەکێتی ئەفەریقادا لە شاری ـ فری تاون ـ وتویە کونفرانسەکە گەلێ بڕیاری بەسوود بۆ باربووی بزوتنەوەکانی ڕزگاریخوازی ئەفەریقا دەدات .

محاکەمەکردنی بەشدارانی هەوڵی کودەتا سەر نەکەوتوەکەی فلیپین

سەرچاوەیەکی سوپای فلیپین بە ڕەسمی بڵاوی کردەوە کە پار نەخشەیەك بۆ کودەتایەکی عەسکەری دژی حکومەتەکەی سەرۆك فردیناند مارکوس سازکرا بوو بەڵام سەری نەگرت و ئەمساڵ ئەوانەی بەشداریان لەو هەوڵەدا کردبوو دەدرێن بەمحاکەمەکە دوو ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی و

بڕوانە ل : ٧

جەنگاوەرانی کورد لەهەڵەت بۆ دام و دەزگاکانی ڕژێمی ڕگەزپەرست دەبەن

جەنگاوەرە چەکدارەکانی کورد لە سێوە بۆ ١١ی ئەم مانگە زنجیرەیەك هەڵەتی چەکداری سەرکەوتویان کردۆتە سەردام و دەزگاکانی ڕژێمی فارسی ڕەگەزپەرست لە ئەنجام زیانێکی گەورەی لە سەرومالی ئەو ڕژێمە داوە .

هەواڵە ڕۆژنامەنووسیەکان کە لە پارسەوە گەیشتون و ، دەگەیەنن کە لە ئەنجامی ئەم هەڵەتانەدا (٨٩) گوژراو (٥٤) بریندار بوەو دوو زری بۆش هەڵتەکاوەو چەندان سەنگەری ڕژیمی فارسی وێران کراوەو جەنگاوەرانی کوردیش (٣٠) پارچە چەك دەستکەوتەیان بوەو حەوت فوربانیان داوەو چواریان لێ بریندار بوە .

هەواڵەکان بەتێکڕایی باسی ئەو شەرانە دەکەن کە لە نێوان چەکدارانی کوردو هێزەکانی سەر بەڕژێمی ئێراندا بەردەوامە ، کە لەم ماوەیەدا ڕژێمی ڕەگەزپەرست تەقەللای تێك شکاندنی دەستەلاتی گەلی کورد دەکا کە بۆ سەندنی مافی نەتەوەیی خۆی ڕابەڕیوە .

Institut kurde de Paris

ڕەفی بەیاننامەی دەستەی بالای سەرپەرشتی کردن لەهەڵبژاردن لە وڵاتدا

دەستەی بالای سەرپەرشتی کەری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی لە وڵاتدا بەیاننامەیەکی دەرکردووە ئەمە دەقی تەواویەتی .

بەپێی دەستەلاتی باسای ئەنجوومەنی نیشتمانی ژمارە (٥٥)ی ساڵی ١٩٨٠داو بە گوێرەی ئەوەی لە مەرسومی کۆماری ژمارە (٢٥٣) لە ٣٠ی نیسانی ١٩٨٠دا هاتووەو دەستپێ کردن لەو جەوهەرە چەسپاوو ڕەسەنەی مەبدەئەکانی بزووتنەوەی شۆڕشی عەرەبیو پێشەنگە تێکۆشەرەکەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو دوریات کردنەوەی پەیڕەوی دیموکراتیانەی سۆشیالیستی- یانەی شۆڕشی حەفدەی تەمووزی پیرۆزو بەردەوام - بوونو وەفاداری بۆ کەلەپووری خەباتکارانەی نەتەوەو خوو و ڕەوشتە ژیاریی یە میژوویی یەکە ڕەسەنەکانیو گەیاندنە لوتکەی ڕێڕەوی شۆڕشگێڕانەی پەرەسەندوو لە وڵاتە ئێکۆشەرەکەماندا و بۆ تەواوکردنی بنیاتنانی دام و دەزگا دیموکراتیەکانو وەدی هێنانی بەشداری کردنی گەلی فراون لە بەجێ هێنانی ئەرکەکانی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانەو مرۆڤانەو بە گیانێکی دیموکراتیانەو لێپرسراویەکی تێکۆشەرانەی بەرزەوەو بڕوابوونێکی گەورە بە پەرەوی شۆڕشگێڕانەی حزبی سەرکردە حزبی نەتەوەی عەرەب حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو لەبەر تیشکی ئامۆژگاریەکانی هاوڕێ سەرکردەی تێکۆشەر صدام حسین دا ڕابەری ڕێڕەوی نەتەوەو گەلان ..

ئەوەبوو کاروباری هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی لە هەموو لایەکی کۆماری عیراقدا لە ڕۆژی هەینی ی ڕێکەوتی ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٨٠دا بە بنەڕەتو سیستەمو ئەوو ئامۆژگاریانەی بە یاسا دەرچوونو لە دەستەی بالای سەرپەرشتی کەری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی یەوەو بە هۆشیاریەکی بەرزو هاتنەپێشەوەو حەماسێکی گەورەی جەماوەری یەوە کە گیانی نەتەوە لە باری ڕابەرینو لە نایاب ترین وێنە پشتیەك گرتنو وێنە پێشتیەك گرتنو گردبوونەوە لە دەوری سەرکردایەتی یە شۆڕشگێڕیەکەیو مەبدەئەکانی تێکۆشانی ڕزگاری خوازیو مرۆڤایەتی یانە عەکسو دووپات دەکاتەوە ، تەواو بوو .

ئەوەبوو ڕەفتار کردنی دیموکراتی یانەی ڕەسەن کە وڵاتە تێکۆشەرەکەمان بە خۆیەوەی دیت دەربڕینێکی زیندووی هۆشمەندی گەلەکەمانە سەبارەت بە لێپرسراویێتی یە میژوویی - یەکانی لە ئەم قۆناغە گرنگەی تێکۆشانی نەتەوەکەماندا لە بەرەنگاربوونەوەی هەرەشە چارەنووسی یەکانو دووپات- کردنەوەی توانای هەمیشەیی نەتەوە بۆ وەدی هێنانی دەوری مرۆڤایەتی و شارستانیانەی تێکۆشانی ڕەوای خۆی دا لە پێناوی مافە چەسپاوەکانیدا .

هەروەها بە گوێرەی ئەو ئەنجامانەی لە دەستە سەرپەرشتی کەرەکانی ناوچەکانی هەڵبژاردن لە هەموو پارێزگاکانی وڵاتدا ئەوا بۆ گەلی شکۆمەندمان ڕای دەگەیەنین ئەم بەڕێزانەی ناویان لە لیستەکانی خوارەوەدا هاتووە بە ئەندامیەتی ئەنجوومەنی هەڵبژێرراون وەك نوێنەرانی سەرجەمی گەل لە کۆماری عیراقداو داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەین لە لێپرسراویێتی یە میژوویی- یەکانی داهاتوویاندا کە لە ئەدامیێتی یان لە ئەنجوومەنەدا دەکەوێتە سەر شانیان .

بە ئاواتەوەین جێی بڕوا بن کە گەلی مەزنمان پێی بەخشیونو لە جێی توانادا بن بۆ وەفاداری مەبدەئەکانی حزبی سەرکردە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو شۆڕشە کەمانو نەتەوەی عەرەبمان لە یەکێتیو سەربەستیو سۆشیالیستیدا .

عزة ابراهيم

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی سەرۆکی دەستەی بالای سەرپەرشتی کەری هەڵبژاردن

ناوی بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی

● پارێزگای بەغدا

ناوچەی هەڵبژاردنی یەکەم

١ـ افتخار احمد ايوب السامرائي
٢ـ عيادة كنعان الصديد
٣ـ دكتور صادق حميد علوش
٤ـ جمال‌الدين كمال‌الدين الطائي
٥ـ محمد طاهر شكري الحبالي

ناوچەی هەڵبژاردنی دووەم

١ـ دكتور منذر ابراهيم الشاوي
٢ـ سعد قاسم حمودي
٣ـ مارب احمد كمال عبدالوهاب
٤ـ خيري عثمان فرج الراوي
٥ـ عبدالرحمن محمد علي السامرائي

ناوچەی هەڵبژاردنی سێیەم

١ـ نجم اسود سلمان الدليمي
٢ـ محمود محمد الحلو
٣ـ خالد عبدالمنعم رشيد الجنابي

ناوچەی هەڵبژاردنی چوارەم

١ ـ وليد محمود موزان الخشالي
٢ـ دكتور داود حسن الدباغ
٣ـ ارباح عجيل غيلان الناصري
٤ـ مشعان فيصل حاتم الخزرجي
٥ـ دكتور محمد مفيد راضي ال ياسين

ناوچەی هەڵبژاردنی پێنجەم

١ـ عامر ابراهيم محمد السامرائي
٢ـ بدر حسين علي البلداوي
٣ـ لمعان شاكر محمود
٤ـ فوزي حميد جابر الساعدي
٥ـ عبدالحميد شهاب حمد المشهداني

ناوچەی هەڵبژاردنی شەشەم

١ـ خولة لفته ذياب
٢ـ كريم جاسم سليمان (ابو دلف)
٣ـ حميد سعيد احمد
٤ـ عبدالكريم وهيب عبد الخزرجي
٥ـ هاشم ابراهيم قدوري

ناوچەی هەڵبژاردنی حەوتەم

١ـ خالد عبدالحميد طبره
٢ـ نداء شاكر محمود القيسي
٣ـ عبدالجبار محسن سلمان
٤ـ علاء الدين درويش لطفي البكري
٥ـ غانم عزيز خدوري دنو

ناوچەی هەڵبژاردنی هەشتەم

١ـ حارث جميل مهدي الخشالي
٢ـ جلال بشير سرسم
٣ ـ شموئيل ايرميا ميخائيل
٤ـ حسان علي عبدالحميد البزركان
٥ـ عبدالقادر عبدالرزاق عبدالوهاب الجنابي

ناوچەی هەڵبژاردنی نۆیەم

١ـ منال يونس عبدالرزاق الالوسي
٢ـ منذر وردي عبدالحميد الآلوسي
٣ـ كمال عبدالله زويد الحديثي
٤ـ عطا الله حسين هزاع

ناوچەی هەڵبژاردنی دەیەم

١ـ جعفر قاسم حمودي
٢ـ شفيق عبدالجبار قدوري الكمالي
٣ـ نوار حلمي عبدالكريم
٤ـ عبدالستار فرمان الراوي
٥ـ فائق عبد سلمان الشهابي

ناوچەی هەڵبژاردنی یانزەهەم

١ـ حامد محمد علي الساعدي
٢ـ فاضل عجب نهر البيضاني
٣ـ عبد الطيف احمد حسان السامرائي
٤ـ شبيب لازم مطرود المالكي
٥ـ مسلم هادي الجبوري

ناوچەی هەڵبژاردنی دوانزەهەم

١ـ سبعاوي ابراهيم الحسن
٢ـ جاسم كاظم
٣ـ فلاح مطر
٤ـ زيدان سطام نجم العزاوي
٥ـ عباس السيد علي حسين

ناوچەی هەڵبژاردنی سیانزەهەم

١ـ حميد سعيد هادي الامين
٢ـ خالد مكي سعيد الهاشمي
٣ـ طه ياسين علي
٤ـ قاسم احمد تقي العريبي
٥ـ عواطف رحيم صالح العبيدي

ناوچەی هەڵبژاردنی چواردەهەم

١ـ عبدالعزيز حميد جاسم الدوري
٢ ـ سلمان علوان حسن
٣ـ حسين حمد درويش الجبوري
٤ـ طارق ضفوك هويس
٥ـ غازي حمود حسين العبيدي

● پارێزگای نینەوا

ناوچەی هەڵبژاردنی یەکەم

١ـ بتول غزال سعيد يونس
٢ـ كمال حمدون ملا علو
٣ـ حسن عواد عبدالله
٤ـ فيصل احمد جرجيس كشمولة

ناوچەی هەڵبژاردنی دووەم

١ـ عبدالوهاب عزيز وهب
٢ـ دكتور محيي الدين توفيق ابراهيم
٣ـ دكتور عبدالاله احمد الجوادي
٤ـ سعد الله محمد فاضل الحسيني
٥ـ هشام احمد مصطفى الطالب

ناوچەی هەڵبژاردنی سێیەم

١ـ مجدي منصور نوح قاشا
٢ـ ارشد احمد محمد الزيباري
٣ ـ محيي‌الدين جانكير حاجي الهركي
٤ـ ابراهيم يوسف تركي
٥ـ محمد علي عطية

ناوچەی هەڵبژاردنی چوارەم

١ـ جاسم حسين حمادي
٢ـ علي صالح عبد الجبوري
٣ـ سعدالله رجب محمد
٤ـ عبدالقادر عزالدين حمودي
٥ـ مارون عثمان عبيد

ناوچەی هەڵبژاردنی پێنجەم

١ ـ قاسم جاسم مضحي
٢ـ عجيل احمد عجيل اليـاور
٣ـ علي عبدالله ابراهيم قبلان
٤ـ مراد بركات ناصر
٥ـ وهب محمد يونس عبدالله

● پارێزگای بەسرا

ناوچەی هەڵبژاردنی یەکەم

١ـ قاسم جاسم مصخي الشريف
٢ـ صالح صابر الموسوي
٣ـ هاندان احمد محيي‌الدين الشيخلي
٤ـ اسامة احمدعبدالوهاب الرحماني
٥ـ محمد خاف محمد الملا المؤتمر

ناوچەی هەڵبژاردنی دووەم

١ـ بلقيس عبدالله عبدالرحمن المعيوف
٢ـ صفاء صالح العمر ال اسحاق
٣ـ كاظم جعفر خوين التميمي
٤ـ علاء ابراهيم عبدالوهاب المنديل
٥ـ مجيد حميد محسن العايد

ناوچەی هەڵبژاردنی سێیەم

١ـ غازي محمد علي الديراوي
٢ـ ثامر سويلم مطلب الشعل
٣ـ جاسب حسين مزعل الاشاره
٤ـ عبدالقادر مانع كباشي السعد
٥ـ علي مزيد جياد المعارج

ناوچەی هەڵبژاردنی چوارەم

١ـ علي عبدالكريم السعدون
٢ـ شاكر عبدالصمد محمد صالح الطه
٣ـ خلف عبدالكريم خلف
٤ـ عبدالحميد عبدالمجيد حمادي الفري
٥ـ مالك حسن علي اليعقوب

● پارێزگای بابل

ناوچەی هەڵبژاردنی یەکەم

١ـ عبدالصاحب عطيةحمد الغزاوي
٢ـ محمد حمزة كيطان الزبيدي
٣ـ ابراهيم كاظم خوين الجنابي
٤ـ داود سلمان عبد الدليمي
٥ـ عبد علي حريز سلطان

ناوچەی هەڵبژاردنی دووەم

١ـ جاسم حمود حسن هجول
٢ـ عزيز عبيس طعمة الحسيني
٣ـ حسنية كاظم محمد علي
٤ـ عبدالوهاب خليل حسين البياتي

ناوچەی هەڵبژاردنی سێیەم

١ـ حسين علي عبود الحارثي
٢ـ نعمة عنون حسون
٣ـ قائد حسين حميدي العوادي
٤ـ محمد وحيد راجح عباس

● پارێزگای زیقار

ناوچەی هەڵبژاردنی یەکەم

١ـ غالب محمد سليمان لنصرالله
٢ـ نجية عبد علي حسن
٣ـ حامد طاهر جاسم الخليوي
٤ـ ستار خضر سلمان

ناوچەی هەڵبژاردنی دووەم

١ـ نعيم حميد علي حداد
٢ـ هلال كاطع جابر العلي
٣ـ عباس محمد جاسم
٤ـ جاسب شنته طريف الاسدي.

ناوچەی هەڵبژاردنی سێیەم

١ـ سفيح عجرش مطر
٢ـ عزيز صالح حسن الخفاجي
٣ـ سليم عبدالرزاق محمد حسن الخطاب
٤ـ طالب موسى كيطان
٥ـ هاشم كليل جبيرالهلالي

● پارێزگای سلێمانی

ناوچەی هەڵبژاردنی یەکەم

١ـ بهاءالدين احمد فرج
٢ـ ناجي عزة محمد صالح الجاف
٣ـ شيخ محمد عمر محمد القره‌داغي
٤ـ دكتور حميد مدحت مبارك

ناوچەی هەڵبژاردنی دووەم

١ـ سيروان عبدالله‌حسين الجاف
٢ـ جعفر عبدالكريم حسين البرزنجي
٣ـ حسين ابراهيم درويش
٤ـ محمد امين احمد محمد
٥ـ اسو محمدرضا الجاف

ناوچەی هەڵبژاردنی سێیەم

١ـ بكر محمود رسول البشدري
٢ـ بكر وسو محمد
٣ـ رفعة محمود فهمي الهماوندي
٤ـ احمد ملا كريم علي

● پارێزگای هەولێر

ناوچەی هەڵبژاردنی یەکەم

١ـ جودة احمد ناجي
٢ـ كمال صابر مصطفى
٣ـ خسرو هادي احمد
٤ـ بشير عبدالرحمن محمد علي

ناوچەی هەڵبژاردنی دووەم

١ـ اسماعيل عبدالكريم مصطفى البرزنجي
٢ـ عبدالله اسماعيل احمد
٣ـ برهان محمد رشيد امين
٤ـ خالد مولود طه

ناوچەی هەڵبژاردنی سێیەم

١ـ نامق رقيب محمد السورجي
٢ـ عبيدالله مصطفى البرزاني
٣ـ سعيد اسعد اغا رسول

● پارێزگای تامیم

ناوچەی هەڵبژاردنی یەکەم

١ـ فائق عزيز رشيد الونداوي
٢ـ رجب طلفاح حويجة الجميلي
٣ـ صبحي محمد السلطان العلكاوي
٤ـ ابراهيم حسين عبدالله الكناني
٥ـ لطفي مظهر عبدالقادر

ناوچەی هەڵبژاردنی دووەم

١ـ عواد السيد خلف حسين
٢ـ سالم وهب عباس
٣ـ اسود علي محمد
٤ـ سعدون مصطفى احمد
٥ـ سلوم حسن محمد

● پارێزگای ئەنبار

ناوچەی هەڵبژاردنی یەکەم

١ـ عبدالواحد ذياب الخربيط
٢ـ مزهر مطني عواد
٣ـ حاتم عبدالرزاق العلي السليمان
٤ـ عبدالكريم مخلف عبد الحسن الفهداوي

ناوچەی هەڵبژاردنی دووەم

١ـ فاضل زيدان خلف
٢ـ دكتور ابراهيم احمد النوري
٣ـ سعدي عياش عريم

● پارێزگای قادسیە

ناوچەی هەڵبژاردنی یەکەم

١ ـ عبد تركي مراد
٢ ـ خالد محمد البدن
٣ـ صيهود عبدالامير الشعلان
٤ ـ دكتور حسن عبدالكريم الشرع
٥ ـ جاسم محمد عباس

ناوچەی هەڵبژاردنی دووەم

١ـ تقي حامد عبدالحسن الياسري
٢ ـ هادي عبيد حسن
٣ ـ جاسم حسين عبيد العابدي
٤ ـ حازم كطران الشعلان

● پارێزگای دیالی

ناوچەی هەڵبژاردنی یەکەم

١ ـ محمد جاسم محمد دبدب
٢ ـ حاتم حمدان محمود العزاوي
٣ ـ منذر نصيف جاسم
٤ ـ سامي عبدالهادي محمود البندر
٥ ـ الدكتور عصام عبد علي مهدي

ناوچەی هەڵبژاردنی دووەم

١ ـ رشيد طعان كاظم
٢ـ خزعل محسن شلش
٣ ـ عدنان غيدان محمد
٤ ـ عبدالله صالح الخلف

ناوچەی هەڵبژاردنی سێیەم

١ ـ فاضل حسن عبد ال العنبكي
٢ ـ ياسين كاظم الفدعم
٣ ـ كريم حسن رضا
٤ ـ هدايت محمد عبدالرحمن

● پارێزگای میسان

ناوچەی هەڵبژاردنی یەکەم

١ـ سامي ناصر حسين
٢ـ عزيزة عبيد محمد
٣ـ حامد كاظم كاطع الوحيلي
٤ـ خالد عبدالرحيم ابراهيم السوداني

ناوچەی هەڵبژاردنی دووەم

١ـ جاسم هاشم حسن العبادي
٢ـ فيصل جاسم محمد الساعدي
٣ـ جبار طارش صبر
٤ـ جواد كاظم جبير

● پارێزگای دهۆك

ناوچەی هەڵبژاردنی یەکەم

١ـ صالح علي صالح گولی
٢ـ محمد امين‌محمد احمد
٣ـ ناصر توفيق رشيد بـرواري
٤ـ محمد كلحي طاهر الريكاني
٥ـ شمعون ياقو مروكي

● پارێزگای کەربەلا

ناوچەی هەڵبژاردنی یەکەم

١ـ تموين عجيل السمرمد
٢ـ راضي حسن سلمان
٣ـ ضياء يحيى العلي
٤ـ جواد رضا حمزه ابو الحب
٥ـ حميد كريم كاظم

● پارێزگای مثنی

ناوچەی هەڵبژاردنی یەکەم

١ـ محسن فاهم كمال الفرهود
٢ـ عبدالجبار ابراهيم جميل
٣ـ صاحب حسين طاهر
٤ـ شهيد حمود عبود الياسري

Institut Kurde de Paris

چیرۆك

خۆشە ویستی

کەمال عەبدوللا قادر

ئای کە شەوێکی ناخۆش بوو ، نووستن زراو ئاشنایی لەگەڵدا نەدەکرد . زەنگی ترس لە نێو مێشکیدا لێ دەدەدراو بلاوەی دەکرد، سات ناسات ڕەنگی تێك دەشکاو لەوە دەترسا نەوەك نەخۆشییەکی کوشندەی گرتبێ :

(لە دانیشتنێکا گوێم لێبووە ، باوەڕناکەم ئەم نەخۆشییە من بگرێتەوە ، چونکە هێشتا گەنجم ! دل ئێشانێکی وا زۆر سەیرە ، هەروەکو بڵێی دەرزییەك لە قوڵایی دڵێ چەقیبێ و خۆی بەناو دەمارەکانیا بسمێ .)

بە هێمنی دەستی دەخستە سەر دڵی و دەیشێلا ، بیری بۆ هەموو لایێ دەچوو ، چارەکانی ترسیان دەنواند. ڕوداوەکانی کۆن و نوێی دەهێنایە بەرچاو . ڕوداوەکان بێ سەرو پێ بوون. لە خاڵێکەوە دەستیان پێ دەکردوو هەر بە خێرایی تێکەڵ بە یەکتر دەبوون و یەك ئەوی تری دەخواردەوە ، دەیان قیژاند . تەقینەوەیەکی پڕ لە ژاوەژاویان دەهێنایەکایەوە . . ئاژاوەکە کەدەبوو ... سەری خستە نێوان هەردوو دەستی ، بیرکردنەوەی بەرەو ئاقارێکی تر ڕێیشت . ئاشێکی ترنی پڕ لە قیرەو هۆرە دەکەوتەکار .. مێشکی دەجنێ .

(هەر تەنیا نەمرم .. ئای کەتاوانێکی سامناکە بمرم و نەگەم بە ئامانج !)

ئارەحەتی و بێزاری هورژمی گریانی دەپەڕاندە سەر دەم و چاوی .. هەڵسا ، دەستی بۆ پەرتوکێ درێژکردو وبستی بیخۆێنێتەوە ، پەڕی یەکەمی هەڵدایەوە ، دووەمیش ، بە ئارەزاییەوە فڕێی دایە سەرمێزەکە ، تەماشایەکی دەورو بەری خوی کرد ، پارچە نانێکی لە سەر دۆلابەکە بەرچاوکەوت . دەماری بریسیەتی جولایەوە ، هێنایە بەرچاوکەوت ، دەماری بریسیەتی جولایەوە ، هێنایە بەردەمی .. لەتێکی لێ خواردو ڕێزی بووەوە .. مووچڕێکی هاتێ .. لەپڕ لەبوومەکەی لەژێر سەرینەکەی دەرهێناو بە وردی سەرنجی وێ بەکەیدا . . زەردەخەنەیەکی بۆ باراند .. دابخست .. هەڵیگرت . . دەستی بۆ ئاوێنەکە درێژ کردو بۆ ماوەیەك سەروسیمای خۆی تیا هەڵدەسەنگاند، بە زۆر دەیوویست بەزەیی دابێتوشێتە سەر دەم و چاوی.. بەهەر هەوڵێ بوو توانی نرمێکی دروستکردە لە گوشەی چاوەکانیدا ببینێ .

ئەمڕۆ هەندی قسەم لەتەنیا کردوە .. دەبێ منی خۆش نەوێت : باوەڕناکەم .. کە قسە لەگەڵما دەکات وا دەزانم پێم خۆشم دەوێ . . نازانم بۆ دازایەکەمی پشت گوێ خست ؟ دەبێ لەگەڵ یەکێکی ترا نەبێ ؟)

« نەسرین » لەپێش چاوی ئەو ، لە نێو ئاوێنەکەدا دەرکەوت ، وەك بیەوێ ڕێگە بدۆزێتەوە ، لەگەڵ خۆیدا کەوتە قسەکردن :

(خەڵکەکە وا دەڵێن ... منیش هەروا ! تەنیا دەمەوێ مەرامە هەڵچووەکانم دابمرکێنم !! بەیانی پێی دەڵێم و دەربازدەبم) .

سەبری بە قسەکانی « نەسرین » دەهات کە لەبانەکەدا ڕوو بەڕووی کردبوو .. مێشکی دەڕناند :

« باوەڕم بە شتێکی گەورەیەو چەوت نییە .. حەتکیش لە دوا ڕۆژا دەبێ باوەڕی پێبهێنن ..

ڕەنگە ئێستاش ئەمەیان پێ هەڵەبێ ، بەڵام پاشە ڕۆژ ڕوونی دەکاتەوە ».

لێوی سەرەوەی هەر لە خۆیەوە هەڵدەتەکی ، جار جارەش دەستی بە سمێڵە باریکەکەی دادەهێناو ، چاوەکانیشی لەگەڵیدا زەقدەبوونەوە .

(ئێی زەمان ، کەی خەتا ڕووبەڕووم دێتو دەسەڵاتی لە منە ؟ دەترسم ئەو هەوڵانەم هەمووی بە فیڕۆبچن .)

ئەو ڕۆژەی هاتەوەیاد کاتێ نامەیەکی لەقەی زنی نووسیبوو ، بە چ ئازارو شەرمێکەوە دابووی بە نەسرین ، لە نامەکەدا داوای لێ کردبوو بێ بە هاوسەری ، هەر کە ئەو هەڵوێستەیە دووبارە دەبووە خوێن لە هەموو لایێ فڕکەی دەکردو ئابلووقەی دەم و چاوی دەداو شەرمیش دەبووە خاوەنی هەموو ئەندامەکانی لەشی ؛ ئاو وەستانەشی دەهاتە بەرچاو کاتێ بە زۆرە ملێ قسەی لەگەڵ نەسرینەدا دەکرد ، لەوەستانەکەدا چارەکانی نزم دەکردو بە حێرایی بەرزی دەکردەوە ، سەرو سیمای نەسرینی لەلا دەسڕایەوە .. قسەی هەللەقو مەللەقی لە دەمدا دەردەپەڕی ، بەبێ ئاگایی دەست و قاچی دەجولانەوەو نەشازی لە لەشیدا دەبینرا ؛ هەستی بە بوونی خۆی نەدەکرد ، لە زەردەخەنەیەکی قوپس و لەرزینی دەست و پەنجە زیاتر هیچی لەدوای خۆیدا جێ نەدەهێشت :

(ئەم شەرمە منی کوشتووە .. ئەمەوێ بزانم مەسەلە چییە ؟ بۆ ئەو شەرماکات کاتێ قسە لەگەڵما دەکات ؟

دەبێ من تاقی کردنەوەم نابێ ؟ یاخود سروشت وای داسەپاندووە بە سەرما ، ئەو لەمن ئازاتر بێ ؟ هیچ وانییە .. لە بوونی مرۆڤەوە تا ئەمڕۆ ئەوان هەر یاری بەردەستی ئێمە بووینە . . بەڵام من بەچاوی خۆم دەبینم و درکی پێ

دەکەم کەمن لەو ترسنۆك ترم ، ئەو ئازایانە پێویستە پێش هەموو شتێك ببین بە ئینسان !)

خۆی بە سەرما زاڵدەکات.)

خۆی پێ نەگیراو ، هەڵسا .. چووە دەرەوە ، ویستی بۆ بەیانی پیلانێ دابنێ ، بەڵام دیسان هەستی کرد ژانێکی ترسناك کشایە نێو دڵی .. بە حێرایی گەڕایەوە ژوورەوەو لەگەڵ نیوە ئاوڕدانەوەیەکدا دوو چاوی زەقی لە نێو ئاوێنەکەدا بەدی کرد :

ـ نەسرین ، ئەوەتۆی ؟!

« بڕۆ ... تۆ هێشتان لەخۆت نەگەیشتووی ، ژیانت هەمووی چەرچڵی و لاسایی کردنەوەیە .. تاوانێکی گەورە دەکەیت . . خۆشەویستی خۆبەختکردنە . . توانەوەی دووڵایەنە بۆ مەبەستێکی مەزن »

بەتوڕەیی وەك هێستریای گرتبێ ، بە دەنگێکی بەرز نڕاندی و مستێکی لەئاوێنەکەداو گریان و پێکەنینی تێکەڵ بەیەکتر کرد.. لە جێگەی خۆی کەوت و هەڵنەسایەوە ... بوو بە بەیانی . لەبەر هاژەو دەنگی ئوتومۆبیلەکان ، بە ئاگاهاتەوە ... سەری هەڵبڕی. هەستی بە بوونی خۆی کرد کە لە ژوورێکەو بە تەنیایە .. تەماشایەکی ژێر مێزەکەی کرد . پارچەکانی ئاوێنە شکاوەکە وەك گاڵتەی پێیکەنو لەپێش چاویدا هەڵپەڕین دەنگێکی ناخۆشیان لێ بەرزدەبووە .. هەر لەو کاتەدابوو وتەی ئەو هاوڕێیەی هاتەوەبیر کە هەموو جارێ پێی دەووت .

(بۆ ئەوەی بەرامبەر کۆمەڵ تاوانبار نەبین ، بۆ ئەوەی لەخۆشەویستی لاسایی و کوێرانەدوور بین ، بۆ ئەوەی خۆمان بدۆزیتەوە، پێویستە پێش هەموو شتێك ببین بە ئینسان !)

بۆ برای شاعیر کاك شیرکۆ بێکەس

لە گشت وەرزێکدا .
بەرەستێلکەی خەم
لێزمەی حەبرانو تربفەی دەنگتە .
خۆی ئەکا بەناو ئازارگاکاندا ..
لەزەردەپەڕو کازیوەی هەژار .
ملوانکەی پەنگر بۆ گەردنو سنگی بەرحەوانەکان
ئەچنێ ...
ـ ئەی . ئەوە نییە هەزاران ساڵە .
لای لایەی هەورین بۆ کۆرپەی ئازار ئەهۆنێتەوە .
هەموو شەوێکیش .
بارخانەی شیعرت لەکەزاوەی گریانێکدا
توند شەتەك ئەدەیتو ئەحولێتەوە .
ئەخولێتەوەو قەتماغەی زامی دەریا لا ئەدەی ..
یاقووت ئەرژێنبە کۆشی ڕووبارو جۆگەکەو گانیاوانەوە!

× ★ ×

ئەرێ . ئەی هاوڕێ دڵسۆزەکەی ووشەی گرباو .
ئەزانی شەوانی درێژی زستان.منو ووشە گریاوەکان.
ـ لاوکی باراناوی تۆ ئەخەرین .
لەو خەوە درێژانەدا. ئاسۆیەکی خەمبارم نیشانئەدەن،
تاچاو بڕکا تەماوی یە ..
لەناو تەمدا پیردەمەگرونێك دیارە ..
ئەتناسمەوە ئەی پیردەمەگرونە ئازاکە ئەتناسمەوە
هێدی هێدی پێنی سووتاو ئەنووسێنی بەسنگتەوە
هەڵبانئەمزی ..
تا تیایاندا ئەتوێینەوەو تباتا نقووم ئەبن
چەکەردەکەن ..
نا..نا.. ئەبنەوە نێلەی گرێکی بەفرینو سواری پشتی .
هەوری تووڕەئەبن ..
هەر ئەو کلپەبەش تینوێتی منو ئاسمانو ماسی
ئەشکێنێو ئەڕوا ..
ئەڕواتو ئەڵێ :
خۆ ئاگردانی هەموو دڵێ ،
بە ڕووی عەشق پێناکەنێ ،
ئەوەنیە هەندێکیان لە جێی گوڵاڵە ،
مشتێ خۆڵەمێش بەجێ ئەهێڵن ..

Institut kurde de Paris

کوچێك بەدەوساوپاولو

رۆوف بێگەرد

(با هەورەکانی گسك داباران بڕا ، منداڵەکان لە ژێر ئاسمانە بێ گەردەکەداکەوتنە یاری کردن ، پەلەوەر لە هێلانەکانیان هاتنەدەرەوەو،لە ناو گیا تەرەکەدا بە دوای خواردنا دەگەڕان ، بۆنێکی بەهێز لە زەوی یەوە هەموولای دەگرتەوە ، خۆی لوول ئەدایەناو ماڵەکانو بەرەو ئاسمان هەڵدەچوو . دڵۆپی ئاو بەسەر گەڵای سەوزی درەختو گیای «مەنیصوت»ەوە(٢) دەبریسکایەوە . بێدەنگی باڵی بە سەر ناوچەکەدا کێشتوکاڵی و ، ڕووەکو ئاژاڵو دانیشتوانیدا کێشابوو تەنیاڵە گۆرەپانەکەوە دەنگی یاری کردنی منداڵەکان دنیاهێورو بێگەردە کەی شلوێ دەکرد ، بباری ، باران بەخوڕ بباری شەقامی حۆشەویستیم بشۆرەوە)(٣) کە ئەم سروشتە ئەفسووناوی یە دەستدەداتە پەلی مرۆڤو ، گیاو گوڵو خەڵەو سەرچاوەی لەدەست مردنی بێناوی رزگاردەکات ، کرێکارانی زەوی زەردەخەنەیان دێتە سەر لێو ، هەست دەکەن زیاتر بە ناوچەکەوە دەترسێنی و جێگیر دەبێ نە دکتۆر (ئورلیانۆ)ی خاوەن زەوی و نە (ئەرسیر)ی سەرکار دەتوانن دەست بەرداریان بن .

ئەگەرچی ئەمان نیشتمانیان داوەتە کۆڵداو ، تا ئێستا دەیان جێگایان بێ گۆڕیون، وەك قەرەجی بێ وولاتو کۆچەری سووکبار هەر ڕۆژە لە شوێنێکدا باروبنەیان خستوەو . خەمی برسێتی و مردیان هەڵگرتووە . چی بکەن ؟ زنجێرو پێیان دەڵێن : ئەوەیان لە ناوچاو نووسراوە . چی بکەن ؟ ئەمانیش بێ یان خۆش بوو وەك سبی پێستی وولاتەکە خاوەن دێیەرو جووتو ڕانەمەڕو کێڵگە بوونایە . بەڵام چەوساندنەوەی مرۆڤە زۆردارو چاوچنۆکە ڕەگەزپەرستەکان ، نەك زەوی و ڕەزو خۆشەویستی، تەنانەت تیکە نانە ڕەشەکەشیان پێ ڕەوانابینن و ژەهری ژیانیان پێدەنۆشن .

ـ ئەم ناوچەیە دەفرۆشرێت ، پێویستە هەموو کرێکارانی زەوی کۆچی لێ بکەن ، بۆ کارکردن لە جێگایەکی تر سەقام گیربن.

بە چی بڕۆن ؟ چۆن بڕۆن؟. ئەوەك دەوڵەمەندەکانی شار خاوەنی ئوتومبێلن و ، نە ئەختینەو ماڵبان هەیە ، ئەی ئەم ڕێگا سەختو دوورە چۆن دەبڕن و ، ئەم کۆچە دژوارو بێوادەبە چۆندەکەن ؟

ئەی ئەگەر نەیکەن چی بکەن ؟ ئەبێت لە بەردەم مەرگا کرنووشی زەلیلی بەرن ؟ !! .

ناچارن وەك مامە «تۆم»ی(٤) باپیریان سەر هەڵبگرن و لەبەردەم واقیمە ئەگریسەکەدا مل شۆڕبکەن .

هەردوو خێزانی برا (جیرونیمو جوبدرو) کە زیاد لە دە کەس ڕێگای ـ ساوپاولو ـ(٥) دەگرنە بەر ، ئەبێت زیاد لە مانگێك بە بێ بڕۆن ، لە وێ ڕنجیەکان بەرۆژانە لە کێڵگەکاندا کار دەکەن ، ووردو درشتیان لە بەر قرچەی گەرمای هاویندا تا ئێوارە شان و قۆڵ هاوەڵی بەژارەتان دەبەن و دەی خۆن.

دەکوتن . کەچی هێشتا مەمرەو مەژی دەیبەنە سەر. ئەبێت ئەمانیش وابکەن ، لە برسا دەمرن . بۆ ئەم ڕێگادوورە تاقە گوێدرێژەکەیان ـ جرمباس ـ تەنیا هیوایە ، شەرو شیتاڵی لێ باردەکەن ، ئەبێت لە ناوچەی ـ کاتانگای چوڵی ووشك و پڕ لەدڕك و داڵەوە تێکشین . مانگە ڕێگایەکە، ئەبێ خۆرە داخەکەی دوامانگی بەهەارو ، چقڵی ڕێگاو ، زەبەندی پڕ لە جانەوەرو ، بێخۆراکی و ماندو بوون تەگەرە لە کۆچەکەیان بخات ؟ ئەشێ ساوای بەرمەمکانو منداڵی شەش حەوت ساڵو پیری بەنجا شەست ساڵانە لە ناوبەرێت ؟

جا با بمرن ! ئاخۆ دکتور « ئورلیانو »و هەزاران چەوسێنەری تری وەك ئەو چ مەبەستیانە ڕۆژی دەیان زنجی بمرن ! مردنی ئەوانیان لا وەك تۆبینی سەگ رابە ، نەخێر سەگیان لا چاکترو خۆشەویست ترە . بڕۆن خێزانە هەژارەکە :تاقە هاوەڵی بەژارەتان دەبەن و دەی خۆن.

ـ جرمباس ـ گوێدرێژو ـ ماریکا ـ ی پشیلەیە بڕۆن بە دەشتە سامناکە کەی ـ کاتانگادا :

(پێو پلتان شەقبوو بربنەکانی قەتماغەیان بەستوو سەر لە نوێ تازە بوونەوە ، کۆچەکەتان بێ کۆتایی یە، وا مانگێك زیاترە . منداڵە کانتان یەك بەدوای یەکدا دەمرن . خواردن نەما ، برسێتی و هبلاکی پڕژەی بڕیون . ئەی چار چیە ؟ ـ ماریکا ـ باشە . هەرچەند پشیلەی تونکای کچتانەو زۆری خۆشدەوێت ، لەڕەو پەراسوودکانی دیارە ، بەڵام ناچاری ینە :

ـ جرمباس ـ ی گوێدرێژ ـ ماریکا ـ ی پشیلەیە بڕۆن بە دەشتە سامناکە کەی ـ کاتانگادا :

(پێو پلتان شەقبوو بربنەکانی قەتماغەیان بەستوو سەر لە نوێ تازە بوونەوە ، کۆچەکەتان بێ کۆتایی یە، وا مانگێك زیاترە . منداڵە کانتان یەك بەدوای یەکدا دەمرن . خواردن نەما ، برسێتی و هبلاکی پڕژەی بڕیون . ئەی چار چیە ؟ ـ ماریکا ـ باشە . هەرچەند پشیلەی تونکای کچتانەو زۆری خۆشدەوێت ، لەڕەو پەراسوودکانی دیارە ، بەڵام ناچاری ینە :

تەنیا ـ مارتا ـ ی کچە عازەبتان ماوە نەخۆش نەبێت ، « جیرونیمو ـ خوێن هەڵدێنێتەوەو تەواو کەنەفتە، ئەوانی تریش ڕەنگی مردووبان لە ڕوو نیشتووە .

بەڵام هیوا لە ژیان نابڕن . چەند ڕۆژێکی ترە دەگەنە شاری ـ بیرابورا ـ .

ئەوێ دوا شوێنی وەستانتانە ، بزیشك چارەتان دەکاتو ، پسوولەی لەش ساغیتان دەداتێ . ئیتر بە ئاسانی دەگەنە ـ ساوپاولو ـ و دا دەمەزێن ئەی لە هیچ چورتمێکی بیگرنو کەولێ بکەن ، بیخۆن، تەڕایەك بە گەدە ووشکەلاتووەکەتان دەدات . هەر باشە ، خواردتان ، بەڵام تونکایش بە تەسرەت بشیلەکەیەوە مرد .

ـ جرمباسی ـ بارکێشو بەودفایش توانای لە بەر بڕا ، ئەمەندەی دڕکودالی ژەهراوی خوارد ئەویش مرد داڵە برسی یەکان کە لە زۆر زووەوە بە سەر ئەم خێزانەوەن و . هەموو ڕۆژێك داوای گۆشتی تازەدەکەن . بە سەر ـ جرمباس ـ بشدا دا ئەبارن وەك منداڵەکان گۆشتی ئەمیش بەحەوادا دەبەن و دەی خۆن.

دووهونراوە

ڕوانامەی ـ جۆف ـ بچکۆل

دایە ..
ئەمڕۆ ئێوارە بەرەو مال ئاگەڕێمەوە ،
جا خۆت سەغڵەتمەکە. بە پەلە وونبوونم ڕانەگەیەنی
خۆت مەکە بە ژێر زێراب و ناو جۆگەلەکاندا
بڕیارمدا لەسەرپێی خۆم بوەستم و بژیم .. نەکەی
بە ناو دارستانەکاندا بگەڕێی .. خۆم نەشاردۆتەوە.
هەر ئەوەیە ... بە دوای چینی خۆمدا دەگەڕێم .
شڕوشیتاڵم نم دەرەوە جێ نەهێڵی من ئەوەم بە
ئاگای کرد
وینەکەم هەڵنەگری و بە ناو خەڵکیدا بیگێڕی
من خۆم خستە بەرگێکی پیاوانەوە .
بەسندی دەکەم لە ژێر تاریکیدا هەمووی وەنبی .
وام بۆ شیاوە .
پانتۆلە کورتەکانم گۆڕیون
درێژترم لەبەرکردوون
ئێستاش بەرەو شارێك هەنگاودەنێم .
جا خۆت سەغڵەتمەکە .. کەسمان لێ نەگەیەنی .
ئێستاش کرێگرتەی ژوورێکی بێ پەردەم
سەرمابردوو .. لە پشت پەنچەرەکەیەوە دانیشتووم
ئەم بەیانی یە .. لە ڕادیۆکەوە گوێم لە ناڵەت بوو ..
غەریبانە .. چەند خەمناك و پیر هاتیتە بەرچاوم دایە!

(١) بریان پاتن : شاعیرێکی گەنجی ئینگلیزە ساڵی (١٩٤٦) .. لە شاری لیفەرپول ـ ئینگلترە ـ لە دایك بووە. لەتەمەنی پانزە ساڵیدا قوتابخانەی بەجێ هێشتووەو لەگەڵ چەند شاعیرێکی هاوتەمەنی خۆیدا لە گۆڤاری (ئەندەردۆگ) دا دەستیان بە بلاوکردنەوەکرد ووە . ئەگەرچی لە هەموویان بچووکتربوو .. بەڵام بووە هۆی بزووتنەوەیەکی ئەدەبی بە ناوی (شاعیرانی لیفەرپول) .

خەریکی ئەدەبی منالانیشەو کارە هونەرییەکانی بۆ زۆر زمانی تر وەرگێڕدراون . ئەم دوو پارچە شیعرە هی یەکەم دیوانیەتی بە ناوی (دان پیانانی ـ جۆنی ـ بچکۆلە). شیعرەکانیش پتر بە ناوەرۆکو فەرامۆشی کێشو قافیەدەکەن .

ڕۆژنامەی (گاردیان) دەربارەی نووسیویەتی (یەکێکە لە باشترین نووسەرە تەنجەکانمان)

شیعری : بریان پاتن (١)
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : ئەنێرزاد حەسەن

گۆرانیەك بۆ ئەوینی یارم

ئالیس(٢) .. ئەوەیان یەکەم زستانەو ..
وەئاگادێم و تۆ بزریت .. دەشزانم
کە تۆ جلە ئاسایەکەی خۆتت لەبەردایەو ..
لە شوینێکی تریت .. خو دەشێ
بێ ئاگابیت لە یادی بەسەرچووی هەردووکمان
بینیوتە .. ؟ خاك هەر ئەو خاکەی جارانە ،
ئاخچە چۆلەکانیش هەر ماون ؟
ئەوە دەچێ ... هیچ شتێك تایبەت نەگۆڕابێ .
وەئاگادێم و دەمێکی تر ..
لەناو دەممەو لێم دەخوا . بەڵام هەروا هەستدەکەم
خۆشەویستی هەقی نییە
ئەو گیانەی من جێبهێڵێ . بوو بە ساڵێك .
جا چی ؟ تۆ دەڵێی . بەڵام من سیخوڕەکانی خۆم ناردن
بزانم ئێستا لەگەڵ کێی . ئاخۆ ..
ئێستا خولیای چیت . دەگەڕێنەوەو بە زەردەخەنەوە
پێم دەڵێن .. هەر وەکو جارانی خڕوخۆڵە .
بەردەوامەو هەروا دەژی . گەرمو گوڕو بە داوایە
وەك ئەو ڕۆژەی بۆ یەکەم جار تۆیان ناسی .
دەشێ ئەوە زستان بێ ..
لەبەر غربەتو تەنهایی و دابڕانی لە کەژەکان .
وەئاگادێم ..
بۆ گەواهی خێوی تۆم بۆ دەنێرێ
ئەمڕۆ یەکێك هاتو پرسی ..
چۆن بوویت لێرە .. چۆن ڕاتدەبوارد !
خەیاڵی تۆم کرد . تۆیتو لە شارێکی تر وەئاگاهاتی .
هەر لەم سەعاتەی تیایدا دەژیم تۆش پەستبوویت .
ئاسایی ... شتێك وەکو وونبوونت ئێستا ..
هاتو منی گەمارۆدا !

(٢) ئالیس : ناوی ژنەکەیە

گۆڕانی ئاووهەوا بەدرەوکوێ دەڕوات ؟!

نووسینی : پرۆفیسۆر . ی. کنوری لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی

هەندی قسە دەربارەی گۆڕانی ئاوو هەواو گیروگرفتی خواردەمەنیو پەرەپێدان .

قسەوباس دەربارەی ئاوو گۆڕانی گەرمو ساردی بەیرەندبان بە ژیانی مرۆڤو پەرەپێدانی پیشە سازی کشتوکاڵو ، بەرەو ئاستێکی ڕاستەقینە دەگۆڕێت ، کە پرێتی لە بزووتنیو دینامیکیەت ئەگەر بۆ نموونە هاوینی ساڵی ١٩٧٨ بیر بهێنینەوە ئێمە دەبینین لە کیشەوری ئەورووپا بەر لە بەر کاتی خۆی زۆر زوو دەستی بەسەر حەوزی دەریای سپی ناوەڕاستو ئەفەریقادا.

١ ـ ئەمە لافاوە یا بەستەڵەك ؟

زوربەی زۆری شارەزاکانی ئاوو هەوا ناسی لە سەر ئەوە ڕێك کەوتوون کە ڕووداوەکانی ئاوو هەوا بۆ خەڵکی بەسوود نی یە بەڵکو دەست نیشانی ئەوە دەکات کە پێی دەوترێت « نەچەسپاوی ئاوو هەوا » وەلە ڕاستیدا ئەستێرەی زەمینی ئێمە لەم دوایەدا دووچاری ئاوو هەوا گۆڕانێکی بەتین بووە لە ئاوو هەوایەکی گەرمەوە بۆ ئاوو هەوایەکی سارد ئەو پرسیارەی ئێستا دێتە پێشمان ئەوەیە : کە ئەم کارە بەرەو کوێ مل دەنێت کە بەبێ جودایی هەموو کەسێك مەبەستێتی ؟

لەم ملیونە ساڵەی دوایەدا ماوەی بەخرین چەندجار هاتۆتە کایەوە ، لە نیوەی ژووروی تۆپی زەویدا . ئاوی هەوا لە نێوان ئەو کاریسانەدا دەمێك بەرەو گەرما دایدەشکانو هەندی جاریش بەرەو سەرما . لە ماوەی سێ سەد ساڵی دوایدا لە پارچە زەوی یەکێتیی سۆڤیاتیدا سەرنجی ئەوە (بۆ نموونە) کە ئەویش چوار ناوچەی ئاوو هەوایی دەگرێتەوە ئەرکتیکیەوە ناوچەی خوارو وە ناوچەی مام ناوەندی نیمچە ئیستیوایی سەرنجی ئەوە دراوە کە لە نیوان ٨ـ١٢ جار وشکایی بێ ئامان لە نێوان هەر سەد ساڵدا بەسەریا تیپەڕ بووە . دوا جاری وشکایی وەیا بلیسن بێ ئامانترین وشکایی ئەوە بووە کە ساڵی ١٩٧٥ روویداوە . هەندی لە زاناکان وەدەبینن ، بە تایبەتی زانای ئاوو هەوا ناسی ئینگلیز هیوبیرت لیمپ کە موحیتی ئاوو هەوا بەردەوام سارد دەبێتەوە وە لەوانەیە کە زەمینە هەتاوەکو کۆتایی سەدەی بیستەم پلەیەك بێتە خوارەوە وە زاناکانی تریش هەر یەکەیان رایەکی تر نیشان دەدەن بەرای بەرای ئەوانە زەمینی ئێمە بەرەو ئەوە دەچێت کە گەرمایەکەی زیاد بکاتو مرۆڤایەتی دەبێت لەوە ئاگادار بێت کە ئەك ببەستێت بەڵکو بە پێچەوانەوە کە سەهوڵبەندانەکان بتوێنەوەو بە شێوەیەکی بە مەترسی پلەی ئاوی دەریاو ئوقیانووسەکان زیاد بکات لەم دنیایەی ئێمەدا .

مێژوو ئەوە دەسەلمێنێت، بە شێوەیەکی چاك هەردوو راکە دەسەلمێنێت ! وەك ئاشکرایە لە نیوان ساڵانی (١٥٥٠ ـ ١٨٢٠) دا ئەمەریکای ژوورو کیشوەری ئەورووپا دووچاری ماوەیەکی سەهوڵبەندانی پچووك بوو ئەوەبوو بابەی گەرما ١ ـ ٢ پلە هاتە خواری ، دوای ساڵی ١٨٥٠ دەستی بە گەرما کرد بە جۆرێك بلەی معەدەلی ساڵانە بلەیەك بەرز بۆوە ئەم گەرمایە هەتاوەکو ساڵی ١٩٤٠ بەردەوام بوو ، دوای ئەوە هەوا بەرو ساردی بۆوە !

ئەوەی جێگای داخە هەتاوەکو ئێستا لێك دانەوەیەکی موقنیع بۆ ئەم ڕووداوە نی یە!

٢ ـ خۆرو نهێنێکانی :

ئێستا هیچ گومان لەوەدا نی یە کە گۆڕانی ئاوو هەوا بەیوەندیەکی بەتینی هەیە بە کەمو زۆری پەلە خۆرێکانەوە کە دێتە بەر چاوو دەگاتە معەدەلی ئەوپەڕی ، وە گوم دەبێت لە ماوەی «١١» ساڵێکدا ئەوە بوو زانای سۆڤیاتی ئەلەکسەندر شجیفسکی یەکەمین کەسێ بوو کە لە ساڵانی بیستەو سێیەکانی ئەم سەدەیەدا هەستی بەم ڕووداوە کرد .

زانای ئەمەریکایی شارلز ستوکتون (لە زانکوی ئەریزوناوە) ئەوەی دەست نشان کردووە کە پەیوەندیەکی مەتین هەیە لە نیوان وشکیو قەوارەی پەلە خۆرێکانەوە. بەڵام ئەبێ ئەوە بزانین کە ئالوگۆری بەکاربی خۆر تەنیا هەر ئەو نی یە کە کار بکاتە سەر باری ئاوو هەوای ئەم زەمینەی ئێمە ، لەرینەوەی بجووك لە لاری میمور یا مەداری (کاتی زمینی ئێمە دوور دەبێت ، لە سەرچاوەی گەرمایی و روناکیەوە) ئەوە دەبووە مایەی ئەم کاریسە ئارو هەوایانە . لەم بارەیەوە پروفیسۆر جیمس هیس لە زانکۆی کۆلۆمبیا تیوریەکی داناوە لە تیوریەکەیدا دەڵێت .. زەوی پاش دوو هەزار ساڵی ئایندە دەچێتەوە دۆخی سەهوڵبەندانێکی تازەوە .

وبەپێی حیساباتی زانای سۆڤیاتی (ل . ماخنا) قەوارەی دووهەم ئوکسیدی کاربۆن لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٠ ـ ... ٢ بە نیسبەتی ١٥ ـ ٢٠٪ زیاد دەکات ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەوانەیە لە کۆتایی سەدەی بیستا ئاوو هەوا بگۆڕێت .

لەشی مرۆڤ بەشێکی عوزوی موحیتی هەواو بۆشایی دەرەوەیە وە ناتوانێت خۆی لە هێزی کارەباو موگناتیسی گەردوون جیا بکاتەوە ، ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی (ئارسرتیش) بوون پیش چەخماخەو بروسکەدان هەست بە ئازارێکی کەورە دەکەن ، وەلە کاتی زیاد بوونی نیسبەتی شێی هەوادا . وەکاتێك لە موحیتی جەویدا گۆڕانی کارەبایی ـ موگناتیسی روو دەدات ردد فیعل هەتاوەکو لە لای ئەوانەش کەم دەبێتەوە کە لەشیان ساغە ، بێتاقەت دەبن و زیاتر باری دەروونی مرۆڤ دەشێوێتو ئالوز دەبێت ، زانای سۆڤیاتی ئە . شیجفسکیو قوتابیانی قوتابخانەکەی ئەوەیان سەلماندووە کە پەیوەندی هەیە لە نێوان گۆڕانی پەلەی خۆرین و ڕەوتی مەودای موگناتیسیداو پەتای ئەنفلۆنزەدا ، وەیا ژمارەی ئەو روداوانەی لە ئۆتومبیل دەوەشێتەوە لە سەر ڕێگاو بانەکاندا . سەرەڕای لەرەی کارەبایی و موگناتیسی ئاسمانی دەرەوە سیلاوێك لە شۆکەی پر دەنیرێت کە زیادەی ئەو وزە گەورەیە لە گەل خۆیدا هەڵدەگرێت ماوەیەکی کەم لەمەوبەر ئەوە دەر کەوتووە کە دەنگە دەنگی پشتەوە لە گرنگترین ئیرسادی بایرلوژیە . هەروەها سەرنجی ئەرد دراوە کە ئەو ئایوناتانەی پریان سالبە (ـ) کە لە ناوچە شاخاوێکاندا زۆرن ، وەلە ڕۆخەکاندا وەیا لەو ئاوانەدا کە بە خوڕ دەڕۆن ، زەمنی سارێژ بوونی برینو روشان دەکاتو وە وزەی توانستی گشتیی مرۆڤ زیاد ددکات . وە بە پێچەوانەی ئەوەوە ، زۆری ئەو ئایوناتانەی پریان موجبە (+) کە لە نزمایدا دروست دەبێت وەلەو هەوایەدا کە پاك نی یەو پڕە لە هەڵمی ئاوی شارە گەورەکان وەلەو جێگایانەدا کە هەوای ناگورێت دەبێتە هۆی پەیدا بوونی هەندێ نەخۆشی دەروونو هەست کردن بەوەی کە مرۆڤ ناتوانێت بە چاکی هەڵسورێت مرۆڤ چاکدا دەژی لە جەوێکی وشکی بێ بادا کاتی پلەی گەرمایی لە نیوان ١٨ـ٢٠ پلە دا دەبێتو شێس هەوا نسبەتەکەی لە (٤٠ـ٦٥) دادەبێت ئایا چاك کردنی ئاوو هەوا هەیە ؟ :

ئەگەر چاو لەو قسەوباسە بپۆشین کە دەربارەی کۆمەڵێك مەسەلەی ئاوو هەوا دەکرێت ، وەیا دەربارەی تەندروستیو خواردەمەنی مرۆڤ ، ئێمە بەردەوام قسە دووبارە دەکەینەوە دەربارەی مەسەلە ئەزەلیکانی شارستانێتیو پەیوەندی بە گیروگرفتەکانی ئاوو هەواوە. زانای ئاوو هەوا ناسی ئەڵەمانیای ڕۆژ ئاوا جیرمان فلو دەڵێت .. دەگرێت کە بەری ڕاپێچی کاریسە مەناخێکان تەنیا بەوە بکرین کە بیری پەرەسەندنو بەرەپێدانی بەبێ سنوور ڕەفز بکەین ـ ئەوەی لێرەدا مەبەستە پیویستی کەم کردنەوەی وەیا حەتاوەکو پەك خستنی ئانقەستی پلەکانی پەرەپێدانو

بڕوانە ل : ٧

کەمخوێنی یان ئەنیمیا

نووسینی : فیصل عارب بلباس

ئەنیمیا ووشەیەکی یۆنانیە مانای (بێ خوێنی) دەگەیەنێ، بەڵام لە بەر ئەوەی لەش بەبێ خوێن ناژیت ،ووشەی (کەم خوێنی) لەباروراستترە ، کەمخوێنی بریتیە لە کەم بوونەوەی هیمۆگلۆبین لە خوێندا ،هیمۆگلۆبینیش پرۆتینێکی ئالوزە ئاسن لە پێکهاتنی دایەولە ناو خڕۆکە سوورەکانی خوێندا گل دراوەتەوە ، بە گشتی ئەنیمیا کاتێك روودەدات کە (١) :ـ

١ ـ دروست کردنی خڕۆکە سوورەکانی خوێن کەم بێتەوە ، یان .

٢ ـ تێك شکانو لە ناوچوونیان لە خوێندا خێراو نائاسایی بێت ، زانراوە کە خڕۆکەی سوور تەمەنی لە (١٢٠) ڕۆژ تێ ناپەڕێ .

٣ ـ دوای خوێن بەربوونی لەش لە بەر هەر هۆیێك بێت ژمارەی ئەم خڕۆکانە بە جۆرێك کەم دەبێت کە نبشانەکانی کەمخوێنی دەرکەوێت .

بۆ ئەوەی بزانین کەخوێن چ زیانێك دەگەیەنێتە شانەکانی لەش ، بە کورتی باسی ئەرکی هیمۆگلۆبین دەکەین : هەر (١٠٠) ملیلیتر خوێنی مرۆڤێکی ساغو ئاسایی نزیکەی ١٥ـ١٦ گرام لە پیاوو ١٣ـ ١٤ گرام لە ئافرەتدا هیمۆگلۆبینی تێدایە، لە منداڵی ساوادا ڕەنگە بگاتە (١٨) گرام . ئەم جیاوازیەی نێوان پیاوو ئافرەت لە هیمۆگلۆبینو ژمارەی خڕۆکە سوورەکان تەنها لە دوای باژەڵەبوون (بلوغ) دا دەردەکەوێت ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی هۆرمۆنەکانی سێکس (جنس) .

مۆلیکیولی (جزئیە) هیمۆگلۆبین ، لە کاتی تێپەڕبوونی خڕۆکە سوورەکان بە ناو لوولە خوێنەکانی دیواری تەنکی جیکڵدانۆچکەکانی سی یەکاندا، لە گەل ئەو ئۆکسجینە هەڵمژاوەی هەناسەیەك دەگرێتو دوای گەڕانەوەی بۆ لای چەپی دڵو لە وێوەش بە دەو شافەکانی لەش دەبرێت بۆ ئەوەی ئۆکسجینەکەی بداتە شانەکانو لە گەل دووەم ئۆکسیدی کاربۆن یەك دەگرێتو دووبارە بۆ سی یەکان دەگەڕێتەوە ، لە وێشەوە گازی کاربۆن بە ئۆکسجین دەگۆڕێتەوە .... هتد

کەواتە کەمخوێنی دەبێتە هۆی کەمی ئۆکسجین لە شانەکاندا ، ئەمەش وا لە لەش دەکات زوو هەست بە ماندووبوونێکی بکات ، نەخۆش پشووی سواردەبێو ساری دەسووڕێو دوای ماندووبوونێکی کەم هەست بە تارمایی دەکات کە بەسەر چاویا دێت ، سەرئێشەو بێخەوی ، ڕەنگی هەڵدەبزرکێ (شاحب) و بەنجەکانی دەستو قاچی مورووڵە دەکەن. کەمخوێنیەکی دژوار دەبێتە هۆی ئاوسانی گۆزینگو لێدانی دڵ خێراو بەتین تر دەبێت تا بتوانێ ئالوگۆری خوێنی شانەکانی لەش خێراتر بکاتو بە سەر ئەم بێ ئۆکسجینیەدا زاڵ بێت ، لە ئەنجامدا ماسوولکەکانی دڵ دەئاوسێنو دوای ماوەیێك ، ئەگەر چارەی نەکرێت ، دڵ لە کار دەکەوێت کە پێی دەووترێ کەوتنی دڵ (هبوط القلب) .

هۆیەکانی کەمخوێنی زۆرن، لەم کورتە باسە تەنها ئەوانەی باون دەخەینە بەرچاو(٢) :ـ

هەروەك لە پێشەوە باسمان کرد ، کزبوونی بەرهەم هێنانی خڕۆکە سوورەکان لە لایەن موخی ● ئێسقان دەبێتە هۆی کەمخوێنی ، ئەم کزبوونەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یان کەمبوونی ئەو مادە سەرەکیانەی پێویستن بۆ دروستبوون ، گرنگەکانیان ئاسن ، ڤیتامین (ب ١٢)و خۆلیك ئەسیدو ڤیتامین (سی) . لە وڵاتی ئێمەدا ئاسن هۆیەکی گرنگی کەمخوێنی یە ، ئەمەش دەنگە لە بەر کەمی ئاسن لە خواردنەکانماندا یان نەخواردنی ئەو مادانەی ئاسنیان تێدایە جا لە بەر کەمشارەزایی یان هەر هۆیەك . لە ئافرەتدا زۆرتر باوە لە بەر بێنوێژی مانگانە (حیض) کە لە جیاتی ئەو خوێنەی لە بەری دەڕوات خواردنی پتر نەخوات ڕەنگە ببێتە هۆی کەم خوێنی ، یان لە کاتی سلەپڕیدا کۆرپە پێویستی بە ئاسن هەیە بۆ دروستکردنی خوێن ، بۆیەش ئافرەتی سك پڕ پێویستە بپشکنرێو ئاستی هیمۆگلۆبین دەست نیشان بکرێت ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو ئافرەتێك کەمخوێنە ، خواردنی ڕۆژانە بە تایبەتی سەوزەی هەمەجۆر ئەوەندەی ئاسن تێدایە بەشی لەش بکات(٣) ڤیتامین (ب١٢) کە دەبێتە هۆی کەمخوێنی دژوار (فقر الدم الخبیث) ، لە گۆشتدا بە تایبەتی جگەرو گورچیلەدا هەیە . هەروەها فۆلیك ئەسید لە سەوزەو

بڕوانە ل : ٧



چی جێگایەك سەرچاوەی سەرەتای زنجیرەی نژادی سەرەکیی مرۆڤ بووە ؟ لەم دوایی یەدا هەموو بەڵگەکان بەنجەیان بۆ ئەفریقیا درێژدەکرد کاتێك زاناکان لەوێ ئیسقانی پەنجەی مەیموونێکیان دۆزی یەوە ناوی « درایۆپیتیکاس » ە ، ئەو ئەو گیانلەبەرەی نزیکەی بیست ملیۆن ساڵ لەمەوبەر ژیاوە کە بە شێوەیەکی گشتی لەو باوەڕەدا بوون یەکەمین سەرچاوەی نژادی مرۆڤو مەیموونەو باپیرەکانی لەمەوپێشی لەوانەیە لە ئەفریقیادا ژیابن وەك لەو شتانەوە دەردەکەوێت کە (ئەلواین سیمۆنز) کە لە زانستی مرۆڤدا شارەزایەو لە زانکۆی دۆقدا ئیش دەکات ،دەربارەی شوێنەوارەکانی مرۆڤی کۆن لە سەردەمە بەسەرچووەکاندا پێشکەشی کردوون ، ئەوانەی لە نزیکی شاری قاهیرەدا دۆزراونەتەوەو تەمەنیان نزیکەی سی ملیۆن ساڵ دەبێت . (سیمۆنز) ناوی (مرۆڤی سەرەتایی میسر)ی لەم گیانلەبەرە ناوە . لە لایەکی ترەوە ، لەم دوایی یەدا تیپێك لە زاناکانی بۆرماو ئەمریکا ئەوانەی لە زانستی مرۆڤدا پسپۆڕیو شارەزایی یان هەیە هەراو هوریایەکی ئەوتۆیان لەم بارەیەوە نایەوە کاتێك ڕایان گەیاند کە پاشماوەی مرۆڤی سەرەتایی یان لە بۆرمادا دۆزیوەتەوەو مێژووی بۆ چل ملیۆن ساڵی لەمەوپێشی دەگەڕێتەوە ،

کە بە یەکەمین ڕەچەڵەکی مرۆڤ دەژمێرێت لە خواروی رۆژهەڵاتی ئاسیادا.

ئەوەی ئەم پاشماوانە بەبجەی بۆ ڕادەکێشن وەك (دۆناڵد سافیچ) لە زانکۆی کالیفۆرنیاو (رۆسیل سیبۆجین) لە زانکۆی (باکووری کالیفۆرنیا)

مکرم رشید تالەبانی کردوویەتی بە کوردی

کە لە زانستی مرۆڤدا شارەزایە ، باسیان کردووە ، کە بریتین لە چوار بەشی ئیسکی چەناکەی خوارەوە لە بنی دەریایەکی کۆن لە (تەپۆلکەکانی بۆلدبگ ٤٠٠ی ڕۆژئاوای (منداڵی)دا دۆزراوەتەوە

کە بووەتە ژێر چینێك گیانلەبەری دەریایی یەوە سەدەف کون کون) ە مێژووی بۆ چل ملیۆن ساڵی لەمەوپێش دەگەڕێتەوە .

کاتێکیش دەخرێتە سەر

پاشماوەی شوێنەواری ئەو گیانلەبەرانەی دۆزراونەتەوەو لەو باوەڕەدان لە هەمان ماوەدا ژیاوون ئەوا بایەخێکی گەورە بە ئەم بەشانە دەدەنو بە تەواوەتی جێگاو کاتیش ڕوون دەکاتەوەو بۆمانی دەردەخات کە تەپۆلکەکانی بۆندۆنگ پاشماوەی گیانلەبەری سکەخشکێ کەرو چەند جەشنێکی کیسەڵو پاشماوەی تیمساحە زۆر زلەکانی پێ بەخشیوین .

لە ڕاستیدا پاشماوەی ئیسقانو ددان یەکەمین پاشماوە نەبوون لە ساڵانی بیستدا لەم ناوچەیەدا دۆزرانەوە ، چونکە زاناکان لەوەوپێش شتی لەو جۆرەیان دۆزیبووەوە بەڵام بە شێوەیەکی باش نەپاریزرابوون بەڵام ئەم پاشماوانە ئەوە دەسەلمێنن کە سەر بە دوو نژادی سەرەکین تۆزێك جیاوازیان تێدایە کە ناوی « بۆندۆنگیا »و « ئەمفیبیتکس »یان لێ نراوەو دۆزینەوەیان وای لە زانایانی شوێنەوارکرد لەو بڕوایەدا بن کە ڕەچەڵەکی یەکەمین مرۆڤ لە جیهاندا دەکەوێتە ئاسیاوە . بەرێژەی هەموو ئەم پاشماوانەوە تەنیا بەکێکیان بەتەواوەتی لەگەل دۆزینەوە ڕەسەنەکاندا دەگونجێت .

هەردوو گیانلەبەرەکە بە قورسایی نزیکەی ٣٠ باوەند دەردەکەون تۆزێك لە مەبموونی هندستانی کلك کورت دەچن لە شێوەی لەشو قەوارەی لەشدا لەوانەیشە هەر میوەو سەوزەواتیان خواردبێت ، وەکوو (سافیچ) دەڵێت : « چەشنێك لەو مەیموونانە بوو کە خۆی لە نێوان درەختەکاندا قایم دەکردو لە ڕواڵەتیشدا لە مرۆڤی دەکرد » .

لەوانەیشە جێگای سەرهەڵدانیان ئەو ڕەگەزە ئاسایی یە بێت کە پێش مرۆڤی سەرەتایی میسر بوو هی مەیموونەکانو وەك زنجیرەیەکی پەیوەندار لە نێوانیانداو لەنێوان ئەوانەی لەمان نزمترن مەمکیان هەیە ئەمەیشیان وایان لێ دەکات زۆر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو مەیموونەوە نزیك بن کە لە مرۆڤ دەچێت . (سیبۆجین) لەو بڕوایەدایە ئەم گیانلەبەرانە لە ڕێگای ئاسیای ڕۆژئاواوە چوونەتە ئەفریقیا بۆ ئەوەی باپیرەکانی یەکەمین مرۆڤیان لێوە سەرهەڵبدات .

بەرلەوەی زۆربەی زانایانی ئەنترۆپۆلۆجیا لەسەر ئەوە ڕێك بکەون کە ئاسیا جێگای سەرهەڵدانی زنجیرەی نژادی یەکەمین مرۆڤە ئەوا زۆر بەڵگە هەن سەبارەت ئەم شتە کۆ دەکرێنەوە .

ئێستا (سیبۆجین)و (سافیچ) لە نەخشەیەك دەکۆڵنەوە جارێکی دیکە بۆ هەمان شوێن لە بۆرمادا بگەڕێنەوە . (سافیچ) دەڵێت : (دەرگاکان لەسەر بشتن) و خۆیو (سیبۆجین) ئومێدی ئەوەیان هەیە پرۆژەیەکی هاوبەشی دووەو مەودا ڕێك بخەنو ئەو شتانەی لە دوارۆژدا دەدۆزرێنەوە لە ئامۆژگاکانی بۆرمادا دادەنرێن .

Institut Kurde de Paris

لەبەر روونایی بڕیارەکانی ئەم دوایییەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

هەموو هاوولاتیەکی ئەم عیراقە خۆشەویستە بۆی‌هەیە ، دڵشادو کامەران بێ ،لە ناخەوە بە ختیار بێ، دڵنیا لە نیستاو پاشە ڕۆژی خۆی‌وخێزانەکەی ، چونکە شۆڕش‌و سەرکەدایەتی‌شۆڕش سوورە لە سەر زامن‌کردنی هەموو پێداویستەکانی ژیانی کامەران بۆ هەموو ئەندامێکی‌خێزانی عیراق . سوورە لەسەر بەردەوامی لەسەرئەو ڕێ‌ڕەوەی ژیانی‌سەربەست‌و شادمانی‌لە سایەی دەستکەوتە مەزنەکانی شۆڕشدا بۆ گەل دەست دەخات .



دەستکەوتەیەکی گەورەو چارەسەری گیروگرفتێکی گەورەتر بۆ بەختەوەری ڕۆڵەکانی گەل

بڕیارەکانی ئەم دوایییەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەلقەیەك بوو لەو زنجیرە دەستکەوتە گەورانەی کە ژیانی ڕۆژانەی هاوولاتیەکان دەگرێتەوە . ئەویش پەیوەندی هەیە بە زامن‌کردنی خانوو بەردی باش بۆیان ، ئەوە بوو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریکی دەرکرد کە بەو پێیە قەرزی عەقاری گەیاندە شەش هەزار دینار بۆ هەر هاوولاتیەك‌و هەشت هەزار دینار بۆ عەسکەری‌یەکان‌و لابردنی ئەو قازانجەی جاران لەسەر قەرزی عەقاری وەردەگیراو زیادکردنی سەرمایەی باقی عەقاری لە ٢٥٠ ملیون دینارەوە بۆ ٣٥٠ ملیون دینار . ئەم بڕیارەی ئەمجارە، بەکەمجار گەلێ کەسی گرتەوە کە لە وەبەر بڕیارەکانی پێشو نەیدەگرتەوە . وەك ئەوەی حەلکی لادێ‌و هاوولاتیە عەرەبەکانیشی گرتەوە کە هەمیشە لە عیراق دەمێننەوە.

● **هەزاران هاوولاتی سوودمەند دەبن**

ئەگەر سەرنجێکی خێرایی لەو برگەیەی بڕیارەکە بدەین کە دەربارەی لابردنی قازانج دانوە ، سوودەکەی بۆ هاوولاتیان ئەوەیە ئەم بڕیارە تەنیا ئەوانە ناگرێتەوە کە لەمەودواو بەپێی بڕیاری تازە قەرز دەکەن ، بەڵکو ئەوانەش دە گرێتەوە کە لەوەبەر قەرزیان وەرگرتوەو هەرچی قەرزی دەکەوێتە سەر قازانج لەسەریان لادەبرێ‌و لە ١-٦-١٩٨٠وە بەپێ قازانج قسەکانی ئەوەی لە سەریان مارە کرابێ وەردەگیرێ .

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بانقی عقاری ڕای گەیاندکە بڕگەی ئەم بڕیارە سوود بە زیاتر لە ٢٥٠ هەزار هاوولاتی دەگەیەنێ‌و یارمەتەی ئەم قازانجەی وەرناگیرێتەوە دەکاتە نزیکەی ٥٨٠ ملیون دینار .

سوودیکی دیاری تری ئەم بڕیارە ئەوەیە هەر هاوولاتیەك لە ١-١-١٩٧٨ بارەی لە عەقاری قەرز کردوەو خانوەکانیان تەواو نەبوە ، دەتوانن داوای قەرزی تر بکەن تا دەگاتە دوا رادەی قەرزەکە کەشەش هەزار دینارە بۆ ئەوەی بتوانن خانوەکانیان تەوا وبکەن ، جا بڕیاری لابردنی قازانج لەسەر ئەو قەرزەی باقی عەقاری دەیدا بە هاوولاتیەکان مانای ئەوەیە هاوولاتیەکان لە ماوەی بیست تا ٢٥ ساڵدا لە قەرزیك ڕزگاریان دەبێ کە خۆی لە ٣ هەزار تا ٥٠٠ دەدا .

● **هەنگاویکی گەورەی مرۆڤانەی دڵسۆز**

ئەم بڕیارە، هەر وەك بەڕێز طە یاسین ڕەمەزان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش جێگری یەکەمی سەرۆك وەزیران لە تەلەفزیونی کۆماری عیراقەوەرای‌گەیانە لایەنی مرۆڤایەتی‌و کۆمەڵایەتی هەیە ، دیسان روونی کردەوە کە بڕیارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش نموونەیەو تایبەت‌و بێ وێنەیە لە ناو ئەو سیغانەی لە وڵاتانی ڕژیمی سەرمایەداری‌یان سۆشیالستی‌دا کاریان پێ دەکرێ . بڕیارەکە هەموو هاوولاتیانی عیراق دەگرێتەوە بە گوندو شارەوەو بە کاربەدەست‌و موتەقاعدەوەو هەموو کارگێرانی تری کەرتەکانی ترو ئەو عەرەبانەی لە عیراق دادەنیشن .

● **بەرەو چارەسەری بێ خانوویی**

بێگومان ، ئەوەی شایانی دەست بۆ کێشانە لەم بارەیەوە ، ئەوەیە ، بەپێی ئەو گەشەسەندنە بەر فراوانەی لە باری عیراقی شوڕشدا دەستی پێ کردوەو بەپێی ئەو پرۆژە زۆرو زەبەندانەی دەکرێنەوەو بەپێی پێشکەوتنی‌باری کۆمەڵایەتی لە وڵاتەکەماندا یەکی لەو کێشانەی بوو بونە کوسپ لە ڕێگای هەندێ گەشەند نا نەبوون ، یان کەمی خانوو بەرەبوو بۆ هاوولاتیەکان ، جا ئەم بڕیارە ڕێگای لە بەردەم هاوولاتیەکاندا ئاسان کرد کە دەست بکەن بە خانوو کردنەوەو شۆڕش پێداویستەکانی ئەم هەنگاوەی بۆ زامن کردن .

لە کوتاییدا ئەوەی پێویستە بوترێ .. با هەموو هاوولاتیەکی عیراقی خۆشەویست شادو کامەران بێ ، چونکە باشەڕۆژی خۆی‌و خاوو خێزانی بە بەختەوەری زامنەو بەرەو باشترو باشتر دەچێ .

کۆمپانیای بازرگانی عیراق

لە نێوان : ئەرکی خۆی و خواستی خەڵکی دا

کۆمپانیای بازرگانی عیراق یەکێکە لەو کۆمپانیا گرنگانەی کە هەمیشە خەڵك ڕووی تندەکاو بەشیوەیەکی ڕاستەوخۆ مامەڵە لە گەڵ هاوولاتیان دەکا .. چونکە پەیوەندی بە هێنان‌و چاکردنی هەموو جۆرە پێویستی‌یەکانی ماڵەوە هەیەو لەبەر ناکامی ئەو تێکەڵاوییە ڕاستەوخۆیەش لە نێوانیاندا هەیە زۆر جار گەلێ پرسیار لە خەیاڵی گەلێك لە هاوولاتیانەوە خنووکە دەکا .

بۆ وڵامدانەوەی پرسیاری هاوولاتیان‌و تاوەکو بزانین ئەرکەکانی ئەم کۆمپانیایەو چالاکی‌و کاروبەری پێشانگاکانی لە چ ئاستێکدان سەریکمان لە بەڕێز هاشم عبدالله عباس بەڕێوبەری گشتی ئەم کۆمپانیا داو چەند پرسیاریکمان لێکرد : -

● **دەربارەی نەخشەی وەرزی ئەمساڵ‌و دابەشکردنی ئەو شتومەکانەی کە لە دەرەوەی وڵاتدا دەهێنرین یاخود لە ناوەوەی وڵاتدا بەرهەم دەهێنرێن بەرێوەبەر وونی :**

× کۆمپانیاکە نەخشەیەکی تایبەتی هەیە لە دابەشکردنی شتومەکداو پەیوەندی بە گەلێ لایەنەوە هەیە گرنگترینیان : زوری دانیشتوانی پارێزگاکەو پلەی داهاتیان‌و چۆنیەتی ئەو شتانەی بەکاری دەهێنن‌و لە گەڵ ئەو پرۆژە نیشتەجێ‌یانەو کارەبایانە کە لەوێدا لە ئارادان . ئیمە لە سەر ئەو بناغەیە نەخشەی ناردنی شتومەك بۆ نمونە بۆ پارێزگای هەولێرو بەسرەو ئەنبار دەستنیشان دەکەین وەك بڵین پێویستیان بە (ئەوەندە) پانکە هەیە ئیمەش بەپێی توانامان ئەو شتانەیان بۆ دەستەبەر دەکەین ، لە هەمان کاتیشدا نەخشەکە بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە بازاری ئەو شارانەوە بۆمان دێن دەسکاری نەخشەکە دەکەین وەك زیاد کردن‌و کەم کردنی شتەکان ئەمەش بەپێی مان‌ونەمانی شت‌و مەکەکان لە بازاردا ، جا شتەکە چ لە دەرەوەی وڵات بێ یاخود ئەوەی لە ناوەوەی وڵاتدا بەرهەم دەهێنرێ.. هەروەها ئیمە حسابی ئەو خەڵاتانەمان کردوە کە سەرۆکی بەڕێز دانەشیان دەکا بە جۆرێك کە کار نەکاتە سەر جموجوڵی شتومەکی ناو بازاڕو کەمیان بکاتەوە .

● **ئایا هیچ ریکخستنێك لە نێوان وەزارەتی بازرگانی‌و وەزارەتی پیشەسازیدا هەیە کە هێنانی شتومەك لە دەرەوە کار نەکاتە سەر پیشەسازی نیشتمانی ؟**

× لێرەدا لیژنەیەکی بەرزی ڕێکخستن هەیە بریتی‌یە لە گەرتی بازرگانی‌و پیشەسازی بۆ چارسەر کردنی هەموو کێشەکان لە نێوان وەزارەتەکانداو بەپێی ڕەزامەندی سەرۆک وەزیران پێکهاتوە لە سەرۆک لیژنەکە کە سەرۆک وەزیرانی ئەنجامدەر سەرۆکی لیژنەکە‌یە‌و ئەندامانی لیژنەکە بریتین لە سەرۆکی کۆمپانیای بازرگانی عیراق‌و سەرۆکی کۆمپانیای پیشەسازی نیشتمانی‌و سەرۆکی کۆمپانیای کشتوکاڵی‌و سەرۆکی کۆمپانیای ئاژەڵ‌و سەرۆکی کۆمپانیای ئاوەدانکردنەوە‌و سەرۆکی کۆمپانیای ئەلیاف‌و سەرۆکی کۆمپانیای ئەلبان‌و سەرۆکی کۆمپانیای ئەلبان‌و سەرۆکی کۆمپانیای ئەلبان

سێ چیرۆك دەربارەی ڕەخنەی دا

انور محمد طاهر

ئەڤ بابەتە « کاکـــلا» محازەرکێ یە یا هاتیـــە پێشکەشە کرن دکۆدانگەهەکی ل ئێکەتیا نڤیسەڤانێت کورد تایێ دهوکێ سێ چیرۆك نڤیسی تێدا بە شدار بوون فارس عبدالله هەمـــو ـ سێوەی ـ جعفر عبدالرحمن « بنەفشۆك » ئو (ردەمەزان دەرویش ـ ئێتە ڤیا با » هەر دوو چیرۆکێن دیماهیـــی ئەف بابەتە « کاکـــلا» محازەرکێ یە یا هاتیـــە پێشکەشە کرن دکۆدانگەهەکی ل ئێکەتیا نڤیسەڤانێت کورد تایێ دهوکێ سێ چیرۆك نڤیسی تێدا بە شدار بوون فارس عبدالله هەمـــو ـ سێوەی ـ جعفر عبدالرحمن « بنەفشۆك » ئو (ردەمەزان دەرویش ـ ئێتە ڤیا با » هەر دوو چیرۆکێن دیماهیـــی ئەف بابەتە « کاکـــلا» محازەرکێ یە یا هاتیـــە پێشکەشە کرن دکۆدانگەهەکی ل ئێکەتیا نڤیسەڤانێت کورد تایێ دهوکێ سێ چیرۆك نڤیسی تێدا بە شدار بوون فارس عبدالله هەمـــو ـ سێوەی ـ جعفر عبدالرحمن « بنەفشۆك » ئو (ردەمەزان دەرویش ـ ئێتە ڤیا با » هەر دوو چیرۆکێن دیماهیـــی

ئەڤ بابەتە « کاکـــلا» محازەرکێ یە یا هاتیـــە پێشکەشە کرن دکۆدانگەهەکی ل ئێکەتیا نڤیسەڤانێت کورد تایێ دهوکێ سێ چیرۆك نڤیسی تێدا بە شدار بوون فارس عبدالله هەمـــو ـ سێوەی ـ جعفر عبدالرحمن « بنەفشۆك » ئو (ردەمەزان دەرویش ـ ئێتە ڤیا با » هەر دوو چیرۆکێن دیماهیـــی ئەف بابەتە « کاکـــلا» محازەرکێ یە یا هاتیـــە پێشکەشە کرن دکۆدانگەهەکی ل ئێکەتیا نڤیسەڤانێت کورد تایێ دهوکێ سێ چیرۆك نڤیسی تێدا بە شدار بوون فارس عبدالله هەمـــو ـ سێوەی ـ جعفر عبدالرحمن « بنەفشۆك » ئو (ردەمەزان دەرویش ـ ئێتە ڤیا با » هەر دوو چیرۆکێن دیماهیـــی

هەرجارەی نووسینیك (پاشماوە)

نەکا .. ! ـ بەڵام وەك چارەسەرێکی وەختەکـــی و خێراو بە هاریکاری هەسو لایەك و بەپێی لێکدانـەوەو شارەزایی خۆمان ئەڵێین : ئەاوێ و زۆریش ئەلوێ ، ئەم مەسەلەی غەڵەت و غەلەتکاریە ، تارادەیێ (کـەم بکرێتەوە .. !) ـ نەك بنەبڕ ـ گەر بەوردی رەچاوی ئەم نوقتانە بکرێ :

١ ـ ئەبێ نووسین و بەرهەم ، بە خەتێکـــی خۆش و شاش و رەوان بنووسرێت .

٢ ـ هەر حەرفێك بە زەقی و بەزەوقـــەوە نیگارکێش بکرێ .

٣ ـ لە دیوی یەك لاپەڕەدا بنووسرێت .

٤ ـ ڕێز بپەرێنرێ ..

٥ ـ ئەگەر کرا : (تقطیع) و (تبنیط) بە قەلەمی ماجیك ساز بدرێ .

٦ ـ بایەخێکی زۆر گەورە بە زمان بدرێ و بـــە زمانێکی پوخت و رەوان و رەسەن شت بنووسرێتەوە .

٧ ـ بایەخێکی تەواو بە (حەوت) ـە نەفرەت لێکراوەکە بدرێ ، چونکە (دەردە حەوت) درمێکـــی قورسی نێو نووسین و رێنووسی کوردی یەو بـــە دەستیەوە ئەنالێنێ ..

٨ ـ چاودێریەکی قوونی مەرج و لایەنی هونەری نووسین بکرێ و هەمو نیشانەکانی : ((نوختە ـ تەقەل ـ وێرگول ـ رستەی بەربەرچدراو ـ ئامرازی پرسیارو واق و ڕمان و داپڕ ـ جوتخاڵ ـ جووت بۆر ـ چـــوار بۆر ـ کەوانەی شکاو ـ کەوانەی ساغ ـ جـــووت کەوانە ... تاد)) بە وردی و لەشوێنی دیاریکـــراوی خۆی دابنرێ ...

براینە :

ئەمە بەشێکە لە چارەسەرەکەو ئەرکێکی زۆریش کەوتۆتە سەر ئەستۆی ئێوە .. رووی گلەییش هـــم لە رێنووس و هەم لەوانەیە کە پێڕەوی ئەم مەرجانـــە ناکەن ... ! لە ئەنجامیشا ئەبێ ئەوەیش هەڵنەبوێرم کە : مەسئولیەتەکە بە سەر هەمو لایەك دابەشـــس ئەبێ و هەر لە (نووسەر) دوە بکرە ، تا (کرێکاری لاینۆ) .. گازاندەیش لە هەمو لایەك ئەکرێ نەك هەر لایەك .. !

تێگەیشتنیش گەلێ گەلێ لە مێوژە رەشکـــە خۆشترە .. !؟

کومپانیای ((پاشماوە))

هێنانی فریزەری سلاجە بـــۆ شنی تر جگە لە ئاو . لەگـەل ئەوەشدا هاوولاتیان بیانـــوو دەگرن کە دەبێ ئەو شتانـــە جاك بکرێن ئەمە لە لایـــەك لە لایەکی تریشەوە شت کـــە ١٠ ساڵ تێپەڕی بە سەریـــا ئیمە (مەوادی احتیاطیمان) نامێنێ چونکە تەنیا بۆ ماوەی دەساڵە لە گەل کومپانیاکـــەدا (عقدمان) هەیەو دوای ئـــەو دەساڵە کێن دەبێت و بەکـــار نایەت ، یان شتێك دێنێت کە لە ئیمەوە نەکڕراوەو تەمەنیش لە پەنجا ساڵ زیادترە ، ئیمە مامەڵە لە گەل (٧٧) هەزار جۆرە شتی جۆربەجـــۆر دەکەین و ئەگەر (١٠) شـــت دەست نەکەوت ئەویش نەك هەمیشە وابزانم زۆر گرنـــك نیەو هەموو داواکاری ئیمـــە کە ئەوەیە کە هەندێـــك هاوولاتیانیش یارمەتیمـــان بدەن .

مەسەلەی گرانی هەق دەست بڕرا ناکەم وابێت چونکـــە ئەگەر وابایە ئەو هەمـــو قەڵەباڵغیەمان لە سەر نەدەبوو ئەگەر هـــەق دەستی ئیمـــە لە گەل ئەوانەی تردا بەراورد کەیت کەم ترین شت لـــە ٥٠٪ی جیاوازە بەڵام دەبێت هاوولاتیانیش ئەوە بزانن کـــە شت تاشت کەوتوە .

● **دەربارەی وکـــەلاءو دابەش کردنی شتومـــەکو ئەو شتانەی کە پێویستە لـــە سەر وەکیل بەجێ بهێنێ .**

ـ چەن مەرجێك هەیە بـــۆ وەکیلی ئەم کومپانیایـــە ئەویش ئەندامی هولـــی باررگانی بەغدا بێت و ئیشی تری نەبێت یان پێشانگاکـــەی لە فلان شوێن بێت و گەورەی ئەوندە بێت سەرەڕای ئـــەوەی کـــە پارێزگـــا دەستێکی بالای هەیە چونکە دەتوانـــێ پێرستیەکانی دانیشـــتوان پیشان بدات و بۆ هـــەموو وەکیلێك وەك یەك شـــت دابەش دەکرێت بەسەریـــدا خۆ ئەگەر شتێك زیاد بـــوو هەموو کەس دەتوانێ چەندی بوتت وەری گرێت و لە هەموو پاریزگایەك لیژنەیەك هەیـــە کە سەر پەرشتی چۆنیەتـــی ئیش و کاری وکەلاء دەکات .

● **کومپانیا چی داوا دەکات لە هاوولاتیان .**

ـ وابزانم شتێکـــی دیاریە کە ئەم کومپانیا بۆ خزمەتـــی ئەوانە لە بەر ئەوە حـــەز دەکەم هەندێك شـــت رون بکەمەوە بو ئەوەی هاوولاتیان خزمەتی خۆیان بکەن و یارمەتی ئیمەش بدەن لەوانە :ـ

ئەوەی شتی هـــەیـــەو چاك کراو ماوەیەکی زۆرە لەلای ئیمە کەوتوە بابێت و بیباتـــەوە بۆ ئەوەی جیگاو شوێـــن جۆل کات بۆ یەکێکی تر . . یان ئەو شتانەی کـــە زۆر هەرزان و بێ قیمەتن یـــان زۆر کۆن کڕینی یەکێکـــی نازە هەرزان تر دەکەوێت لـــە سەر ئەوان و ئیمەشـــس وەك فیری قژ چاك کردن یان مجفف یان ئوتوو .. ودەبـــێ هاوولاتی حسابی ئەوە بکات کە ئەمانە هەمووی لە دەرەوی عیراقەوە دێت و بە پارەیەکـــی زۆر هەق وایە بدرێـــت بەشتێك کە زۆر گرنك تـــر بێت و سەری کریکارانی پـــێ نەەشێنن .

● بۆ دڵنیا بون لـــە چۆنیەتی چاککردنـــەدەی هەندێك شتومەك سەرێکمان دا لە (مجمع فلپس) بـــۆ چاکردنی شتی کارەبایـــی ناومال ئەوەی راستی بێـــت زۆر لە گومانی هاوولاتیـــان کەم دەکاتەوە چونکە هـــەر ئامیرێك هەندێك ئەندازیارو خاوەنەکەی وەری بگرێتـــەوە ئیشیان پێ دەکرا لە پیشـــس خوی هەروەها پر بوو لـــەو شتومەکە چاککراوانە کـــە خاوەنی نەبو .

محاکەمەکردنی ((پاشماوە))

٣٢ کەسی ترن و هەســـوو گوناهبار کراوون بـــە بەشداربوون لەو هەوڵەدا کە هەندێکیان ئەفسەرن لـــە سوپادا .

ئەوەی شایانی باســـە کاتی خۆی بڵاوکرابوەوە کـــە ئەو تاقمە لە ساڵی ١٩٧٧وە خەریکی سازاندنی نەخشـــەی ئەم کودەتایەبوون و نیازیشـــس وا بوو لە ٣١ی کانوونـــی یەکەمی ١٩٧٩ رای بپەرێنن .

کۆچێك ((پاشماوە))

دی ناترسن پێش بینـــی تر ناکەن ؟ هێشتا مرۆڤـــی ترتان لە رێگادایە ، مرۆڤـــی چەوسێنەر .

لەو شارە بچووکـــەدا سەدان زنجی بەسەریەکـــا ترشاون ، هەموو بســـۆ ((ساوپاولو)) دەچـــن ، کرێکاری زەوین ، ئەوانیشـــ نەخۆش و کەفتەکارن ، زۆریان کەرتۆتە سۆاڵ ، لە برسانـــا ئافرەتیان لێ بۆتە سۆزانی ، شەقام و کۆڵانەکان پـــڕن .ـ هەموورۆژێك لەبـــەردەم نەخۆش خانەدا ئەوەســـتن ، وەك دەریاشەپـــۆ ل دەدەن ، ئەبانەوێت پسوولەی لەشـــ ساغی لە تاقە پزیشکی شـــار (ئەبامینونداس) وەربگـــرن و بەرەو ساوپاولو بڕۆن .

کەچی زوربەیان خـــەم و بەزارەی گەردوون لە ئەستـــۆ دەنێن و ، هەروا دەگەڕێنەوە ، چونکە هێشتا نەخۆشـــن ، رێگای نادرێتێ ، ئەبێـــت بمێنێتەوە ، بێ کار خـــۆی بژێنێت . پزیشکیش تـــەواو هەراسانە . رۆژی دەیـــان نەخۆش تماشادەکات و چاریان بۆ دەنووسێت ، پشـــووی نی یە ، شارێکی ووشـــك و تەریکە ، ئەیەوێت هەر چۆنێك بێ لەم شارە نەفرەت لێ کـــراوە رزگاری بێت ، بێ ســـوودە . هاورێ پزیشکەکەی پێشـــس ئەم لە تاوا دەستی دایـــە خواردنەوە ، هەمیشـــە مەستبوو ، ئێستا ئـــەم ئەزانێت ـ دیوجیـــن ـی پزیشك بۆ وای بەسەرهات . ئەی ئەم چی بکات ؟ چـــۆن خۆی لە بیربکات ؟ پەنـــا بەرێتە بەر چی ؟ . ئـــەم گەنجەو هەڕەتی لاویەتـــی ئافرەتیش زۆر بە ئاسانـــی بەدەستەوەدێت ، چونکـــە برسێتی و نەبوونی باڵی ڕەشی بە سەراکێشاون ، هەژارن ، نابانەوێت بە ئاسانی بمـــرن . کە سیستەمە دەڵاکەی هەواڵی خێزانی ـ جیرونیمـــوری دەداتێ چۆن لە بەر دەرگـــا چارەڕوانی دەکەن ، ئـــەم پێشەکی هەواڵی ئافرەتـــی جوان دەپرسێت . ئەویـــش مزگینی ـ مارتا ـ ی شۆخی پەلەقاژەو رێگا خۆش دەکات ، پلان دادەنێت ، کە یەکـــە یەکە سەیریان دەکات و لـــە نەخۆشیان ئاگادارەبێـــت ، ـ مارتا ـ یش بە نەخۆشـــ دادەنێت . بۆ ئەوەی هەموو پێ دەگـــەیـــەنێت . (ئەبامینونداس) دەکەوێتـــە رۆژێك بێتە لای و بە دەستی خۆی دەرزی بۆ بـــگات . ئەوەیشیان تێ دەگەیەنێت گـــەیە بەو زوانـــە پسوولەیان نادرێتێ ،چونکە ـ جیرونیمور ـ زۆرنەخۆشە . ئەی ئەم خێزانە هـــەژارە بەچی و چۆن بژین ؟

ئاسانە : دوکتۆر خانوویان بۆ دەگرێت و پارەیان دەداتێ . دلسۆزی ئەو سوپاس دەکەن ، بەڵام دکتۆر کردەیەو ئەزانێت چی دەکات ، ـ مارتا ـ دەباتە لای و خۆی و لەدایك و باوکی لا دەدا . گوایـــە مارتـــا کاری بۆ دەکات ، مارتا هـــەر لە سەرەتاوە لە نیازی دوکتور تێ دەگات .

بەڵام ســـەرە گێـــژەی پێ دەکەوێت ئەگەر یەرەنگاری بکات ئەوا خیزانەکەی لـــە برســـانا دەمـــرن و هارگیز پسوولـــەی رۆیشتنیان دەست ناکەوت . ئەگەریش خۆی بە دەستەوە بدات ئەوا شەرەفی لەکەدار ـ دبێت و (فیسانـــت) ی خۆشەویستی لە دەست ئەچێت .. ئەیەوێت هەر چۆنێك بێ نەکەوێتە داوی ناپاکیـــەوە ، بەڵام دوکتۆر بواری نادات ،تـــا ئـــارەزووی گـــلاوی دادەمرکێنێت و مارتـــا لە خشتەدەبات نهێنـــی ئاشکرادەبێت ، باوك و دایك و مامەی مارتا پێ دەزان .مارتا دەکەوێتە کۆڵانان و ئەبێتـــە سۆزانی ، پارە پەیدادەکات و بەدزییەوە بۆ دایکی دەنێرێت . ئەویش لە نێوان شـــەرەف دۆڕاندن و مردندا دادەمێنێت ، بەڵام مەرگ بۆ خێرانەکـــەی هەڵنابژێرێت . مارتا هـــەروا دەمێنێتەوە ، دوکتۆریش بـــە ئاسانی پسوولەی رۆیشتنیان دەداتێ ، خێزانەکە بـــەرەو ساوپاولو سواری شەمەندەفەر دەبن و ، دەنەونەرێ ، دایکی مارتا دێتە بەر پەنجـــەرەی شەمەندەفەرەکەو دەڕوانێت ، « جیرونیمو »ی باوکیشـــی هەڵدەستێتە سەرپێ و دێتـــە بەرپەنجەرەکە خۆی ناگرێت ، خۆی بە سەر شانی ژنەکەیدا دەچەمێنێتەوە . لەدوورەوەو لە سووچێکی ئیستگەکـــەدا تارمایی « مارتا » دەبێنـــن ، کراسێکی سووری لە بەردایـــە ، دەست ڕادەوەشێنێت ،تـــا شەمەندەفەرەکە بە شـــووت لێدان لە پێچێکـــــــ



له ئامادە کردنی محمد بەدری

ئەگەر بێتو چاوێك بە هەندێ ناوی شارو شاخو رووباردا بخشێنینو هەولی ئەوە بدەین بزانین ئەم ناوانە چۆن هاتوونو چۆن هەڵبژێراون رەنگە تووشی سەرسووڕمانو پێکەنین ببین . تومانیش لەوەدا نیە کە هەندێ لەم ناوانە ناوی ئەو گەڕوکانە بن کە ئەم ناوانە ناوی ئەو شوێنانەیان دوزیوەتەوە وەك لینینغرادو واشنتۆنو مالبۆرنو سدنی ..

دووریش نیە زۆرمان پێ سەیر بێت هەندێ ناو ببینن کە بە شێوەیەکی هونەر مەندانە دانراون .. کوریەکان نیشتمانەکەیان بە (چخوسان) ناو ئەبەنو ئەگەر ئەم ووشەیە بکەینە کوردی ئەبێتە ئەرزی بەرەبەیانە جوانەکە ..

هەروەها (نیپۆن)ی جاپانیش مانای (ئەرزی رۆژە گەشاوەکە) ئەبەخشێتو (ئولا نباتور)یش کە پایتەختی (مەنغولیا)یە گەر بگێڕێتە کوردی ئەبێتە (شاری پالەوانە سورەکان.. بەڵام لەبەر هەندێ هۆی تایبەت هەندێ ناوی سەیر سەیر پەیدا بوون ئەمش لەوە هاتووە کە دانیشتوانی وڵاتەکەو داگیر کەرەکان لەیەك نەگەیشتوون وەك هیندیە سوورەکان کە روو بە رووی داگیرکەرە ئیسپانیەکان بوون ووشەی (تکساس)یان بەکار هێنا کە مانای (هاوریەکان) ئەبەخشێ و مەبەستیان لەم ووشەیە ئەوە بوو گوایە ئەکرێ وەك هاوریو دۆست پێکەوە بژین،بەڵام ئیسپانیەکان کە نەخشەیان درووست کرد ئەو هەرێمەیان بە (تێکساس) ناو نا .

جگە لەمەش شتێکی سەیرتر هەیە کاتێ کە ئیسپانیەکان هەرێمێکی تریان داگیر کردو

بڕوانە ل : ۷



خۆشەویستی و هیوای فێرخوازێك

کاتێك یاسای نەهێشتنی نەخوێندەواری هاتە کایەوە کەمو زۆر بە هەموو لایەکدا هەڵسەنگێنرا بە تایبەتی لە ڕوی سەرکەوتنو چەسپاندنی یاساکەوە .. . ئەوەی مەبەستمانە زیاتر باسی باسی ئەوانە بوو کە تەمەنیان زۆرەو تواناو ئارەزوی خوێندنو هات وچۆی مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواریان نەماوە ، ناچار بۆ چەسپاندنی ئەم خاڵەش بڕیار درا ئەوانەی سەرپێچی ئەم لایەنە بکەن سزای خۆیان وەردەگرن ، بەڵام سەبارەت بە هەندێکی تر کە دەوامی ئیلزامی رۆژانە نایان گرێتەوەو هەقی لێپرسینەوەیان لەسەر نەما بە تایبەتی لە قۆناغی شوێن کەوتن (متابعە)دا کە پێویستە لە هەفتەیەکدا تەنها یەك رۆژ دەوام بکەن . . . بەڵام ئەگەر هاتوو زمرنەیەکمان دەست بکەوێ کە بۆ خۆی ئەوەندە بە پەرۆشی خوێندنو فێر بونەوە بێتو رۆژانە دەست لە ئیشوکاری خۆی هەڵبگرێو لەگەڵ برا فێرخوازەکانی تریدا بچێت بۆ قوتابخانە گەلیەکان ئەوا / سەرەتا ئەو رایانە ڕەت دەکاتەوە کە ئەوانەی تەمەنیان تێپەڕیوە ناتوانرێ وایان لێبکرێ هەموو رۆژی مەڵبەندەکان بەسەر بکەنەوە بە تایبەتی لە جێگایەکی دور لە مەڵبەندی پارێزگاوە وایە لە هەفتەیەکدا تەنها رۆژێك دەوام بکەن بەڵام ئەوە ئەوەیش گوندی هاوچەرخی کەرنارۆیە کە دەبێتە بەڵگەی قسەکەمان .

نمونەکەشمان برای فێرخوازمان کاك کریم قادر رەسوڵە کە خاوەنی شەش سەر خێزانەو جاران نشستەجێی گوندی (سێرێی بابەشێخ) بوەو ئێستا لە قوتابخانەی سیوەیلی گەلی یەکێکە لەو فێرخوازانە کە تا ئێستا وەك لە مامۆستاکانیانمان بیست تەنها رۆژێك لە خوێندن دوا نەکەوتوە .

فێربونو خوێندن گەلێك بەها دار ترە بەڵام بەچاو دوکانەکەمەوە . . . تەنانەت شەوانیش کە دەگەڕێمە ماڵەوە ئەو شتانەی لە قوتابخانە وەرمان گرتووە بە سەریان دەکەمەوە بۆیە لەگەڵ خۆما بریارم داوە کە هەتا لە قوتابخانەکەماندا بخوێنرێت هەر هاتو چۆی بکەم بۆ ئەوەی زیاتر فێری خوێندەواری ببم چونکە بەراستی زۆری قازانج پێ گەیاندوم و جاران لەکاتی حساب کردنو وردەواڵە فرۆشتندا توشی گەلێك گیروگرفت دەهاتم بەڵام لەوەتەی فێری نوسین وخوێندنەوە بوم زۆر کەمتر توشی ئەم بابەتانە دەبم بۆیە هیوادارم لە ژێر سێبەری ئەم یاسا پیرۆزەدا بە یەکجاری لە دەستی نەخوێندەواری رزگارمان ببێت .

فریا عبدالله
پ. هاوکاری لە سلێمانی

تاریك وروون لە چاوی کامیراوە..

● یاریگای منداڵان لەهەولێر

ئەم یاریگەیە دوو کیلۆمەتر لە مەرکەزی شارەوە دوورە .. لە لایەن شارەوانی هەولێرەوە دامەزرێندراوە هەر خۆیشی بەرێوەی دەبات .

● نەژاد ●

پەنایکی ئێوارانی لێوەشاوەو خۆشە بۆ منداڵان .. بێ گومان دروست کردنو گرنگی دان بەم چەشنە شوێنانەی منداڵان لە شار شتێکی باشەو ، بەتایبەتیش لەو کاتەیدا دەرگای قوتابخانەکان دادەخرێن .. بێ گومان دەرگای ئەم یاریگەیان بە رووداو دەبێتەوە .. کە لێرەدا منال هەست بە فەراغو دل گوشینو تەنیایی ناکات .. خۆزگە هەموو منالێکی کوردێك دەبتوانی سەر لەم یاریگایە بدات ؟ ...

تەنیا بۆ سەرنج !

لە سەرەتادا ئەم وێنەیەلەرانەیە وا نیشان بدات کەمەلە ئۆتۆمەبێلێك بۆزدەماوەند یاخود شتێکی لەم بابەتە ئاوا بەم چەشنە بەدوای یەکتریدا ریزیان بەستووە ... ؟؟

بەڵام لەراستیدا ئەوەنزیکە خۆی لە ساڵێك بگرە زیاتریش دەدا ئەمە حاڵی (مانزینخانەی شورش)ە لە هەولێر ..

ئیمەش هەر ئەوەندە دەڵێین تاکەی ئەم حالە وا دەڕوا؟؟



سینەما

ژیانی هونەرمەندێك

بربارە کریرە ئەکتەری لەبەرەتدا خەڵکی نیکاراگوایە ، دوا فلیمی ناوی (کوندورمن) ە کە لەگەڵ ئەکتەری ئینگلیزی میکایل کراو فورد دەوری تیدا دەگێڕێو فلیمەکە ژیانی هونەرمەندێك دەگێڕێتەوە خەریکی هونەری دروستکردنی فلیمی (کارتۆنی) بە بۆ منداڵان .

● تاڵان کردنی ئەمەندەفەرێك !

دوا فلیمی ئەکتەری ناسراو لیسلی ئان فلیمێکە بەونیشانی « تاڵان کردنی ئەمەندەفەرێك » کە لەگەڵ ئەکتەر بیرت رانیولدز ئەم فلیمە بەم زوانە دەگاتە سینەماکانی جیهان .

● بەرەو ناوبانگ

ئەم ئافرەتە ، ناوی باستی ڤارلایەو لە میهرەجانی ئەم دواییەی سینەمایی جیهانیدا ، تەنیا بۆ پیشاندانی جلو بەرگ هاتبوو بۆ شاری «کان» لە فەرەنسا ، بەڵام ئەم تاقی کردنەوەی بەوە شکایەوە ، وێکای ناوبانگی نەبەردەم گرایەوەو چەندان دەرهێنەر بەبوەندیان لەگەڵدا کرد بۆ ئەوەی ، لە فلیمە تازەکانیاندا ، دەوری پالەوانیەتی بدرێتێ .

جیهانی منداڵان

منالانی هەولێر و سەرکەوتنێکی مەزن

چەندە پیرۆزە کاتێ منالی تۆل گۆرانی بۆ خۆشەویستی بلێو وشەی دلناسكو فورگیزێرین /بەیەك بگەنەوەو/ بە عەشقێکی گەورە ، بە پەنجەی نەرمونیانو خەوی سەوز منداڵان بێنە سەر شانۆو بەئارەقەی هیلاکیو تاسەی مەدالیای سەرکەوتن بدەن لەیەخەی خۆیان ؟ .

عەشقی گەورە ، سەرکەوتنی گەورە تر دروست دەکا ،هەر ئەو خۆشەویستیو عەشقەگەورەیەش بو کە بەهرەی منالانی هەولێری لەمیهرەجانی مۆسیقاو سرودی مەڵبەندی چالاکیقوتابخانەکان گەشاندەوە پلەی یەکمیان وەدەست هێنا ..!

ـ هونەرمەندی لێهاتوو وریا سەرکەوتن بەدی بێنێ ، بەڵام ئەحمەدو بە هاوبەشی قوتابخانەکانی (قەدەم خێر)و (دەرسیم)و (قەندیل)و بە ژمارەی (۱۱٤) مۆسیقا ژەنو کۆرسی منالان .

لە بال هەولێر دووەم پلەی لە هەمو عیراقدا بە دەست هێناو سێ گۆرانی خجیلانەی لە ئامادەو پێش-کەش کردنی هونەرمەند رەنجبەر خۆشناو پێش کەش کرد کەبریتیبون لە (چارۆگە هەولێریە) و (هۆی نازێ)و (نازداد) و لیژنەی هەڵسەنگاندن لە میهرەجانەکەدا چەندەها مۆسیقا ژەنی لەو تیپەدا خەڵات کرد .

● بەو بۆنەوە مامۆستا وریا ئەحمەد کە راهێنانی تیپەکەی گرتۆتە ئەستۆی دەربارەی ئەم تیپە وتی :

× لە ئەنجامی هیلاکی بەردەوام بۆ جاری سێیەم تیپی منالانی هەولێر لە هەموو وڵاتدا توانی ئەو پارچە مۆسیقاو گۆرانیانەی کە تیپی خنجیلانەی منالانی هەولێر پێش کەشیان کرد بریتی بوون لە مۆسیقای « دوین » و سرودی « ئیمە کوردین » و گۆرانی « لە بەر نازی چاو بازان » و مەقامو گۆرانی « کوێستانان » بوون لە ئامادەو دابەش کردنی وایە لە هەفتەیەکدا تەنها رۆژێك دەوام بکەن بەڵام ئەوە بە ئەنجامی هیلاکی دەبێتە بەڵگەی قسەکەمان .

نمونەکەشمان برای فێرخوازمان کاك کریم قادر رەسوڵە کە خاوەنی شەش سەر خێزانەو جاران نشستەجێی گوندی (سێرێی بابەشێخ) بوەو ئێستا لە قوتابخانەی سیوەیلی گەلی یەکێکە لەو فێرخوازانە کە تا ئێستا وەك لە مامۆستاکانیانمان بیست تەنها رۆژێك لە خوێندن دوا نەکەوتوە .

هەڵبژاردە بۆمنداڵان

تەمبەڵ

چیرۆکی : زەکەریا تامر

گۆڕینی : جەمال نوری

پێیان ووت ئێمە تۆمان خۆش ناوێت !

× مەها بەسەر سووڕمانەوە گوتی : بۆچی !

ـ چۆلەکەکان ووتیان تۆ کچێکی تەمبەڵی و لە قوتابخانەت دووا کەوتی »

× مەها پێکەنیو .. گوتی!

ـ کە خۆر هەڵهات . . سێ چۆلەکە پێکەوە فڕینو لە سەر شیشی پەنجەرەی ماڵێك نیشتنەوە .. ڕوانیانە ناو ژوورەکە بینیان مەهای کچە بچکۆلە لە سەر پێخەفەکەی خەوتووە .

ـ چۆلەکەی یەکەم بەسەر سووڕمانەوە قیژاندی (تا ئێستاش هەر نووستووەو کانی چوونە قوتابخانەشێتی .

ـ دووەم گوتی : پێویستە خەبەری کەینەوە تا لە قوتابخانەی دوا نەکەوێت .

ـ سێیەم ووتی : پێویستە کۆشش بۆ هەڵسانی بکەین .

بۆیە پێکەوە جوانترین گۆرانیان گوت .. بەڵام مەهای کچکە لە خەو هەر هەڵنەسا !

چۆلەکەکان تووڕە بوون ، هاواریان کرد ..

ـ « ئەم کچە تەمبەڵەمان خۆش ناوێت » لەو کاتەدا مەها بەخەبەر هات چۆلەکەکان ئەمڕۆ هەینیەو ڕۆژی پشوومەو ناچم بۆ قوتابخانە!

ـ چۆلەکەکان تەریق بوونەوەو بە سەر سووڕمانەوە ڕووانیانە یەکترو لە بەر ئەوەی کە بەهەڵەدا چووبوون بڕیاریاندا جوانترین گۆرانی بۆ مەها بڵێن .

« شیعر بۆمنداڵان »

دڵی خاوێن

سەیری ئەم شێوە جوانەم
قووتابی قوتابخانەم
دڵو نیازم پاکە
لە ئاستو ڕووی ئەم خاکە
من منالی ئەم خاکەم

فیدای ئەم خۆلە پاکەم
هەتا ماوم لە ژینا
لە خەندەو لە گرینا
یادی وا ا هەڵمایە
دەرناچێ لە هیچ لایە

فیدات بم ئەی نیشتمان
خاکی باوو باپیران

(محەمەد کەساس)

هەرچارەی نووسینێك

محمود زامدار

؟

هەندێ برای نووسەر هەن ، بە هیچ کلۆجێ بە هیچ شتێ رازی نین و لەهەمو شتێکا داوای (کمال) ئەکەنو وەك بیانەوێ لە هەمو شتێکا خەڵك هەر (سوپەرمەن) بن .. ! هەندێکی تر هەن ـ لە بەر نەشارەزایی ـ خۆیان لە دنیای پڕ لە هونەرو ژانو جوانیو بەرەژانی نووسین ، لە باتی ئەوەی گلەیی لە خۆیان بکەن ، یەکسەر گلەیی لە خەڵکی تر ئەکەنو جارناجار گوناهباریشی ئەکەن ..!

هەندێکی تر هەن بە دڵێکی فراوان ، مەسەلەکان شیی ئەکەنەوەو بە وردی تێی ڕائەمێنن .. ! هەندێ هەن زۆر بە پەلەن ـ بە قەڵەمو بەزمان ـ قسوری لە هەڵخستنی هیچ شتێکی نارەوا ناکەنو دەستیانلە سەر پەلەپیتکەی تفەنگەو لە بۆسەدان .. ! هەندێکیش هەن شت ئەزانەو بە دەستی ئانقەست خۆیانی لێ گێل ئەکەنو زور حەزیان لە بەزمنامەوەو مقۆمقۆ پەیا کردنەو هیچیتر .

ئەم قسانەیشم هەر بۆ ئەوەیە : کە بە هەقو ناهەق ، لێرەولەوێ ـ زۆرجار ـ دەنگو هاواز بەرزە بێتەوەو ئەڵێن : « وتارەکەمان پڕی غەڵەتە » یا هەمووی « شێواوە » یا .. یا .. !! ئەمەو لەکاتیکدا مەسەلەی «غەڵەت!» لە بارودۆخی چاپو چاپەمەنی کوردیدا ، شتێکی زۆر ئاسایی یەو ئەوەی لە بێو ئاتونەکەیا نەژێت ، نازانێ چ باسە ..!؟ ئەوەی دوریشە ئەوا « ئاگر» سوورە لە خۆم دورە ..!» و چش .. !

بۆیەو لەبەر ئەوەی تا ئێستا ـ لەلایەك ـ کادیری باشو لێهاتوومان زۆر کەمو دەگمەنە ، ئەخوازەڵلا کادیری کرێکارو « کرێکاری لاینۆ » کە سەر لە بەریان کورد نبنو چێژ لە جیهانی ئەم زمانەی ئێمە وەر ناکرن . گەر کوردیش بن ئەوا کوردیەکە نازانن ..! لە لایەکی ترەوە ، تا رۆژی ئەمڕۆ گەلێ گیروگرفتی نووسینو رێنووسی کوردی هەیەو هەروا ماوەتەوەو بە وردیو بە چاوێکی زانستانە چارەساز نەکراوەو بە قەد نووسەرانی کورد رێنووسی کوردیمان هەیەو (زەوق) و (زەوقبازی) دەورێکی زل لەم مەسەلەیەدا ئەنوێنێ .. !! بۆیەکە ، پەتای ئەم دەردی (غەڵەت) و (غەڵەتی مطبعە) یە ، تا ماوەیەکی زۆریش هەر بەردەوام ئەبێت ـ گەر تەشەنەشی

بڕوانە ل : ۷

Institut Kurde de Paris